# کورتەییێک لە مێژووی ئۆلەکانی جیهان

دوکتۆر گوڵموراد مورادی

# کورتەییێک لە مێژووی ئۆلەکانی جیهان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
ناسر ڕەزازی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دوکتۆر گوڵمورادی
کورتەیێک لە مێژووی ئۆلەکانی جیهان
وەرگێڕان لە فارسییەوە: ناسر ڕەزازی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٤
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٤٣ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەبژێری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری

# پێڕست


پێشەکی ........ 7

ئۆلگەلی بڕوا بە هەبوو تا هەرمان و بەهەشت و دۆزەخ ........ 15

بەشی یەکەم: یەهوودی ........ 19

بەشی دووەم: زەردەشتی ........ 37

بەشی سێیەم: مەسیحییەت ........ 55

بەشی چوارەم: ئیسلام ........ 69

ئۆلگەلی بڕوا بە ژیانی لەگەڕدابوون یان بڕوا بە مرۆڤیەزدانی ........ 87

بەشی پێنجەم: بەرهەمایی "هندووئیزم" و بوودائیزم ........ 89

بەشی شەشەم: پێشەکییەک بۆ ئۆلەکانی دۆنادۆن لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست ........ 99

# پێشەکی

وەک دیارە ئەرکی پێشەکی نووسینێکی ئاکادیمیک ئەوەیە کە کەمۆکەیەک لە ناوەڕۆکی ئەم کۆپەڕە و هۆی نووسین و ڕێنوێنییەکانی بۆ خوێنەر روون بکاتەوە کە بۆچی خوێندنەوەی بایەخی هەیە، لە کۆتاییشدا سوپاس و پێزانین لە هاندەران و ئەو کاربەدەستانەی کە پاڵپشتی راستکردنەوە بوون بۆ نووسەرەکەی. لێرەدا تێ کۆشراوە، تا ئەو جێگەیەی کە دەسەیاو هەیە، ئەم خاڵانە لە بەرچاو بگیردرێن، واتە ئەو پرسگرێکانەی کە پێوەندیدارن بە سەرهەڵدان و رەوت و رۆی ئەم (ئۆل)انەوە. بەپێچەوانەوە ئەمڕۆ زۆربەی رەدووکەوتووەکان، ناڕاستەوخۆ ئۆلەکان بێ ئاگا لە زانین و زانست و بێ خەبەر لە رەوتی گەشەکردنی جیهان دەزانن، کەچی لە چاخی دێریندا، لە سەردەم و جێگەی دیاریکراودا، سەرهەڵدانی ئۆلەکان و رووتێکردن لە ئۆلیان بەجۆرێک لە شارستانیبوون و پشکووتن و پێشکەوتنی مرۆڤ زانیوە. لە ڕاستیدا سەرپاکی دامەزرێنەرانی ئۆلەکان لە نێوان رووناکبیران و بلیمەتەکانی سەردەمی خۆیاندا راساون و سەریان هەڵداوە و زۆربەی پەیامهێنەرەکان لە چینی ناوەڕاست و خوارەوەی کۆمەڵگەوە هاتوون. هەر لەبەر ئەمە، هەموویان لە پرۆگرامەکانی خۆیاندا، لە مافی خەڵک پەرچەیان کردووە و دژی نابەرابەری راپەڕیون.

مووسا، پەیامهێنی جوولەکەکان، سەرەتا تێ کۆشا قەومی یەهوود لە بندەستی و کاری زۆرەملێ و ئۆقرەپڕووکێنی میسری فیرعەون– رزگار بکات. نابەرابەری لە کۆمەڵگەی هند و دەوروبەریدا وای کرد کە بوودا وەڕس ببێ و، واز لە ژیانی خۆش و بەرزو تەرز بێنێ. عیسا لە دژی سووخواردن و فێڵ و تەڵەکەی بازاڕییەکانی یەهوود راپەڕی و، تەخت و بەختیانی سەرەوبن کرد.

محەمەد عەرەبە نەزانەکانی ئەو سەردەمەی لە زیندەبەچاڵکردنی کیژانی خۆیان ترۆ کرد و بەڵێنی ژیانێکی باشتری بە رەدووکەوتەکانی تاکپەرستی و خوای خۆی دا.

هەموو ئۆلەکان یاسا و رێسای کردار و رەوشتی مرۆڤانەیان لە سەردەمی خۆیاندا سەقامگیر کرد. بەم جۆرە ئۆل لە نێوان مرۆڤەکانی سەرەتا، کە بەسرابوونەوە بە بنەمای ئۆلەوە، جێگەیان ئاوەڵا کرد و تا برگەییەکی (مقطع) تایبەت لە سەردەم، ئۆل سەرچاوەی خزمەتێکی بەرچاو بووە بە مرۆڤایەتی. ئەگەر ئەمرۆ ئۆل تاڕادەیێک لە خزمەتی زۆرداران و دەسەڵاتداراندایە، ئەوە شتێکی دیکەیە و لێرەدا جێگەی باسکردن نییە. بەم چەشنە هێشتا برێک لە ئۆلەکان لە جیهاندا تێ دەکۆشن ببن بە سەرچاوەی کارگەلی باش و بەکەڵک بۆ کۆمەڵگە دووستەکەی خۆیان.

ئێستا رەنگە پرس بکرێ کە ئاگاداربوون لەم بابەتانە چ چاکەیێکی هەیە بۆ مرۆڤەکان و تەنانەت بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش؟ بە دیتنی منی نووسەری ئەم کۆپەڕە، تێگەیشتن لە هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی باش و بەکەڵکە. بەتایبەت کاتێ کە بابەتەکە راستەوخۆ لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان و پێشینانیدا لە پێوەندیدا بێ. لە راستیدا زانیاری لە چارەنووس و ژیانی خۆش و ناخۆشی پێشینانی کۆمەڵگەلی جۆراوجۆر، بەو ئەندازەیە گرینگ و پێویستە، کە برسی پێویستی بە نانە و تینووش بە ئاو. چونکە مرۆڤی هۆگر بە ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبێ لە چاک و خەراپی رۆژگار ئاگادار بێ دەنا، لە کەمین و بۆسەی ژیاندا دادەمێننی، هەر بەوچەشنەی کە باوباپیرانی ئێمە تێیدا مانەوە و دەسەیاوی ئەوەیان نەبوو شوێنەمێنگە و رابردووی خۆیان بناسن، بێجگە لە پێداهەڵگوتنی دەمبەدەم و سینەبەسینە نەبێ، چونکە هەر لە جێدا مانەوە و لە کاروان بەجێ مان. بۆیە لە ئاکامدا بێ ئەوەی کە بیانەوێ، شوێنەواری رووخێنەری دیکتاتۆرییان بە میرات بۆ بەجێ هێشتین.

لەراستیدا ئەگەر ئێمە لە فەرهەنگ و دێریک و برواکانی پێشینانی خۆمان ئاگادار نەبین و رەواڵی ژیانیان تەنیا بە دابوکردار درێژە پێ بدەین، واتە

سەرچاوە بۆ ئێمە هەر كۆراندنەوە و پێداهەڵدانی سەرزاران بێ، لە ژیان سەر دەرناهێنین و ئەگەر تێگەیشتنێكی باشمان لە ژیان نەبێ، هیچ بەهرەیێكی لێ نابەین، بۆیە پێشینان دەڵێن:

وتەی باش بەكەڵكە ئەگەر بیژنەوی
بە رێبـــــازە رێگای بڵند و نەوی

ئەگەر گوێ بۆ واتە و وتەی باش رانەگرین، ناتوانین كەڵكی لێ وەربگرین و بەو ئامانجەی كە دەمانەوێ ناگەین. كەوابوو فێربوونی هەر شتێك كە بەسراوەتەوە بە فەرهەنگ و دێریك و ژیانی مرۆڤەكان، نەتەنیا بەكەڵكە، بگرە بەرەو رێگەی راست و دروستتری ژیان رێنوێنیمان دەكا و ناسینێكی زۆرترمان دەخاتە بەردەم، ناسینی مێژوو (دێریك)، ناسینی ئۆل و ئۆلزاكان و ناسینی شێوەی ژیانی پێشینان، بڕوامان بە تێكۆشان بۆ ژیانێكی باشتر و ژیانێكی بێ ئازارتر بەهێز دەكا.

ئەم كورتە نووسینەی دێریكی ئۆلەكان كە لەبەردەست تۆدایە، ئاواتی لەمێژینەی من بوو كە رۆژێ دەرفەت ببێ و دەسەیاو هەبێ، ئەو ئاواتە وەدی بێ و ئەم بەڵگە و شانیكانە (سند و مدرك) بە شێوەیێك بنووسمەوە كە بۆ هەمووان بەكەڵك بێ. واتە لە نێوان لاوان و خوێندكارانی قوتابخانە و زانكۆدا، پلەیێك وەدەست بێنێ و لەژێر ناونیشانی (زانیاریی گشتگری مێژوویی) كە لە كۆپەڕخانەی بنەماڵەكاندا جێ بگرێ و كارتێكەرییەكی وای هەبێت كە كەڵكی لێ وەربگرن. ئەم ئاواتە خۆی هاندەر بوو بۆ نووسینەوەی ئەم كۆپەڕە، دیارە هاندەرێكی دیكەش هەبوو، ئەویش دەست لەسەردانان و دنەدانی بەڕێز وەزیری رۆشنبیریی هەرێمی كوردستانی فیدراڵ، (كاك فەلەكەدین كاكەیی) بوو، بۆ نووسینی ئەم كۆپەڕە، كە منی ناراستەوخۆ هان دا تا ئەم ئەركە لە ئەستۆ بگرم.

لەم سەفەرەی دواییمدا بۆ پارچەیێك لە نیشتمانەكەم، كوردستان، مانگی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٧، بە بانگهێشتنی وەزارەتی رۆشنبیری چووبوومە ئەوێ و بە پێی بەرنامە لەگەڵ وەزیری بەڕێز، كاك فەلەكەدین كاكەیی شانازیی ئەوەم

پێ بڕا کە بڕۆم بۆ سەر گڵکۆی نەمر ژەنەڕاڵ بارزانی، لەوێ لەسەر (کۆپەڕێکی مێژوویی ئۆل)، بۆ وانەگوتنەوە، کە لاوەکانمان زانیاری لێی وەربگرن، پێکەوە دواین.

کاک فەلەکەدین لە پلەی وەزیرێکی بەرپرسدا، پێشنیازی کرد کە ئەگەر لاوانی خوێندکاری (بەتایبەت لە قۆناغی دواناوەندی)دا، زانیارییەکی گشتییان لە مێژووی ئۆلەکان هەبێ، زۆر بەکەڵکە، نە تەنیا لە ئۆلێک، ئەویش تەنیا لە ئۆلی بنەماڵەکەی خۆی، بەڵکو لە هەموو ئۆلەکان کە بەشگەلێکن لە فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، منیش ئەم پێشنیازەم زۆر بەجێ و دروست زانی و، ئەم خاڵەم بۆ کۆمەڵگەی ئازادکراو و تازەپێگرتووی کوردستانی فیدراڵ، بە پێویست هاتە بەرچاو. باسکردنی بابەتەکە، منی خستەوە بیر ئاواتە دێرینەکەم. لە دیمانەی دواتری مانگی ژووەنی ٢٠٠٨، کە لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆرڤێژ رووی دا، بە کاک فەلەکەدینم گوت: من سێ بەش لە کۆپەڕە تازەکەم، لەژێر ناونیشانی: کورتە دێریکێک لە (ئۆلی یارسان)، بۆ بەڕێ کردووی، کاک فەلەکەدین وێڕای سوپاس، گوتی: هەر کە بگەمەوە کوردستان چاویان لێ دەکەم و لە هەمان کاتیشدا، پێشنیازەکەی ساڵی پاری دووپات کردەوە. من بەم جۆرە تێ گەیشتم کە ئەگەر کۆپەڕی (کورتە مێژووی هەموو ئۆلەکان)، بەزوویی بنووسرێنەوە، شتێکی بەکەڵکە. (بۆ گێڕانەوەی ئەم وتەگەلە، پشتم بە یاداشتەکانی خۆم بەستووە، بە واژەگەلێکی پاش و پێشەوە). لەو پاودانەدا دووپاتکردنەوەی پێشنیازەکەی کاک فەلەکەدین کاکەیی، بوو بە هۆی ئەوە کە بابەتەکە لەلام پڕبایەختر بێ و بە بڕواوە دەست بە نووسینی بکەم. بێجگە لەمە پێویستە بڵێم یەکەم: زانین لە ناوەڕۆکی ئەم کۆپەڕە بۆ هەموو لاوانی قوتابی و خوێندکار، بەرلە پێکهێنانی خانەوادە و چوونە ناو ژیانی کۆمەڵایەتەوە پێویستە و، دەبێ تۆزێک زانیاری لە شێوەی ژیانی پێشینانی خۆیانی تێیدا وەدەست بێنن، دووهەم: ئەم کۆپەڕە، بۆ دایک و باوکانێک کە هۆگری داهاتوو و چارەنووسی منداڵەکانیانن بەکەڵکە، بۆ ئەوەی بتوانن بە هەندێک لەو پرسانەی کە لەلایەن رۆڵەکانیانەوە دێنە گۆڕ، وەڵامی

ژیربێژانە بدەنەوە. هەروەها ئەم کۆپەڕە نەتەنیا بۆ خوێندکاران و قوتابییانی لاو، بگرە بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵە نووسراوەتەوە و، دەتوانێ بۆ هەمووان بەکەڵک و بەکار بێت؛ چونکە بەداخەوە لە کوندا، لە زۆربەی شوێنەوارە مێژوویییەکان، کەمترین لاپەڕە لەمەڕ ئەم پرسگرێکانە دەس دەکەوێ کە بەکەڵک بێت، ئەم بابەتانە زۆرتر لە تاریکخانەی دێریکدا بەجێ ماون و زانیاریەکی ئەوتۆیان تێدا نییە کە جێگەی کەڵکوەرگرتن بن.

ئێستا بچینەوە سەر کۆپەڕەکە خۆی، لە بنەمادا مێژووی راستەقینەی ولاتێک، نەتەنیا شیکردنەوەی شەڕەکان و لەشکرکردنە سەر پاشاکان و ملهوڕانی دەسەلاتدار و شرۆڤەی سەرکەوتنەکان و بەزینەکانیان بووە، بەڵکو شیکردنەوەی سەربگرد و ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیی مرۆڤە سازێنەر و داهێنەرەکانی ئەم مێژووەشە. بە گوتەی (دوکتۆر زەڕین کووب)، دێریکناسی ئێرانی، لە پێشەکیی مێژووی ئێرانی دوای ئیسلامدا، لەم بارە و لە پێوەندی لەگەڵ ئەرکی مێژوونەخشێنی خۆیاندا، گوتوویەتی: مێژووی راستەقینە، سەربەهووردەی ژیانی مرۆڤەکانە. سەربەهووردەی ژیانی ئەو مرۆڤگەلەیە کە بۆی ژیاون و لە پێناویشیدا مردوون. مێژوونووسانی ئەمرۆ زیندووکەرەوەی سەدەکانی رابردوون و داواشمان لێیان ئەوەیە کە دەستی خوێنەرەکانیان بگرن و لە کوڵان و بازێڕەکانی جیهانی لەبیرکراوەی رابردوودا بیانگێڕن و هەموو شتێکی جاری جارانیان بهێننەوە پێش چاوان و، رەوان و گیانی وەبەر بێننەوە. (گێڕانەوە لە هەمان کۆپەڕ، لاپەڕەکانی پێنج و شەشی پێشەکی).

لێرەشدا چونکە مێژووی ئۆلەکانیش خۆی بەشێکە لە مێژوو و فەرهەنگی گەلانی هەر سەر زەوینێک، کەوابوو ناسینێکی کورت لە سەرهەڵدان و رێبازی هەموو ئۆلە جیهانی و قورنەیی و ناوچەیییەکانیش، پێداویستیەکی مێژوویییە و، هەموو مرۆڤەکان نەخوازەلا بەرەی گەنج و لاو، دەبێ وەرگرتن و فێربوونی لە هەمان سەردەمی قوتابخانەوە بە پێویست بزانن. چونکە زانین بەشێوەی کلاسیک لە مێژووی ژیانی پێشینان بەگشتی و بیروبڕوای داوباپیرانی خۆیان

بەتایبەت، چرای ڕێنوێنیەک دەبێ بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئێستا و بەرنامە داڕشتنی راستودروست بۆ راسوڕێشکردنی لە داهاتوودا، واتە باشترکردنی باری ژیانی هەموو مرۆڤەکان.

لێرەدا ئێمە کورتە مێژووی ئۆلەکان، بە سەر دوو بەشی بنەڕەتیدا دابەش دەکەین، بەشی یەکەم: کورتەیێک لە مێژووی ئۆلگەلی بڕوا بە ژیانی هەبوو تا هەرمان، یان بڕوا بە بەهەشت و دۆزەخ و کۆتاییی جیهان، کە بە زمانی ئەوروپایی (سیرکل ڤیوو ئاف لایف circle views of life )ی پێ دەگوترێ، وەکو زەردەشتی و یەهوودی و مەسیحی و موسڵمان و لەگوێن ئەمانە:

بەشی دووەم: کورتەیێک لە مێژووی ئۆلگەلی بڕوا بە ژیانی سەردەمی یان مرۆڤخوای، لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ، کە بە زمانی ئورووپایی (لینیار ڤیوو ئاف لایف Linear views of life )ی پێ دەگوترێ، وەکو بوودایی و زروانی و هیدیکە.

لەم دوو بەشەدا تێ دەکۆشین، ناسینێکی گشتی لە سەرهەڵدان و مێژووی ئۆلەکان بە دەستەوە بدەین. ئۆلی سەرەتایی و بەنێوبانگ لە جیهاندا بۆ هەموو ناسراوە، ئەویش ئۆلە کە زۆربەی مرۆڤەکانی ئەم خاکە گلۆڤەرەی بۆ لای خۆی راکێشاوە، هەر دوو بەشەکەش کە پێنج ئۆلە، بریتین لە: ئۆلەکانی یەهوودی و زەردەشتی و بوودایی و مەسیحی و ئیسلام. بەڵام لە درێژەی مێژوودا تا بەرلە بیر و هزر لەمەڕ ڕێکخراوەی سیاسی و دامەزراوەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، چەند سەد ڕێباز و ئۆلی دیکە، خولقاون کە زۆربەی ئەوانە لە پێنج ئۆلەکەی سەرەتا کەوتوونەتەوە، وەکو بزووتنەوەی ئەحمەدییە لە ئیسلامی خێڵی سوننەت لە پاکستان و بزووتنەوەی لادێیی یان ئۆلی باو، لە ئیسلامی شیعە لە ئێران. لەگەڵ بڕێکیش ڕێباز و باوەڕی دیکەی وەکو ئیزەدی و یارسان و هیدیکە کە جێگەی قبوولکردن (پەژراندن)ی خەڵکێکی زۆرن، وەدی هاتوون. ئێمە لە نێوانیاندا بەنێوبانگترینیان لەگەڵ شرۆڤەی کورتەمێژووی پێنج ئۆلەکەی سەرەتا، کە بۆ هەمووان گەرەک و پێویستە لێک دەدەینەوە و، دەیخەینە بەرچاوان. لێرەدا نەگوتراو نەهێڵینەوە، هەندێک لەو

ئۆلگەلەی کە نێومان هێنان، ئیزەدی و یارسان، کە جیا لە پێنج ئۆلە بنەڕەتییەکەی دیکەن، لە سەرەتای دەرکەوتنی جیهانەوە تا ئێستا هەبوونە. ئێمە شیکردنەوەی ئەم دیتنە کە راسەڵ (واقعیت)ێکیشی تێدا خەوتووە، هەروەها روونکردنەوە لەمەڕ ئۆلەکان واز لێ دێنین بۆ ئۆلناسان و ئەو کەسانەی کە پسپۆڕی ئەم بوارەن.

لە کۆتاییی ئەم پێشگوتەیەدا دەمەوێ لە وەزیری پێشووی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، کاک فەلەکەدین کاکەیی پڕ بەدڵ سوپاس بکەم بۆ وەبیرهێنانەوەی بیرۆکەی نووسینی ئەم کۆپەڕەی (مێژووی ئۆلەکان)، هەروەها دەمەوێ سوپاسی یەکێ لە رۆڵە بیرمەندەکانم بکەم کە ئامادە نەبوو نێوی بهێنم، چونکە هەرچەند بەڕێزیان لەگەڵ برێک لە نووسین و شێوەی دارشتنی بەشی یارسانەکاندا نەبوو، بەڵام بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵە راستکردنەوەی هەندێ لە رستەکانی لە ئەستۆ گرت و هەندێ پرسگرێکی گرنگی وەبیر هێنامەوە و ویراستاریی کرد.

هەروەها سوپاس بۆ رۆڵەی کوردی تێکۆشەر و هۆنراوە دانەرم کاک سیامەک نەجەفی کە نێوەکانی بە ئەلفوبێ ریزبەند کرد و نەخشی سەر کۆپەڕە فارسییەکەی هەڵبژارد و چاپ و بڵاوی کردەوە. لە کۆتاییشدا سوپاس و پێزانین بۆ وەرگێڕی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی ئەم کۆپەڕە کە بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی، بوو بە هۆی ئەوە رۆڵەی کورد لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە بێبەش نەبێ.

# ئۆلگەلی بڕوا بە هەبوو تا هەرمان و بەهەشت و دۆزەخ

ئەم ئۆلگەلە، بە هەمـوو ئەو ئـۆلانە دەگـوترێ کـە بـڕوایان وایە هێـزێکـی نەمـر و هەتاهەتـایی لە ڕۆژی یەکەمـەوە ئەم خـاکە گلـۆڤـەرەی ئافـراندووە و مـرۆڤی لە خـاک وەدی هێناوە و لـە ڕۆژی پەسـلانیـشـدا هەر ئەم هـێـزە نـەمـرە هـەمـوو مردووان و زیندووان بۆ پای مێزی داد رادەدا و ئاکامی کردەوەی هەمـووانیان بە تاکـەتاکـەیان دەداتەوە. واتە کـۆمـەڵێکیـان بۆ بەهەشت دەنێـرێ و ژیانی نەمرانەیان پـێ دەدا و کۆمـەڵێکی دیکەشـیـان کـە نـافـەرمـان بوونە و دادی ئەم هێزە نەمرەیان لەبەرچاو نەگرتووە، بۆ دۆزەخ بەڕێ دەکا و تا هـەرمـان (ابد)، تووشی ئـازار و کێـشـەیان دەکا. جـێگەی وەبیـرهێنانـەوەیە کـە لانی کـەم لە هەمـوو ئۆلەکـاندا بڕوا بەمـەیە: هێـزێکی نەمـر و هەرمـاو خـولقـێنەری ئەم (هەبوون)ەی ئەمـرۆیە. بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی خوابڕوایان لە هەبوو (ازل)، تا هەرماو (ابد)، ئێمە هەمـوومان بەسـتووەتەوە بەم ئۆلگەلەوە. هەر بەو چەشنەی کە لە ریزبەندی پێشـەکییـەکەدا ئامـاژەمان پـێ کرد، ئۆلگەلی بڕوا بە هەبوو تا هەرمــاو، بەپێـی دەرکــەوتنیــان بە ڕیز بریتـین لـە: یەهـوودی، زەردەشـــتی، مەسـیحی و ئیسـلام، کە تێ دەکۆشم بە ڕیز، هـەروەها کورت و پوخت، چاوێک بە دێریک و ئۆلـەکـەیاندا بخـشـێنین، جـێگەی گوتنە کە لێرەدا مـەبەسـتم ئەوە نیـیــە، لایەنگری بکـەم یان رەخنە بگرم، بـەڵکو تـەنیـا زانیــاریی گـشــتی و مێژووییە، لەگەڵ برێک خاڵی ئادار و نادار لەمەڕ ئەم ئۆلگەلە و قوتار.

بەشی یەکەم

# یەهوودی

ئۆلی یەهوود (جوولەکە)، لە راستیدا لە چوار ئۆلە دێرینەکەی دیکەی جیهان، زردەشتیی، بوودایی، مەسیحی و ئیسلام رەدووی کەمترە، بەڵام پڕ ئاوازەترە لە هەموو ئۆلەکانی دیکە. ئەم بابەتەش خۆی دەتوانێ خاوەنی چەندین بەڵگە بێ، یەکەم ئەوەی کە: یەهوودی (جوولەکە)کان، لە دامەزرێنەرانی ئۆلەکانی سامی و ئیبراهیمین، کە هەربەم شێوەیەش دێرینترینی ئەمانەن و لە تەورات کۆپەڕی پیرۆزی یەهوودییەکاندا هاتووە: کە رەدووکەوتەکانی ئۆلی مووسا، واتە ئیسرایلییەکان بە (قەومی هەڵکەوتوو)ی خوا دێنە ئەژمار. لە تەوراتیشدا واژەی تیرەی (بەنی ئیسراییل)، زۆر دەکار کراوە و، جوولەکەکان بە گوتەی (بەهمەن ئارمیتی)، کە لە کۆپەڕی (ئۆل لە بگارەی رۆژگار)ەوە، نووسیویەتی، خۆیان بە کەنعانی یا ئیسراییلی نێو دەبەن.

ئێرانییەکانیش بوون کە نێوی یەهوودیان بە سەر جوولەکەکاندا بڕی. سەیری هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١٦، ستۆکهۆڵم ١٩٩٧ بکەن دووەم ئەوەی کە: بە هۆی شەڕ لە نێوان ئۆلەکان و نەتەوەکان، ئەم تیرەی ئیسراییلییانە لە نیشتمانی خۆیان هەڵکەندراون و سەدان ساڵ لە قوڕنەکان و سەرزەوینەکانی جیهاندا سەرگەردان بوونە.

سێیەم ئەوەی کە: بە دەرکەوتنی عیسای مەسێح، پەرەپێدانی یاساو رێسا و فەرمان و هەڤۆتنەکانی ئۆلی مەسیحی، ئۆلی جوولەکە بەیەکجاری نەدرایە دوواوە، بەڵکو تەورات یا سەردەمی دێرین، وەکو بەشێک لە کۆپەڕی پیرۆزی مەسیحییەکان پەژرێندرا و ئەم نەریتە بە هاتنی ئۆلی ئیسلام و نووسینی

یاساکانی قورعانیش تا رادەیێک مایەوە. هەروەها پەیامهێنی ئیسلام ئەو ئۆلانەی کە کۆپەڕی ئاسمانییان هەبوو، بە رەسمی ناسین. هەرچەند جوولەکەکان نەبوون بە موسڵمان، بەڵام لەگەڵ رەدووکەوتەکانی ئەم ئۆلە، کێشەی زۆریان بۆ پەیدا بوو و ئۆلی مووسا وەکو ئۆلی رەسمی (وارەیی) توانیی بمێنێتەوە.

چوارەم ئەوەی کە: راوەدوونان و لەناوبردنی بەملیون جوولەکە لەلایەن نازییەکان و (رایشی سێیەم)ەوە ئەڵمان، ئەوەندەی دیکە نێویان لە جیهاندا بڵاو بووەوە و هاتنە گۆڕ و لەناوەندی قورساییی ئۆلە جیهانییەکاندا جێگەیان گرت. بێجگە لەم هۆکارانەش کە ئەوەندەی دیکە جوولەکەکانی بەنێوبانگ کرد، کاریگەریی حاشاهەڵنەگری نووسینەکانی ناو تەوراتیش بە سەر ئۆلەکانی دیکەوە نەخشێکی گرینگی هەبوو. بۆ میناک چیرۆکی خولقان و سەرهەڵدانی جیهانیش هەم لە مەسیحییەتدا و هەمیش لە ئیسلام، لە کۆپەڕی تەورات وەرگیراوە. واتە لە راستیدا ئەم سێ ئۆلەی یەهوود و مەسیح و ئیسلام و هەروەها زەردەشتیش، کە چوار ئۆلی دێرینن، لە ئۆلەکانی بڕوا بە خوای تاک و تەنیان و، بڕوایان بە ژیانی هەبووە تا هەرماو.

بابەتی سەرەکیی ئێمە لەم بەشەدا، مێژووی یەهوودییەتە و تیرەی بناغەدانەریەتی واتە بەنی ئیسراییل، کە لێرەدا مێژووی سۆلانی یەهوود و ئۆلی مووسا دەتوانین بکەین بە چوار قۆناخی دیاریکراو.

قۆناخی یەکەم سەردەمی بەر لە سەرهەڵدانی ئۆلی مووسا، کە لە سەردەمی دێرینەوە تا دەرچوون لە میسری فیرعەونی لەخۆ دەگرێ. بۆ روونکردنەوەی تەڤکۆی ئەم سەردەمە، دەبێ چاو لە مێژووی میسری فیرعەونی و تیرەی بەنی ئیسراییل بکرێ.

قۆناخی دووەم: سەردەمی سەرهەڵدانی ئۆلی جوولەکەیە لەلایەن مووسا و پاشاکانی یەهوودەوە، کە هاوکات نەخشی پەیامهێن و جێنشینی مووسایان دەگێڕا. ئەم سەردەمە تا کۆتاییی یەخسیربوونی یەهوودییەکان لە بابل درێژەی هەبووە. بۆ شیکردنەوەی زۆرتر لەمەڕ ئەم سەردەمە و زانیاریی زۆرتر

لە ئۆلی یەهوود، سەیری تەورات بکە. قۆناخی سێیەم: راوەدوونانی یەهوودییەکانە لە نیشتمانی خۆیان و بڵاوبوونەوەیان لە سەرانسەری جیهان. لەم سەردەمەدا خەڵکێکی زۆر کەم لە رەدووکەوتەکانی ئۆلی یەهوود، دەسەیاوی ئەوەیان هەبوو کە لە رۆژهەڵاتی نزیکدا بمێننەوە.

قۆناخی چوارەم: دەرکەوتنی وڵاتی ئیسراییلە و گەڕانەوەی دیسانەوەی جوولەکەکان بۆ سەرزەوینی سەرزمین پەسلان (موعود)، بە دەستەواژەی خۆیان (نیشتمانی سۆلانی بەنی ئیسراییل).

پێشتر ئاماژەم پێ کرد کە نەتەوەی بەنی ئیسراییل، سامی بوون و، یەکەم پەیامهێنیان ئیبراهیم بوو، کە ئەم پەیامهێنە جێگەی پەژراندنی مەسیحییەکان و موسڵمانەکانیشە. دوای ئەو یەکێک لە کوڕەکانی بە نێوی ئیسحاق، پاشان یاقووب و لووت، دوای ئەمانەش مووسا، کە لەگەڵ پەروەردگار قسەی کردووە، بناغەداڕێژەرانی ئۆلی بەنی ئیسراییلین.

## مووسا و ئۆلی جوولەکە

ئەگەر زیادەڕۆییەکانی زەردەشتییەکان لە بەرچاو نەگرین، بەو جۆرەی کە گێڕانەوەکانی تەورات و چیرۆکی رەدووکەوتەکانی مووسا دەری دەخەن، ئۆلی جوولەکە دێرینترین ئۆلە لەناو ئۆلەکانی جیهاندا و ئەم ئۆلە تەرخانی تیرەی بەنی ئیسراییلە کە دێریکە رەسمی (وارەیی) و بنچینەییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ی بەر لە زاین. تیرەی ئیسراییل سەدەگەل لە ژێر گوشار و دەسەڵاتی فیرعەونەکان (پاشاکان)ی میسردا بوونە، لانیکەم ئەم زۆر و ستەمە کە لە تیرەی بەنی ئیسراییل کراوە، لە ١٥٠٠ ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح بەملاوە ئاشکرایە. چونکە بناغەدانەری بنەما و ئەرکان و هەڤۆتنەکانی ئۆلی جوولەکە، مووسای کوڕی عەمران بووە کە بەپێی ئەو زانیارییانەی لە فەرهەنگەکاندا بۆ نموونە: لە (بوکهاوسی ئاڵمانی بەرگی ٦، ل ٢١ و فەرهەنگی فارسیی دێهخودای ئێرانی) و دیتنەکانی زاناکانی ئەوروپاییدا هەیە، مووسا کوڕی عەمران، نزیک لە ساڵی ١٢٢٥ و لە برێ

سەرچاوەی دیکەدا، واتە (بەر لە ١٢٥٠)ی پێش زاین، چاوی بە رووی جیهاندا کراوەتەوە. لە روایەت (گێرانەوە)دا هاتووە: فیرعەونی میسر، شەوێک لە سالّی لەدایکبوونی مووسا، خەوی دیوە کە کۆرپەیێکی کور، لە تیرەی بەنی ئیسراییل هاتووەتە جیهان و تەختوبەختی پاشایەتیی ئەوی سەرەوبن کردووە. کەوابوو فیرعەون فەرمان دەدا، هەر کۆرپەیێکی نێر لە هەر بنەماڵەیێک لەم تیرەیە لەدایک دەبێ، دەسبەجێ بیکوژن. داک و بابی مووسا لە ترسی ئەوەی کە نەکا فەرمانبەرەکانی فیرعەون بزانن و کورەکەیان بکوژن، دەیخەنە ناو سەوەتە یان سندووقێکی سەربەسراوی زەفەرپێنەبراو و بە رووباری نیلی دەسپێرن. بەهەڵکەوت یەکێ لە کچەکانی فیرعەون یا بەگوتەی دیکە، ژنی فیرعەون لە لێواری رووباری نیل لەپیاسەدا بووە کە سەوەتە یان سندووقەکە سەرنجی رادەکێشێ، خانم فەرمان دەدا بۆی بەرن و بیکەنەوە، کە دوای ئەوەی چاوی پێ دەکەوێ، دەبینێ کۆرپەیێکی کوری تێدایە و سەری سوورِدەمێنێ لەم رووداوە. خانم سیلەی بەزەییی بۆ کورەکە دێتە جۆش و بە منداڵی خۆی دەیپەژرێنێ و نێوی دەنێ مووسا، واتە: لەئاودا رزگارکراو. بەپێی گوتەی رەدووکەوتەکانی یەهوود، مووسا مەمکی هیچ ژنێک ناگرێ تا ئەوەی کە رۆژێک دایکی خۆی وەکو دایان بانگ دەکەنە بارەگا، جا لەبەرئەوەی کە کۆرپەکە مەمکی ژنەکە دەگرێ و دەیمژێ، وەکو بەخێوکەری دای دەمەزرێنن، بەم شێوەیە دایکی مووسا شیری دەداتێ و بەخێوی دەکا. دوای ئەمە کۆرپەکە گەورە دەبێ و بە (مووسای کەلیمولّا) نێودێر دەکرێ، واتە: کەسێک کە لەگەڵ یەزداندا دواوە. مووسا دواتر تێ کۆشا کە تیرەی بەنی ئیسراییل لە بندەستیی فیرعەونەکانی میسر رزگار بکا. لە فەرهەنگی دێهخودا بەرگی ٤٦ ل ٧٩, سێ سەردەمی چل ساڵان، بە وەرگرتن لە تەورات، بۆ مووسا هێنراوەتەوە:

سووری یەکەم، ئەوکاتەی کە کچەکەی فیرعەون لە ئاوەکە دەیگرێتەوە و بۆ پەروەردەکردن و بارهێنانی، هەموو ئەو هۆزانوانانە رادەسپێرن کە لە بنەما و لۆری میسریدا دەگەرِ و لێزان بوونە.

سووڕی دووەم، لە تەمەنی چل ساڵاندا بووە کە دەگاتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و لە نێوان خەڵکدا بە کچەزای فیرعەون بەناوبانگ دەبێ. ئەگەر لەو کۆشک و سەرایەدا بمابایەوە، بێگومان بە بەرزترین پلەی ژیر و پێشکەوتن دەگەیشت. وەلێ بەو چەشنەی کە لە تەوراتدا هاتووە، خوای مەزن، بەهرەیێکی گەورە و بەختێکی بەرزی پێدا کە ببێ بە پێشەوای تیرەی ئیسراییل و ڕێشاندەر و دامەزرێنەر و داسەقامێنی ئەو ئۆلە.

سووڕی سێیەم، سەردەمی پەیامهێنەری ئەو بوو کە لەگەڵ براکەی، هاروون بۆ ڕێنوێنیی خەڵک دەستی بەتێکۆشان کرد. دەڵێن بۆ ماوەی چل ڕۆژ، لە کێوی توور، لە سینا، خەریکی ژارین و بەندەیی بوو و لەگەڵ خوای خۆی قسەی کرد. هەر لەبەر ئەمە لە هەندێ کۆپەڕی پیرۆزی ئۆلەکانی دیکەدا، ئەویان بە (کلیم الله) نێو بردووە و بە پێی زانیارییەکانی فەرهەنگی ئیلاهیاتی ئینتەرنێتی، لە (قورعانی مەجید)دا، ١٣٦ جار نێوی مووسای کەلیمولڵا هاتووە و دەڵێن ١٢٠ ساڵ تەمەنی کردووە. مووسای پەیامهێنی تیرەی یەهوود، بەرلەوەی کە کۆچی دوایی بکا، جارێکی دیکە، گشت بنچینە و یاسا و ڕێساکانی ئۆلی جوولەکەی بۆ تیرەی بەنی ئیسراییل هێناوەتەوە بەرکار.

مووسا هەر ئەوەی کە نەتەوەکەی خۆی لە بندەستی و یەخسیری ڕزگار کرد، ڕووی لە کەنعان یان سەرزەوینی ئەمڕۆ، فەلەستین کرد و، گوایە هەر لەو سفر (گەشت)ەدا بووە کە لەگەڵ پەروەدگار لە کێوی توور قسەی کردووە و، پەیامی یەزدانی بە خەڵکەکەی، واتە بەنی ئیسراییل ڕاگەیاندووە.

ئێستا بەرلەوەی کە درێژە بە دێریک و ئۆلی یەهوود لە نێوان نەتەوەی بەنی ئیسراییلدا بدەین، بە پێویستی دەزانم کورتە ئاماژەیێک بە چەند خاڵ لە مێژووی میسر لە سەردەمی دێرینە و، بارودۆخی نەتەوەی بەنی ئیسراییل لەو چاخەدا بکەم.

## تیرەی میسر و فیرعەونەکان!

میسر یەکێک لەو وڵاتە مێژینانەی جیهانە کە خاوەنی فەرهەنگ و

شارستانییەتێکی زۆر دێرینە. سەرزەوینی دێرینەی میسر، بەلای کەم، یەک ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشە پانتاییەتی، کە زۆرتر لە ٣٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە، واتە سێ و نیو لەسەتی بۆ ژیان ناشێ و، پاشماوەکەشی دەشتی بێ ئاو و گیایە، ئەم ولاتە دێرینەیە لە باری جوغرافیاییەوە، لە باکوری رۆژهەلاتەوە ئافریقا هەڵکەوتووە و، لە باکورەوە هاوکەوشەنە لەگەڵ زەریای مەدیتەرانە (سپیی ناوەڕاست)، لە رۆژهەلاتەوە بە سەرزەوینی فەلەستین و ئوردون و زەریای سوور و، لە باشوورەوە بە سوودان و لە رۆژئاواشەوە بە لیبییەوە بەسراوەتەوە. سەرزەوینی میسر بانیێکە، لە نێوان دوو کێوی نیوە بەرزدا هەڵکەوتووە و، چەمی نیل بە ناوەندیدا دەرباز دەبێ. لە باشووری بیاوانی سینا، زنجیرەکێوێک هەیە کە بە کێوی سینا بەنێوبانگە. بەشی ئاوەدان و جێگەی ژیانی میسر، هەر ئەو لیوارەی رووباری نیلەیە. بڕوانن بۆ فەرهەنگی دێهخودا بەرگی ٤٥ ل ٥٦١.

سوڵتان (سان)ەکانی دێرینی میسریان بە فیرعەونەکان نێو دەبرد، واتە (هەمان فیرعەونپاشا). لە فیرعەونە زۆردارەکانی میسر، دەتوانین ٢٦ زنجیرە نێو بەرین. لە برێ سەرچاوەدا ٢٨ تا ٣٠ زنجیرە تاپۆ کراوە، کە نزیک لە چوار هەزار ساڵی پێش لە زاین، لە میسر دەسەلاتگەلێکیان هەبووە. بنەمای مێژووی سەرزەوینی میسر، بە سەر بنەمای کاریگەرییەکانی رووباری نیلەوە راوەستاوە. خەڵکانی میسر کە بەشێوەی خێڵی بیاوانگەڕ (خێوەتنشین) هاتوونەتە ئەم سەرزەوینە، ناچار بوون لە بەرانبەر گفتوگۆ (جزر و مد)ی رووباری نیل و راگیرکردنی ئەو رووبارە، یارمەتیی یەکدی بدەن و خانووەکانیان لە قەراخ یەک و بەسەر تەپۆڵکە بەرزەکانەوە بخەنەوە و، بەربەسی جۆربەجۆر لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو رووبارەدا دروست بکەن. ئەمانە بەم شێوەیە، بە کەڵکوەرگرتن لە ئاوی ئەم چەمە، کشتوکاڵیان کردووە و ژیانی کۆمەلایەتی خۆیانیان درێژە پێ داوە.

بەپێی گێڕانەوەکانی مێژوو، یەکێک لە یەکەمین فیرعەونە دەسەلاتدارەکانی میسر، ناوی مێنیس (Menes)، بوو. دەتوانین دەسەلاتی مێنیس، بگەڕێنینەوە

بۆ دەوروبەری ساڵی ٣٣٠٠ ی بەر لە زاین. هەندێ سەرچاوە، ئیمپراتۆری یەکەم دەگێڕنەوە بۆ نزیک لە ساڵەکانی ٢٩٠٠ی بەر لە زاین، واتە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕەکانی نێوان باکور و باشوور و ئەوسا یەکێتیی دوولایەنە، بە سەرۆکایەتیی باشوورییەکان کە دواین فیرعەونیان پاشای میسرە، کە نێوی مێنیس بووە. لە راستیدا مێنیس دامەزرێنەری (مومفیس)ە کە پایتەختی ئەو کاتەی میسر بووە. مێژووی چاخە یەک لە دوای یەکەکانی فیرعەونەکان، کە ٢٦ سووڕ بووە، بە چوار سووڕی بنەڕەتی دابەش دەکرێ. یەکەم: سووڕی دێرین، بە سووڕێک دەگوترێ کە تێیدا شاری مومفیس (مونفیس)، کە لە ناوچەی زێڕینی میسر، یان بەشی خوارووی‌دا، ناوەندی دەسەڵاتەکەی بووە. مونفیس یەکێک لە یەکەمین فیرعەونەکانی میسر بوو کە باکور و باشووری یەکخست و فیرعەونێکی زۆردار و بەدەسەڵات بوو. دووەم: سووڕی ناوەڕاستە. لێرەدا دەگێڕنەوە: لە سووڕی دووەمدا، پاشایەتیی فیرعەونی، مونفیسیان بەجێ هێشتووە و چوونە بۆ کونگرەی (تەب)، لە ناوچەی (سەرووی میسر) و ئەوێیان کردووە بە پایتەخت.

لە سەرچاوە ئاڵمانییەکاندا هاتووە: یەکەمین کەسێک کە کەوتە پلوپا بۆ دروستکردنی گڵکۆی خۆی، بەشێوەی کۆچکە (هرم)، جۆسەر بوو، لە (٢٥٩٠ تا ٢٦٠٩ ی بەر لە زاین)، کە بەستێنی کۆچکەی نزیک لە سکارای ساز کرد. برۆکهاوس، بەرگی ٣، ل ٢١٤. لە جێگەیەکی تردا هەر لەم سەرچاوەیەدا هاتووە کە، بناغەی کۆچکەی سێیانە (اهرام ثلاثە)ی میسر، واتە گڵکۆیێک کە فیرعەونەکان بۆ تەرمە مردوو و مۆمناییەکانیان و بەخەونی خۆیان، بۆ ژیانی دوای مردن، لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا دروستیان دەکرد، هەر لەم سەردەمەدا ساز کراوە. کە دواتر گەیشتبوونە چل کۆچکە.

لە دوو سەرچاوەدا، برۆکهاوسی ئەڵمانی و دێهخودای ئێرانی گوتوویانە: سەرەتا لە دوو سووڕی دەسەڵاتدارەتیی ئێسنووفرۆدا (٢٥٥٠ی پێش زاین)دا، گڵکۆیێک بەنێوی کۆچکەی سوور سازکرا و، پاشان جێنشینەکانی سێ فیرعەونەکەی دیکە، لەم زنجیرەیەی سێیەمدا بە نێوەکانی کێئوپس، کفرن و

میکرینۆس، لەنزیک قاهیرەی ئەمڕۆ، کۆچکە سێیانەکانیان ساز کرد، دەوڵەتەکانی فیرعەونەکانی میسریش، لە سووڕی نێوەڕاستی دوای پێنسەد ساڵ ئاوەدان و بڕواپێکردن، لە ئاکامی هێرشی خێڵی هیکسەوە، کە لە ئاسیاوە هاتبوون و خێوەتنشینگەلێکی تاڵانکار بوون، لە یەک هەڵوەشێنرایەوە. مێژووەکەشی رەنگە نزیک لە ١٧٠٠ ساڵ بەر لە زاین بووبێ. ئەم تاڵان و زاڵانە، زۆری نەکێشا کە میسری لەژێر دەسەڵاتی هیکس رزگار کرد و، دیسانەوە (تەب) بوو بە پایتەختی ئەوێ. فیرعەونەکانی ئەم سووڕە، لە شەڕکردن و داگیرکاریدا، لە هەموویان لەپێشتر بوون و میسری بە ئەوپەڕی شان و شکۆی ئەو سەردەمەی خۆی گەیاند.

سێیەم: سووڕی پێش لە کۆتاییە، لەم سەردەمەدا بە هۆی شەڕەکانی ناوخۆ و هێرشە یەک لە دوای یەکەکان، دەوڵەتی میسر دابەش کرا و فیرعەونەکان لاواز بوون. گوایە هەر لەم سەردەمەدا بووە کە مووسا راپەڕیوە و ئۆڵەکەی خۆی ئاشکرا کردووە و رای گەیاندووە. مووسا یەکەم جار فیرعەونی سەردەمی بۆ ئۆڵەکەی خۆی بانگهێشت و داوای لێ کرد کە لەگەڵ خوای تاکوتەنیا (یەهووە)دا بێ. بەڵام فیرعەون ملی پێ نەدا و شەڕی لەگەڵ کرد و لەکۆتاییدا تیرەی بەنی ئیسراییلی بە شێوەیێکی ئەستەم و توندوتیژ لە میسر وەدەرنا.

چوارەم: سووڕی کۆتاییی فیرعەونەکان و زنجیرەی (٢٦) بیانەیە کە لە سائیس (یەکێ لە دێرینترین شارەکانی میسری دێرین لە دووئاوانی رووباری نیل) هەڵکەوتووە، پاشایەتییان دەکرد. فیرعەونەکانی ئەم سووڕە، دەسەڵاتیان بۆ میسر گەڕاندەوە، بەڵام زۆری نەکێشا، چونکە ئیتر درەنگ بووبوو کە بتوانن میسر بگەڕێننەوە بۆ ئەو دەسەڵاتەی بەرێ. لەو سەردەمەدا هەرای هەخامەنشییەکان و داگیرکردنی میسر، لە ساڵی ٥٢٥ ی بەر لە زاین، کۆتاییی بە دەسەڵاتی میسر هێنا. بۆ ئاگاداریی زۆرتر، سەیری سەرچاوەکانی خوارەوە بکە: بەتایبەت بۆ فەرهەنگی دێهخودا بەرگی ٣٧ لاپەڕەکانی ١٠٥ تا ١٠٨ و، برۆکهاوسی ئەڵمانی، بەرگی ٩ ل ٢٦١ و ئەو

کۆپەڕانەی کە لەمەڕ میسر و فیرعەونەکان نووسراون.

شیاوی گوتنە کە دێریکی پێشووتری وڵاتانی دێرینەی وەکو میسر و نێوان ڕووباران (بین النهرین) و ئێران، ئاتاجی بە بنکۆڵینی دێرینەناسانەی لێکدالێکدایە، هەروەسا بە دۆزینەوەی هەر بەردەنووسێک و بە شوێنەواری دێرینەیە، دەتوانین گۆڕانێک لە پێکهاتە (نظام)ی ئەم سەرزەوینەدا وەدی بهێنرێت. لەبەر ئەم هۆیە من زۆرتر پشت بە فەرهەنگنامەکان دەبەستم، چونکە شوێنەواری دێرینەناسان و لێکۆڵەرانی پێشین، لە فەرهەنگدا زۆرتر جێگەی باوەڕن تا سەرچاوەگەلی تر. لە بیریش نەکرێ، ئەم خاڵە هەموو ئۆلەکان ناگرێتەوە.

**(گۆشە) گەلێک لە ئۆلی مووسای کوڕی عەمران:**

لە ڕاستیدا ئۆلی مووسا هەر لەو دە فەرمانەی پەروەردگار کە ناردییە سەری بۆ قەومی یەهوود، پوختە دەکرێت. بەو جۆرەی کە دەگوترێ: نزیکەی چوار سەد یان پێنسەد ساڵ دوای مردنی مووسا، تێ کۆشاون ڕێنوێنییە ئۆلییەکانی کۆبکەنەوە و بیانووسنەوە. هەر بەو چەشنەی کە لە زۆربەی مێژووی ئۆلەکان و کۆپەڕی فەرهەنگیدا هاتووە، نزیکەی ٥٠ تا ٧٠ ساڵ دوای کۆچکردنی مووسا، ڕێبەری و دەسەڵات بەسەر قەوی یەهوودەوە، دەکەوێتە دەستی ساوڵ (saul ٩٦٥ تا ١٠٠٠بەر لە زاین). (کەوابوو مووسا دەبێ ١٠٥ تا ١٢٥ ساڵ تەمەنی کردبێ.) بەم چەشنە ئەو بوو بە یەکەمین پاشای بەنی ئیسراییل و، سامۆڵی پەیامهێن، یان جێنشینی پەیامهێنی کردە هاوپەیمانی خۆی و، تیرە و خێڵەکانی دیکەی هێنایە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە. مووسا بۆ سەقامگرتن و قایمکردنی پلەوپایەی خۆی، دژ بە داوودی پەیامهێنی زاوای خۆی، شەڕی دەست پێ کرد، بەڵام لەم شەڕەدا بەزی و خۆی کوشت. لێرەدا سولەیمان لە ٩٢٦ەوە تا ٩٦٥و داوودیش لە ساڵی ٩٦٥ەوە تا ١٠٠٠ ی بەر لە زاین ، هەم رابەری ئۆل و نوێنەری پەروەردگار بوون لە سەر گۆی زەوی، هەمیش پاشا و دەسەڵاتداری بەنی ئیسراییل. بەو جۆرەی کە لە تەوراتدا دیارە، گوایە کۆپەڕی ئۆلیی جوولەکەکان لەم دێریکە

بەولاوە، یان درەنگتر کۆکراوەتەوە و تدوین (کۆنووس) کراوە. بەڵام هێشتاکە لە هەمـوو ئۆلەکـانی هەبـوو (مـوجـود)، دێرینتـرە. بڕوانە بـۆ فـەرهـەنگی برۆک هاوس بەرگی ١٠ لاپەڕەی ٩٧ ساڵی ١٩٨٠ ی بەر لە زاین.

ئەوە کە لە تەوراتدا هێنراوە، یەکەم چیرۆکی ئافراندن و پاشان داستـانی گێـڕانەوەیە لە پەیامـهێنەکـان و پاشـانیش فـەرمـانی پـەروەردگـارە بـۆ بەنی ئیـسـرایـیل. بە وتەی جـوولەکـەکـان، ئەوان نەتەوەی هەڵبـژاردەن، لەلایەن پەروەردگارەوە. لە چاخی کۆندا هاتووە کە دوای سێ مانگ لە چوونە دەرەوەی بەنی ئیسرایـیل لە مـیسر، پەروەردگار لەگەڵ حەزرەتی مووسـا قسـەی کرد و، دە ١٠ حکم (فـەرمـان)ی زۆر گـرنگی پێ دا کـە بەم (دە فـەرمـان)ەی خـوارەوە نێودێر کـراوە. ئەم دە فـەرمـانە ئەمـانەن: ١– بۆ خـۆتان پەروەردگـارێ بێـجگە لەمـن هەڵـمـــەبژێرن. ٢– بـۆ بت کـرنـووش مـــەبەن. ٣– بـە خـــۆڕایـی نێـــوی پەروەردگار مەهێننە سەر زمان. ٤– رۆژی شەمەتان لەلا پیرۆز بێت. ٥– رێزی دایک و باوکـانتـان بگرن. ٦– هیـچ کـەسـێک نەکـوژن. ٧– جـەمـدر (زینا ح) مـەکـەن. ٨– لەسـەر هاوسـێکانتـان چاوەری (شـاهدی)ی درۆ مـەدەن. ٩– بەرانبـەر بە مـاڵ و سـامـانی هاوسـێکانتـان چەکل (طمـعکار) مـەبن. چاو لە تەورات بکە، وەشتار (سفر)ی چوونە دەرەوە، وەرزی بیستەم.

فەرمانەکانی پەروەردگار لە ناو تیرەی بەنی ئیسراییلدا برۆ (رواج)ی پەیدا کرد و پاشان بە کەڵکوەرگرتن لە کۆپەڕەکانی چاخی دێرین، بنەمایێکیـان بۆ خواپەرستی و تیرەی یەهوود نووسییـەوە کـە گـرنگترینی ئەوانە بنـەمـایێکی سـێزدەییـانەیە، کە لەلایەن مـووسـای کـوڕی (شـەمعوون)ەوە سـاڵی ١٢٠٤ ی زاینی بەم جۆرە خوێنرایەوە:

١– پەروەردگـار ئامادە و چاودێرە. ٢– پەروەردگار یەکێکە. ٣– پەروەردگـار دیمەن و شـێوەی لـە هیـچ کـەس ناچێ. ٤– پەروەردگار دێرینە و هەرماوە. ٥– بێــجگە لـەو نابـێ کـەسـێکی دیکە بپـەرسـتین. ٦– ئەو سـەروەری هـەمـوو پەیامـهێنەکانە. ٧– پەیامـهێنەریی حەزرەتی مـووسـا دروسـتە. ٨– پـەروەردگار لە هەموو شـتێکی مرۆڤ ئاگادارە. ٩– تەورات لەلایەن پەروەردگارەوە هـاتووە.

١٠- تەورات هیچ گۆڕان و ئاڵشتێکی بەسەردا نایەت. ١١- پەروەردگار ستەمکاران سزا دەدا و پاداشی داپەروەرانیش دەداتەوە. ١٢- سان مەسیح (سلطان مسیح)، لە سۆلانی داوود دەکەوێتەوە. ١٣- مردووەکان، ئامادەی زیندووبوونەوەن.(٣)

دەبێ ئەم فەرمانگەلە بە بنەما و پایەی بیروباوەڕی ئۆلی یەهوود بێنینە ئەژمار. ئەوەشی بێتە سەر کە فەرمانەکان لە ئۆلی یەهوود واتە: لە سندووقی پەیماندا جێگەی تایبەتی هەیە کە ئاوەها شرۆڤە کراوە:

حەزرەتی مووسا، کاتێ کە فەرمانی پەروەردگاری لە ژوانگە وەرگرت، هاتەوە بۆ ناو بەنی ئیسراییلیەکان و لەوێ لە داوێنی کێوێکدا کوشتارگە (مذبح)ێکی بە دوازدە کۆڵەکەوە (بە ئەژماری سەلماندنی بەنی ئیسراییل) خستەوە و، لەوێ گاوگەردوونی کرد و نیوەی خوێنی ئەو ئاژەڵانەی کە گاوگەردوونی کردن بە کوشتارگاکەدا کرد و، نیوەکەی دیکەشی لە خەڵکەکەی خۆی پژاند و گوتی: ئەمە بەڵێن، یان پەیمانێکە کە پەروەردگار لەگەڵ ئێوەی بەستووە. پاشان بە فەرمانی حەزرەتی مووسا خێوەتێکیان بۆ خواپەرستی هەڵدا کە بە خێوەتی بەڵێن (پەیمان) نێودێر کرا. لەناو خێوەتی پەیماندا سندووقێک هەبوو، لەناو ئەو سندووقەدا دوو تەتەڵە (لوح)ی بەردین هەبوون کە دەقی پەیمانی پەروەردگار لەگەڵ نەتەوەی بەنی ئیسراییلی بەسەرەوە نووسرابوو. ئەم سندووقە، تابووتی بەڵێن، تابووتی داژداری (شهادت)، یان سندووقی تەوراتە، کە لە مێژووی بەنی ئیسراییلدا جێگەیەکی ناوازەی هەبوو و، لە کاتی کۆچبەری و لە شەڕەکانیشدا تابووتی بەڵێن، بە ڕێز و هەژیارییەکی زۆرەوە دەیانخستە ناو چەرخیلەیێک و، وەپێش خۆیانیان دەدا. بێجگە لە کاهێن (مەلای جوولەکە) و خاسخوا (ربانی)ەکان، کەسانی دیکە بۆیان نەبوو ساو (لمس)ی بکەن، یان ئەوەی کە دەستی پێوە بدەن.(٤)

نێوی بێ هاوتای پەروەردگار لە ئۆلی یەهوود، یان جوولەکەدا، (یەهودە)یە کە نێوهێنان و بێژرە (تلفظ)ی حەرامە. تەنیا ئەوانەی خاوەن بالاترین پلەوپایەی ئۆلین، دەتوانن ساڵێ یەکجار لە پەرستنگەی سولەیمان و لە

میلکانێکی تایبەتدا ئەم نێوە بێننە سەر زمانیان.

لە سەردەمی دێریندا ٦١٣ بڕیاری شەرعی باس کراوە کە ٣٦٥ بڕیاری نەکرەیە (حەرام) و ٢٤٨ بڕیاریشی دەکرەیە (واجب) و لەسەریانە جێبەجێ بکرێ،[٥]. ئەوانەش بە شێوەی خوارەوەن:

١- نوێژگەلی بەکۆمەڵ و تاک پێویستە.[٦]

٢- لە ئۆلی جوولەکەدا نهێنیپاراستن (تقیە) پێویستە. دەڵێن: ئەگەر شتێکیان لەسەر گوتی: دەبێ ئەو گوناە (سووچ)ە لە ئەستۆ بگری، دەنا دەکوژرێی، ئەو کەسە دەبێ سووچ، یان ئۆباڵەکان لە ئەستۆ بگرێ، بێجگە لە سێ ئۆباڵی گەورە، بتپەرستی و زیناح (جەمەر) و مرۆکوشتن.[٧]

٣- ژنێک کە خۆی قەشنگ برازێنێتەوە و پاشان تووشی جەمەر ببێ، مێردەکەی دەبێ دەستی لێ بەردا، واتە تەڵاقی بدا.[٨]

٤- پیاو دەتوانێ بە بێ رازیبوون یان رازی نەبوون، ژنەکە تەڵاق بدا.[٩]

٥- پیاوی باڵابەرز لەگەڵ ژنی بەژنبەرز، پیاوی کورتەباڵا لەگەڵ ژنی باڵابچووک، پیاوی چەرمەڵە لەگەڵ ژنی سپیکەڵە، پیاوی سەوزە لەگەڵ ژنی ئەسمەر، نابێ زەماوەن بکەن.[١٠]

٦- چەن ژنییش رێگە پێدراوە.

٧- ئەگەر ژنێک بڕواتە ناو پیاوان و سەروقژی دانەپۆشێ، تەڵاقی دەکەوێ.[١٢]

٨- رێزگرتن لە دایک و باوکان پێویستە. لەکاتی ناکۆکی لە نێوان رێزگرتن لە باوک و رێزگرتن لە دایک، رێزگرتن لە باوک لەپێشتر و گەرەکترە.[١٣]

٩- بالغبوون (پێگەیشتن)ی کچان لە تەمەنی ١٢ ساڵانە و پێگەیشتنی کوڕانیش لە تەمەنی ١٣ ساڵان.[١٤]

١٠- سەربڕینی ئاژەڵ بە شێوەی نایەهوودییانە حەرام (نەکرە)ە.

١١- خەتەنە (خرۆسە)کردن بۆ پیاوان گەرەک و پێویستە.

١٢- کارکردن لە رۆژانی شەمەدا حەرام (نەکرە)ە.

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە: لە جیهانی ئەمڕۆدا، بە دەگمەن دەس دەکەوێ ژنێکی جوولەکە مێرد بە پیاوێ بکا کە ژنی دیکەی هەبێ.

## جیابوونەوەکان

بەسەریەکەوە ٢٧ لق یان کەرت، لە ئۆلی یەهوودەوە سەریان هەڵداوە، کە گرنگترینیان فوریسیان و سدووقیانن. زانیارییەکانی خوارەوە لە کۆپەڕی (دائرة المعارف) بازنەی زانیاریی یەهوودییەت وەرگیراوە، کە کورتکراوەکەی لێرەدا دەخەمە بەرچاو.

مووسا خۆی پێشبینیی کردبوو کە نەتەوەکەی پەرت و ئاوارە دەبن. پەیامبەری ئیسلامیش (د.خ)، لە دەربڕینی رابردووی دێریک و ئۆلە ئاسمانییەکانی پێشیندا، ئاماژەی بە تیرەکەی حەزرەتی مووسا کردووە کە بە (حەفتا و یەک ٧١) وەرکە (فرقە) دابەش بوونە. ئەو حەزرەتە هەفتا فرقە وەرکەکەی بە رێونکەر و تەنیا یەک وەرکەی بە رێدۆزەرەوە و رزگار نێو بردووە. بەو چەشنەی کە پەیامهێنی موسڵمانان لە پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەی حەزرەتی عیسا رێنوێنی کردووین، ئەمانە بە حەفتاودوو وەرکە دابەش کراون و تەنیا یەک وەرکەیان دەرباز بوونە و پاشماوەکەی دیکەیان رێونکەر و رەنج بەبان. لە کاتێکدا ئێمە ئەمڕۆ تەنیا ٢٧ وەرکەی یەهوود دەناسین و لە ئۆلی مەسیحیشدا زۆرتر لە ١٢٥ کلیسا سەری هەڵداوە. کەوابوو، ٧١ و ٧٢ وەرکە لە هیچکام لەو دوو ئۆلەدا، راست نین. لە یەکێکدا کەمە و لە یەکێکی دیکەشدا زۆرترە.

ئێستا بە کورتی شرۆڤەیێک لەمەڕ ئەو دوو وەرکە بنەڕەتییەی یەهوود، کە یەکێکیان دژی رەدووکەوتنی یۆنانییەکانن و نێویان فوریسیانە و ئەوی دیکەش هاوڕای رەدووکەوتنی یۆنانییەکانن و بە سدووقیان بەنێوبانگن، دەخەمە بەرچاو، کە بێجگە لەو چەند وەرکەیەی دیکە، تەنیا نێوەکانیان دێنم.

## فرقە (وەرکە)ی قریسیان:

قریسیان، بەواتای جوێبووەوەکان، لە سەردەمی مەکابییەکاندا دروست

بوون. ئەم وەرکەیە کە بەشێکی گەورە لە کاهێنەکانی جوولەکە پێکیان هێنا، لە بەرانبەر فەرهەنگی یۆنانیدا راوەستان و بۆ راپەراندنی بێ ئەملاوئەولای شەریعەتی مووسا پێیان داگرت. ئەم وەرکەیە بڕوایان بە شوێنی گەڕانەوە و رۆژی پەسڵان بوو، رێگەی رزگاریی خەڵکی جیهانیشیان پشتبەستن بە تەورات و، هەموو فەرمانەکانی ئۆلی یەهوود دەزانی. ئەوانە وەرکەی نەریتخوازی یەهوود بوون کە توندوتۆڵ، بڕوایان بە بنەما و لقە نووسراو و وەرگێڕاوەکانی مووسا و پەیامهێنەکانی بەنی ئیسراییل بوو. پێدزەکردنی ئەم وەرکە ئۆلییەی یەهوود، تا ساڵی ١٣٥ی زاین، درێژەی هەبوو. پێشەوا ئۆلییەکانی ئەم وەرکەیە، توندوتیژ تێ دەکۆشان تا یەهوودییەکان لە چوون بەرەو لای بیروبڕوای فەلسەفەی بێگانە، بەدوور بهێڵنەوە. ئەوانە هیچ جۆرە لێکدانەوە و گۆڕانێکیان لە بنەما ئۆلییەکاندا وەرنەدەگرت.

### وەرکەی سدووقییەکان

ئەم وەرکەیە سەر بە یەکێک لە پێشەوا ئۆلییەکانی یەهوودن بە نێوی سدووق. ئەم وەرکەیە لە رووناکبیران و یۆنانیخوازەکان پێک هاتبوو. ئەمانە ناحەزی رۆژی گەڕانەوە و دژبەری فەرمان و بنەما و لقە نازانستییانە، یان ناژیرانەکانی ئۆلی یەهوود بوون. ئەم وەرکەیە تەنیا بڕوایان بە پەیامهێنەری (نبوت) مووسا بوو و پەیامهێنەران و کۆپەڕێکی دیکەیان بێجگە لە تەورات نەدەپەژراند. خاسخواکانی ئەوان لە تەورات تەنیا دەربڕین (اسفار)ەکانی دەپەژراند پێنجینەیان قبووڵ بوو. ئەم وەرکەیە بڕوایان بە مانەوەی رۆح (دۆن) و جیهانی کۆتایی نەبوو. ئەم جیهانەشیان لە چاکە و پاداش و ئەشکەنجە و ئازاردا دەبینییەوە. ئەمانە بڕوایان بە پەروەردگار بوو، هەروەها هاتوچۆی پەرستنگەشیان دەکرد. ئەم وەرکەیە لە ساڵی حەفتای زاینی و دوای کاولبوونی ئورشەلیم، بەیەکجاری لەناوچوون. ئەو رەدووکەوتووانەی کە رەمەکی کەوتبوونە دوای ئۆلی یەهوود، ئەم وەرکە رووناکبیرەیان بە هەڵگەڕاوە و بێ دین دادەنا. لە سەردەمی نوێ و، واتە لە ئینجیل و نامیلکەکانی

پەیامـهـێنەکـاندا، لەم وەرکـەیە یاد کـراوە. بەپێـی ئەو نووسـینـانەی کـە لە ئینجیلدا هەن، هـاوچەرخ لەگەڵ لەدایکبـوونی مـەسـیح، لە نێـوان دوو وەرکەی فـورەیسـی و سدووقیدا ناکـۆکیی تونـدوتیژ رووی داوە. سـدووقییەکان کەمینە بوون و هـەمـیـشـە دەکـەوتنە بـەر بوخـتـان و ئازاری فـورەیسـیـیـەکـان. لەو سـەردەمـانەدا فـورەیسـیـیـەکان لـەگەڵ مـەسـیح و لایـەنگرەکـانیـدا لە شـەڕ و کێشەدا بوون.

(قیـافا) خـاسـخـوای گـەورەی یەهـوودییە فورەیسییـەکان، وەچەر (فـتوا)ی بۆ کوشـتنی عیسـای مـەسیح دەرکرد و ئەو گـەورە پیاوەی بە هـەڵگەڕاوە و بێ دین ناو هـێنا و دەبێـژێ: (... دەسـا یەهـوودا) (یـەکێ لە هـاوڕێکانی عـیـسـا کـە جێگەی نهێنیـی ئەوی دەزانی)، (عیسا) زۆر جـار لەگەڵ شـاگردەکانی خـۆیدا کـۆ دەبـووەوە و، سـەربـازەکـان و خـزمـەتکارەکـان بە چرا و تۆپزەوە، لەلایەن سـەرۆکـەکانی خـاسـخـواکـانی فورەیسـیـیـەوە، بۆ ئەوێ دەهـاتن). هـەروەها نووسـراوە کـە: خـاسـخـواکانی فورەیسی، هـەمـیشـە لەگەڵ حـەزرەتی عیسـا دیمانە و گـوتوبێژیان دەکـرد، بوخـتـانی جـەمـەر (زینـاح)یان بۆ هـەڵدەبەست و ناوونیتکەیان لێ دەنا و ئازاریان دەدا. وشکەڕۆیی و دووبـەرەکییـەکانی نێوان دوو وەرکەی فورەیسـی و سـدووقی، بوو بە هـۆی لەناوچوونی یەکێتیی سیاسی و ئۆلیی قـەومی یەهـوود. بارهێنانەکـانی یەهـوودییـەکـان وەکـو بـارهێنـانی عـیسـاییـیـەکانە. قـورعـان ئـامـاژەی بە دووبەرەکی و نـاکـۆکـییـەکانی نێـوان یەهـوودییـەکـان کـردووە. ئەمـە کـورتکراوەی نووسـینگـەلێکن کـە لەمـەڕ سدووقییەکان و دیتنەکانی ئەوان نووسراوە.

### وەرکەی ئێنسیانەکان

ئەم وەرکـەی یەهـوودییـە، خـوازی (گـرایش) عـیـرفـانیـیـان هـەیـە و بەرهـەمی سـەردەمی هـەژاری و بەلەنگازی و یـەخسـیربوونی یـەهـوودە، دژی داژداریەتی تایبەتی (مـالکیت خصـوصی) راپەڕین و، کۆکردنەوە و وەسـەریەکنانی دارایی و سـامـانیـان نەکرە (حەرام) راگەیاند. لـە راسـتیـدا ئەم وەرکـەیە گرنگییـەکی

زۆری بە وەدیهێنانی دادوەر (عەدالت)، داوە. دێریکناسانی یەهوود، بە سەرسوورمان و چاکەبێژییەوە باسی ئەم وەرکەیەیان کردووە.

### وەرکەی هەروودییەکان

ئەم وەرکەیە زۆرتر نەخشی سیاسیی هەبوو و لە فەلەستین سەر هەڵدا. ئەم دەستەیە شوێنکەوتە و لایەنگری پاشایەتیی (هەروود) بوو کە نزیک لە شەش ساڵی مانگیی زاین، لە سەردەمی (ئاگستۆس)ی قەیسەری رۆمدا دەرکەوتن و سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ فەرهەنگی رۆم و یۆنان دوژمنایەتییان نەبوو، وەلێ دەیانویست پاشایەتی لە نیشتمانی یەهووددا بۆ هەمیشە بمێنێتەوە.

### وەرکەی زیلۆتەکان

ئەم وەرکەیە نەخشی ئۆلیی هەبوو و، لە هەموو پاودانێکدا خاوەنی خواز (گرایش)ی سیاسی بوو، هەروەها لەگەڵ رۆمییەکان دژبەری ببڕ (مطلق) بوون و لەبەرئەمە هەمیشە لەگەڵیاندا لە کێشە و شەڕدا بوون. ئەم وەرکەیە لەگەڵ یۆنانییە داگیرکەرەکانیشدا لە بەربەرەکانێدا بوون.

### وەرکەی قەرائوونەکان

ئەم وەرکەیە لە ساڵی ٧٦٧ ی زاین بە هۆی پیاوێکەوە کە نێوی (عانان کوڕی داوود) بوو، دامەزرا. قەرائوونەکان طایفە (تیرە)یێکن لە یەهوود کە بێجگە لە سەردەمی دێرین، دان بەهیچ شتێکی دیکەدا نانێن و، پشت بە روایت (چیرۆک)ی شفاهی (دەڤۆکی) و قوتابخانەیی نابەستن و تەنیا بڕوایان بە (تەورات)ە.

وەرکەکانی تر بریتین لە:

وەرکەی عەنانییە، وەرکەی کاتبان، وەرکەی عیسویە، وەرکەی رەبانیون، وەرکەی تەناسوخیە، وەرکەی راعیە، وەرکەی سامەرە، وەرکەی دۆستانیە، وەرکەی کۆستانیە، وەرکەی مقاربە، وەرکەی یورغانیە، وەرکەی موشکاتیە،

وەرکەی ئەلکیسائیە، وەرکەی ئەسنییەکان، وەرکەی سمپسییەکان، وەرکەی ئەبیوونییەکان، وەرکەی ماسبوونییەکان، وەرکەی ئەوسییەکان، وەرکەی نزارییەکان، وەرکەی (ناصورائ)ییەکان، وەرکەی هەمورر و باتیستەکان(*).

***

(*) زۆربەی ئەم زانیاریگەلەی سەرەوە، لە پێوەندی لەگەڵ فەرمانە ئۆلییەکان و وەرکەکان، لە سایتی کۆپەڕی زانیاری (ئیلاهیات و دائرة المعارف)ی یەهوودییەکان دەرم هێناون.

بەشی دووەم

# زەردەشتی

بەدڵنیاییەوە، بناغەدانەری ئۆلی ئەهوورامەزدایی، زەردەشت خۆیەتی. لەمەڕ نێــو و زێد و دێریکی لەدایکبــوونی زەردەشت، دیتنگەلێکی زۆر جــیـــاواز دەبینرێن، بێگومان ئەم جیاوازیی دیتنگەلەش بە چەندین بەڵگە هاتوونەتە دی. کۆمــەڵێک لەوانە، بەهۆی زۆرپێداهەڵگوتنی رەدووکــەوتەکانی تیــژڕۆی ئەو ئۆلەوە، ئەوانەی کە دەیانەویست ئۆلەکەی خۆیان بە دێرینە نیشان بدەن، یان ئەوەی کـە زەردەشت لە (پارسی)بێ و رۆژاواییــەکانە ئێرانی بزانن و رۆژی لەدایکبـوونیشی بە شــەش هـەزار ســاڵ، یان لانیکەم دوو هـەزار سـاڵ بەر لە رۆژی لەدایکبوونی مەسیح دابنێن و زێدەکەشی لە رۆژاوای ئێران تاپۆ بکەن و بەم شــێــوەیەش بە مـــەرازی خــۆیان کــە هەر ئەو خـــوازە خــێــڵـــەکی و نەتەوەخوازییەی هۆزێکی تاک و تایبەت بووە، بگەن. تاقمێکی تر تێ کۆشاون کە راسـەڵبینتر بن و لە زۆر پێداهەڵگوتن خۆیان بەدوور بگرن و بەشوێن چاخ و تاخی لەدایکبوونێک کە بـە دەرکەوتنی زەردەشـتـەوە نزیکتر بووە، بڕۆن. بە بڕوای نووسـیی ئـەم دێڕانە، مـێـژوونووسی کـورد شـێخ مـحـەمـەد مـەردۆخی کوردسـتان لە لاپەڕەکانی ٤٦ و ٤٧ دا تێ کۆشاوە، هەر دوولا دڵکاو (راضی) بکا، هەم ئەوانەی کە فرەبێژییان کردووە، هەمیش ئەوانەی کە راسـەڵبینترن و بە پشتبەستن بە برێ لە پێشینان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سێ زەردەشت لە سێ هەزارەی جـۆربەجـۆر، لە (رۆژاوا و رۆژهـەڵاتی ئێـران)دا دەرکــەوتوون و دوایەمینی ئەوانە زەردەشتێکە گوایە بە بنەچە کوردە(!) و لە ٦٦٠ ی پێش لە زاین هاتووەتە جیهان. بەداخەوە هێنانەگۆڕی سێ زەردەشت، خۆی بەڵگەیێکە

بۆ ئەم جیاوازگەلە. یان وێنا و بەشکبوونی دژبەران خۆی، بۆ ئەم جیاوازیگەلە بەڵگەیەکی ترە. لە کۆتاییدا وەرگرتن و دووپاتکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی لە سەرچاوەی نادروستەوە لەمەڕ زەردەشت، ئەمەش بۆ خۆی نەخشێکی زۆری لە وەدیهێنانی ئەم جۆرە جیاوازیگەلەدا هەیە.

لێرەدا خاڵێکی گرینگ لەمەڕ بناغەدانەرانی زۆربەی ئۆلەکان دەبێ بێنینە بەرباس، ئەو پرسگرێکەش رۆژ و مانگ و ساڵی لەدایکبوون، یان زێدی ئەم کەسایەتییە ناودارانەیە کە لەکاتی لەدایکبوونیاندا رەنگە، نە بنەماڵەیێکی یەکجار سەرش ناسیان هەبووبێ و نە جێگەی لەدایکبوونیان ئەوەندە بەنێوبانگ بووبێ و نە کەسێکیش شکی لەوە بووبێ کە ئەم کۆرپەگەلە رۆژێ ببن بە پەیامهێن، هەر بەپێی ئەم بەڵگەیە، ئەوەندە سەرنجیان نەداونەتێ. ئێستا ئەگەر رۆژ و ساڵ و شوێنی لەدایکبوونیان، بۆ میناک: بوودا و مووسا، راست و دروست بێ، شتێکی تەواو خۆزایە، بۆ ئەوەی کە بوودا پاشازادەیەک بووە، یان لانیکەم باوکی بەسەر نیشتمانێکدا دەسەڵاتی بەڕێوە بردووە و مووساش دوای لەدایکبوونی لە بنەماڵەی فیرعەونی میسردا گەورە بووە. بەڵام لەمەڕ برێ لە پەیامهێنەران لە بنەماڵەکانی نەناس، یان زەردەشت خۆی و لەگوێن ئەمانە، تەنیا دەبێ مبداء (دەسپێک)، بە سەردریاگ (دادە) و شک و گومانی نزیک لە راستیدا لەبەرچاو بگرین.

لەم کۆپەڕەدا تێ کۆشاوم، ئەوەی کە تا ئێستا بە راستییەوە نزیکە و لە پێوەنان و درۆی هەڵبەسراو دوورە و زۆربەی پشتڕاس (تایید) کراوە، وەکو دیتنەکانی نیبێرگ، ئێران و زەردەشتناسی سویدی و ئێنکتیل دوپروونی فرەنسایی، وەرگێڕی ئاڤێستا، کە لە ساڵی ١٧٧١ی زاین گوتوویە: (٢٠ ناوچەی جۆراوجۆر، بە زێدی زەردەشت شانازی دەکەن و، لەدایکبوونی زەردەشت، شەش سەدە پێش لەدایکبوونی مەسیحە) بەنموونە بێنەوە. ئەگەرچی پوورداوود، لە پێشەکیی کۆپەڕی ئاڤێستا، نووسینی جەلیلی دووستخواه، بە چاوی هەڵەوە لە نووسینەکانی ئێنکتیل دەڕوانێ، بەڵام راسەڵبوون ئەوەیە کە تا ئەو جێگەیەی من ئاگەدارم، هێشتا لێکۆڵەرێکی

باشتر و وردتر لەو، لەم بارەوە شتێکی نەنووسیوە.

برێک هۆزانڤانی دیکەی ئێرانی تێ کۆشاون، لە دووتوێی نووسینەکانیان و کۆپەڕی پیرۆز و بەپشتبەستن بە مێژوونووسان و جوغرافیزانان و ئۆلناسانی سەردەمانی نزیک لەم پەیامهێنانە، خاڵگەلێک هەڵگۆزن و بیخەنە بەردەست، گوایە یەکەم کەسێک کە لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین، لەسەر زەردەشتی نووسیوە، لێکۆڵەرێک بووە بەنێوی خەسانتووس لیدیایی. (بڕوانە بۆ یەسنا بەرگی یەکەم، پاژێک لە نامەی مینوی ئاڤێستا، راپۆرتی پووردااوود، ل ٧٩). بێگومان، ئەوانەی کە درۆ دەهۆننەوە و (افراطی ملی مذهبی) (زێدەڕۆی گەلێریی ئۆلین، بە هێنانەوەی نووسینی هۆزانڤانانی یۆنانیی، وەکو: ئەرەستۆ، ئۆدۆکسۆس، هێرمی بووس، کە لەنێوان سێسەد تا چوارسەد ساڵی پێش زاین ژیاون، دەیانەوێ بڵێن: زەردەشت ٥٠٠٠ ساڵ بەر لە (شەڕی ترۆیا)، ژیاوە، لەکاتێکدا ئەم شەڕە نزیک لە ١٤٠٠ ساڵ بەر لە زاین هەڵگیرساوە.

هەر بەپێی ئەم بەڵگەیە، پارسییەکانی هیند و هەروەها پرۆفسۆر جەمشیدی جەی کاتراک، رەنگە لەو تاقمە بن کە پشتیان بە دیتنەکانی لێکۆڵەرانی نێوبراو بەستووە و، گوتوویانە: زەردەشت ٦٦٠٠ ساڵ بەر لە زاین ژیاوە، یان لە تاپیکردنی کۆپەڕەکەیاندا خاڵێکی (صفر) زیادەیان لەسەر داناوە. هەر بەپێی ئەم سەرچاوەیە، لە کۆپەڕی هێنریک سامۆئێل نیبێرگی سویدیدا، لە ئەویدۆکسۆس فۆن کنیدۆس، کە دۆستی ئەفلاتوون بووە و لە پلینیۆس وەری گرتووە، دەگێڕێتەوە کە: (زەردەشت ٦٠٠٠ ساڵ بەر لە ئەفلاتوون ژیاوە. سەیری سەرچاوەی ئۆلەکانی ئێرانی دێرینە لە وەرگێڕانی (نەجم ئابادی)، تاران ١٣٥٩، ل ٢٧ بکەن، لەو کۆپەڕە و لەوێدا لە زمانی خەسانتۆسەوە دەگێڕێتەوە: زەردەشت ٦٠٠ ساڵ بەرلە لەشکربردنە سەر خەشایارشا بۆ یۆنان، ژیاوە.) جێگەی ئاخافتنە کە خەشایارشا لە ساڵی ٤٨٢ ی بەرلەزاین، لەشکری کردووەتە سەر یۆنان. لە هەر پاودانێکدا و بەلانی زۆر، برێک لەم بانگاشەگەلە درۆهۆنینەوەیە و ئێمە لە زانیاریی درۆهەڵبەستن

چاو دادەخــەین. ئەگــەر لــە زمــانی هێــرۆدۆتیــشــەوە بێ، وازی لێ دێنـین بۆ لێکۆڵەرەوانی تر، کــە بێــلایەنانەتر داوەریی لەســەر بکەن. یەکــێکی تر لە لێکۆڵەرەوانی زەردەشــتی، بەنـێـوی جــەی مــەدی، پرسگرێکی زێد و مـیلکانی زەردەشت لـە ســەر بنــاغــەی ســەرچاوەی ئێــرانی دەداتە بەر لێکدانەوە و لێکۆینەوەکەی بە شێوەی پرس و وەڵام دارشتووە. کە لێرەدا لە خوارەوە شیی دەکەینەوە. ئەمانەش تا چەند راستن، دەیهێڵینەوە بۆ داوەریی ئەوانەی کە لەم گۆرەپانەدا خاوەنی دیتن:

| | |
|---|---|
| ١– ئاخۆ زەردەشت لە کوێ لەدایک بووە؟ | لە یانەی پوور وەشەسپ |
| ٢– یانەی پوور وەشەسپ لە کوێیە؟ | لە قەراخ رووباری دارجە |
| ٣– رووباری دارجە لە کوێیە؟ | لقێکە لە رووباری دائیتی |
| ٤– رووباری دائیتی لە کوێیە؟ | لە ئێران ویچ |
| ٥– ئێران ویچ لە کوێیە؟ | لە ئاترۆپاتەکان |
| ٦– ئاترۆپاتەکان لە کوێیە؟ | لە ئازەربایجانی ئەمرۆ |

٧– ئاشۆ زەردەشت لە کامە بەشی ئاترۆپاتەکان لە دایک بووە؟

لە بەشی کێوی ئەسنوونت و زەریاچکەی (ورمێ)ی ئەمرۆ.

٨– لە کامە گوندی ورمێ لەدایک بووە؟

لە گوندی ئامووی یان ئامووییی.

ســەیری راپۆرتی زێدی زەردەشت و مــێــژووی چیــرۆکــە ئێــرانیــیــەکــان، ستۆکهۆڵم، سوید ١٩٩٠ لاپەرەی ١٣ و ... لە ج. مفرد بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ دیتنی پارسییەکانی هیندیش، سەیری سەرچاوەکانی خوارەوە و خوێنەوەری بەرێز خۆیان لەبارەیەوە داوەری بکەن.

Katrak Jamshid Cawasji لە کتێبی The age of Zarathushtra

بڵاوکــراوەی ســاڵی ١٩٦٨ کــە داگــری ٧٨ لاپەرەیە و ئــامــاژەی بەم بــابەتەش کردووە.

رحیم زادە، نوربخش، گوتارێک بە ناونیشانی (نخستین پیامبر توحیدی)

بڵاوکراوەی و(هومن)، ژمارە ١٣، ساڵی ١٣٧٧ هەتاوی.

لەکۆتاییی ئەم ئاخاوتنەدا، ئەو دیتنانەی کە لەمەڕ کاتی ژیانی زەردەشتن و نزیکن لە راستی کۆ دەکەینەوە. ئەگەر ئێمە، دیتنی لێکۆڵەرەوان و دێریکزانان، لە خەسانتووسی زەردەشتناس و هێرۆدۆت و ئێسترابون و گیرشمەن و کەتزیاسی مادناسەوە بگرە، تا لێکۆڵەرەوانی ئەورۆکەی وەکو هەمان نیبێرگی سویدی و ئێنکتیل دوپروونی فرەنسایی و مێژوونووسان و زەردەشتناسانی هیندی و ئێرانی هەموویان پێکەوە لەبەریەک دابنێین و ئاکامی ئەندازە و داوەریی ئەمانە وەربگرین، سا دەبێ بیپەژرێنین کە ئەشۆ زەردەشت، لە نزیک رووباری ئاراز، یان زەریاچکەی ورمێ، لە ئازەربایجان لە نێوان ساڵەکانی ٥٨٢ ی پێش زاین، تا ١٠٨٢ ی بەرلەزاین هاتووەتە جیهان. لەناو هەر ئەو کۆپەڕەدا، زێدی زەردەشت و مێژووی چیرۆکە ئێرانییەکان، لاپەڕەی ١١ نووسراوە: "ئێنکتیل دوپروون، وەک ئەوەی گوتمان، دوای نێوهێنانی بیست ناوچە کە شانازیی زێدی زەردەشتیان هەیە"، ورمێی بە زێدی زەردەشت داناوە و دەنووسێ: "بە چاوداخستن لەو لێڵی و ئاڵۆزییەی کە بابەتی پێوەندیدار بە زەردەشتی لە خۆگرتووە، لەو بڕوایەدام لە یادداشتەکانمدا تا ئەو جێگەیەی کە توانیومە، بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئۆلدانەری ئێرانی لە ورمێی ئوستانی ئازەربایجان لەدایک بووە، تێ کۆشاوم. هەر ئەم پرسگرێکە بووەتە هۆ، نووسەران زەردەشت بە ئێرانی، مادی، ماد و ئێرانی دابنێن".

لە گێڕانەوەی گەلێری (سنتی)یشدا وەها هاتووە کە: "زەردەشت لە ساڵی ٢٥٨ ی بەرلە بنەبڕبوونی شایانشاکانی هەخامەنشی راساوەتەوە". واتە زەردەشت، لەکاتی راسان (بعثت)یدا ٣٠ ساڵان بووە و خاشەبڕکردنی هەخامەنشییەکان بە دەستی ئەسکەندەر، لە ساڵی ٣٣٣ ی پێش زاین بووە. کەوابوو ساڵی لەدایکبوونی زەردەشت، دەکرێ ٦٢١ ی بەر لە زاین بووبێ. لە کۆپەڕی (ارداویرافنامە)دا نووسراوە کە: راسانەوەی زەردەشت ٣٠٠ ساڵ بەرلە هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران بووە. واتە لەدایکبوونی زەردەشت

دەبوو ٦٤٤ ی پێش لە زاین بووبێ. چونکە هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر وڵاتی ئێران، ٣٤٤ ی پێش زاین بووە. بە هۆی یەکبوونی ئەم دیتنانەوە، ئێمەش جارێ، تا لێکۆڵینەوەیێکی تەڤکۆ (کامل) تر، ئەمە وەردەگرین.

ئەمە کورتەیێک بوو لە پاودان (حالت)ی زەردەشت. ئێستا بچینە سەر ئەو نیشتمانەی کە زەردەشتی لێ لەدایک بووە و لەوێ راساوە و ئۆلەکەی خۆی تێدا ئاشکرا کردووە. راشکاوی و لێبڕاوییێک کە گێڕانەوەی گەلێری داویانە بە سەلماندنی بازنەی ژیانی زەردەشت لە سێسەد ساڵی بەرلە ئەسکەندەر، بووە بە هۆ کە برێ لە رۆژهەڵاتناسانی لەگوێن: فرێدیناند یووستی، گۆڵدنێر، وێست و ویلیام جاکسۆن، ئەم مێژووە بە راستەقینە بزانن. سەیری مەزداپەرستی لە ئێرانی دێرینە، ل ٤٢ بکەن.

## نیشتمانی سەرهەڵدانی زەردەشت

پەیامهێنەری ئەهوورامەزدایی، لەدایکبووی ئێران بووە و ئیمپەراتۆریەتی ئێرانی ئەو سەردەمانە لەژێر دەسەڵاتی مادە ئارياييیەکان، واتە پێشینانی کوردەکان و ئازەرییەکان و ئەرمەنییەکاندا بووە. بانی ئێرانی ئەمرۆ، لە نێوان کەنداوی فارس و وڵاتانی کوەیت، ئێراق، تورکیا، ئەرمەنستان، ئازەربایجان، رووسییە، ئەفغانستان، پاکستان و زەریای عەماندا هەڵکەوتووە. ئێران بەهۆی چەند نەتەوەبوونییەوە (شەش نەتەوەی فارس، ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکمەن، عەرەب) و، ئۆل و ئۆلزای جۆربەجۆرەوە، خاوەنی فەرهەنگێکی زەنگین و دێرینە. ئەم نیشتمانە بە پێچەوانەی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی، خاوەنی ئاو و هەوای لەبار و سازگار و بارانگەلی وەرزییە. بەم شێوەیە، بەشێک لە سەرزەوینی ئێران، خاوەنی هاوینانی یەکجار گەرم و وشکە و، لە بەشێکی دیکەشدا، خاوەنی ئاو و هەوای فێنک و سازگارە. رووبەری ئێران لە سەردەمی مادەکان و دەرکەوتنی زەردەشتدا، نزیک ٢,٦٠٠,٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە بووە، کە لە چاخی هەخامەنشییەکاندا بە ١٦ ساتراپ (هەرێم) واتە: پارێزگا و ناوچە دابەش کرابوو. ئەمرۆ رووبەری ئەم وڵاتە، تەنیا

١٦٤٨٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە هەموویان بە سێ ئوستان دابەش کردووە. لەم سێ ئوستانە، چوار ئوستانی، واتە بەشی هەرەزۆری ئازەربایجانی رۆژئاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام، ناوچەی کوردنشینن. کەوابوو ئەمڕۆ زۆرتر لە ١١ ملیۆن کورد لە ئێراندا دەژین، کە زۆربەیان بەر لە ئیسلام ئۆلیان زەردەشتی بووە. بۆ زەردەشتیبوونی کوردەکان سەیری (مێژووی سۆفیگەری لە کوردستان) بکەن، کە تازەترین بەرهەمە. لاپەڕەکانی ١٥ و ١٦، ساڵی ١٣٧٨، توکلی.

## فەلسەفەی ئۆلی و نێوی زەردەشت

هەر بەو چەشنەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، ئێمە وای دادەنێین کە زەردەشت، لە ورمێ و ساڵی ٦٦٣ یان ٦٦٤ ی پێش زاین لەدایک بووبێ و لە تەمەنی ٣٠ ساڵاندا هات (ندا)ی هاتبێتە سەر کە ببێتە پەیامهێنەر. ساڵی ٦٣٣ یان ٦٣٤ ی بەر لە زاین. واتە کاتی بە پاشاییگەیشتنی هووەخشتەری ماد، ئۆلەکەی خۆی ئاشکرا کردووە. گوایە زەردەشت، لە یەکەم دە ساڵی جاڕدانی ئۆلەکەیدا، تەنیا یەککەس بڕوای پێ هێناوە و، ئەویش کوڕە مامەکەی خۆی بووە. (سەیری دێریکی ڕێبازی زەردەشت، بەرگی یەکەم، ل ٢٥٩ ، ماری بۆییس، وەرگێڕانی بۆ زمانی فارسی، صنعتی زادە، چاپی دووەم) بکەن. کەوابوو مانەوەی لە سەرزەوینی ماد، کە لەگەڵ کێشەی بانگەواز و جاڕدانی ئۆلەکەی بەرەوڕوو بووە، بە بێکەڵک زانیوە. لەبەر ئەمە چووە بۆ بارەگای گەشتاسپ بۆ رۆژهەڵاتی ئێران و بەپێی نووسینەکانی ماری بۆییس، کە لە سەرەوە باسمان کرد، لەو دیارە تازەیەدا، باشتر میوانداریبان لێوە کردووە. زەردەشت دەڕواتە بارەگای (هۆتۆسا) و هۆتۆساش دەڕواتە سەر ئۆلەکەی ئەو. دەگێڕنەوە هەرکە زەردەشت دەبێتە چل و دوو ساڵ، گەشتاسپ پاشای ئەو دیارە، ئۆلەکەی کە بە دروشمی کردەوەی باش، بیرکردنەوەی باش، گوتنەوەی باش دەست پێ دەکا، پەژراندووە و زەردەشتی لەخۆ گرتووە و پشتی گرتووە. سەیری هەمان سەرچاوە. ل ٢٦١ بکەن.

## بنەچە و واتای نێوی زەردەشت

لە ئاڤێستادا زەرەت ئەشتەرە، بە واتای (وشتری رەنگزەرد) نووسراوە و گوایە بە شێوەگەلی تایبەت نێوی زەردەشت دەکار کراوە کە گرنگترینیان بریتین لە: زەراتۆستــرا، زەراتەشت، زراهەشت، زەرادەشت، زەرتوشت و زرەهەشت و هیدیکە. بەلأم ئەو خۆی لە گاتاکاندا زەتوشتەر نێو دەبا. بۆ زانینی زۆرتر، سەیری سەرچاوەی خوارەوە بکەن: رۆدیگێر ئێشمیت، (نێوی زەردەشت). لە زانستنامەی ئێرانیکا (ئینگلیزی). هەروەها لە (دەرکەوتنی ئێران)یشدا. گوتاری دووەم.

دیتنی یۆنانییەکان لەمەڕ نێوی زەردەشت، کە بە زۆرۆئاستەر بێژرە (تلفظ)ی دەکەن، ئەوەیە کە لە چاخی یۆنانی ئاسترا (astra)، بە واتای ئەستێرە و زۆرۆس (zoros)، بە واتای لاوازنەبووە. ئەمە دێرینترین واتای رەپاڵدراوە بە نێوی زەردەشتەوە لە زمانی یۆنانیدا. دینۆنی یۆنانی ئەم نێوەی بە (پێداهەڵدەری ئەستێرە) واتا کردووە. بارتۆلۆمە پاژی یەکەمی بە (زەرەنت) تاپۆ کردووە و (خاوەنی وشتری پیر) واتا کردووەتەوە و (دار)یش بە (زەراتۆ)ی زانیوە و بە (زەرد) وەری گێڕاوە. ئەمڕۆش لە سەرچاوە ئەوروپاییەکاندا، بە کەوتنەدوو لە زمانی یۆنانی، بە زۆرۆئاستەر نێوی دەبردرێ. سەیری سەرچاوەی خوارەوە: a b Schlerath,1977, pp 133, تا ١٣٥، وەرگیراو لە ویکی پیدیای ئینتەرنێت.

## ئۆلی زەردەشت

ئیحسان تەبەری، کۆمەڵناس و تۆرەڤانی ماتریالیست، ، لەمەڕ ئۆلی زەردەشت، دەنووسێ: بنەچەی زەردەشت، یان مەزدەی یەسنا، لە درێژەی ژیانی درێژماوەی خۆیدا، تووشی گۆڕانکاریی دەروونیی زۆر هات. ئەمە چارەنووسی گشت ئۆلەکانە. ئەمانە لە دەفر (ظرف)ی سەردەمدا، خۆیان دەگونجێنن و شرۆڤە و لێکدانەوە و یاسا و فەرمان و دابوکرداری خۆیان لەگەڵ سەردەمدا رێک دەخەن و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێنن. بەلأم ناتوانین

(مـەزدی یـەسنا)ی مـۆغی سـەرەتا، کە لەگـەڵ ئۆلی مـەزداییی دێریندا ئاوێتە بوو، لەگـەڵ (بەخـدین)ی (مـۆگبـەت)انی سـەردەمی کۆتـایی سـاسـانیـیـەکـان وەکـویـەک بزانین. سـەیری برێ تـاوتوێ لـەمـەڕ جـیـهـانبـینی و جـەژنە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان لە ئێـراندا، لاپەڕەی ١١٧ چاپی یەکـەم ١٣٥٨ ی هەتاوی بکەن.

کەوابوو ئۆلی زەردەشت، لە گشت سەردەمـەکاندا یەکێ نەبووە و، گۆڕانی بە سـەردا هاتـووە. زەردەشت لە هـەمـان سـەرەتـای سـەرهـەڵدانیـیـەوە بۆ بانگەوازی ئۆلەکـەی خـۆی، وەهـای گـوتووە: گـوتەکـان ببـیـسن و بـە هزر و بیـرکردنەوەی روونـاکـەوە تێیـان بڕوانن و ئەو ڕێگەیەی کە دەبێ بیگرنە بەر، خۆتان هەڵی بژێرن. لەو بەهەشتە لفـەدووانەیەدا، کە لە سـەرەتای سـەرهـەڵدان، لەناو رامـان و گـومـاندا وەدەرکـەوتن، یەکـێک چاکـە دەنوێنـێ و ئەوی دیکەش خـراپە. لە نێـوان ئەم دووانەشـدا، زانا راسـتـی هـەڵدەبژێرێ و نـەزانیش درۆ. بڕوانن بۆ مهدیزادە کابلی، درۆی گەورە، چاپی دووەم ٢٠٠٦ ، ل ١، لە زمانی: گاتاکان، هۆنینەوەی سی ام، بەندەکانی دووەم و سێیەم.

کەوابوو رامـانـی بیرکردنەوەکـانی زەردەشت، بە سـەر بناغـەی پرسگرێکی کردارەوە راوەسـتـاوە و کردەوەی باش و گوتنی باش و بیرکردنەوەی باش، لە فـەرمـانە بێ زیادوکەمـەکانی زەردەشتن و، دەبێ لەبەرچاو بگیردرێن کە ئاشـا واتە راسـتـی و دروسـتـی، بەسـەر درۆدا زاڵ و سـەربەران بێ. زەردەشت لە هەمـوو شـوێنێک لەگـەڵ درۆ و خـراپـە، کـە زادە (زەو)ی بیـرکـردنەوەی ئەهریمـەنیـیـە، لـەشـەڕدا هـەڵی کـردووە و هـەر لەم رووەوە، ئاشـایا دروسـتـیی گـەوهـەری ئۆلی زەردەشـتـە. سـەیری: روانینێکی نوێ لە ئۆلی دێرین (فەلسەفەی زەردەشت): دوکتۆر فرهنگ مهر بکەن.

هەر لـەبەر ئـەمـە، زەردەشت بەربەرەکـانێی نێـوان چاکـە و خـراپـە، یان ئەهوورامەزدا و ئەهریمەنی دەست پێ کرد. ئەو لە کۆپەڕی ئاڤێستا نووسینی (جـەلیلی دووسـتـخـواه)، لە یەسنای ٤٥ بەندی ٢ لاپەڕی ٧٢ دا دەڵێ: ئێسـتـا لەو گەوهـەرەی دەسـپێکی ژیان، دەدوێین: گـەوهـەری پاک بە گـەوهـەری کرێتی

گوت: نە ئاکار، نە فێرکردن، نە ئاوەز و ئۆل، نە ئاخافتن و کردەوە، نە ئۆلزا و نە رەوانی ئێمەش، هیچکامیان پێکەوە تەبا نین. هەر ئەو دژایەتییەی نێوان دوو پەروەردگاری چاکە و خراپە، دەبێتە پاڵنەرێک کە سەرتاسەری رێنوێنییەکانی زەردەشتی، شەڕێک بێت لە نێوان ئەم دووانەدا: رووناکی و تاریکی، واتە لە نێوان رووناکی و تاریکی و لە نێوان خولقێنەری چاکە و ئافرێنەری خراپەدا. بۆ زانیاریی زۆرتر لەمەڕ زەردەشتیخوازی، هۆگران دەسپێرین بە کۆگری (مجموعە) یەسناکان (بەرگی ١ و ٢)، هەروەها بە ئاڤێستای نێوبراو، بلاوکراوەی ١٣٦٦ ی هەتاوی.

بەپێی نووسینەکانی نیبێرگ، ئۆلی زەردەشت، تەمەنی جیهان تەنیا بە ١٢ هەزار ساڵ دادەنێ، ئەو دەڵێ: "بەگوێرەی یاسای گەردوون، کە لە کۆپەڕی ئافراندنی یەکەم، بەنداژین (بندهش)دا دەبینرێت، کۆتاییهاتنی تەمەنی جیهان، دوای ١٢٠٠٠ ساڵ دیاری کراوە. بە سەر هەر ١٠٠٠ ساڵەوە، یەکێک لە دیمەنەکانی گەردوونی، بەسەر جیهانی ئاسمانییەوە، لەگەڵ مانگێک لە ساڵ، جێی گرتووە. ئەم ساڵە جیهانییە، بە چوار سووڕی ٣٠٠٠ ساڵی دابەش کراوە. "لە درێژەدا هاتووە کە سێ هەزار ساڵی یەکەم، خولقێنراوەکان لە ئەهوورامەزدا سەر هەڵدەدەن، کە لە یەک پاودانی بەهەشتیدا لە جیهانی پێشین و بەبێ بەرکەوتن (برخورد) لەگەڵ یەکتر و بێ ئەوەی کە بیری لێ بکەنەوە، ژیان دەبەنەسەر، یان پێکەوە هەڵدەکەن. سێ هەزار ساڵی دووەم، جیهانی هەبوون، بەبێ ئۆباڵ، بە سەر گۆی زەوینەوە لە پاودانی بەهەشتیدا ژیان بەسەر دەبەن و یەکەمین مرۆڤ، کەیۆمەرس، دەخولقێنێ و دەیکا بە فەرمانڕەوا. هەر لەم سووڕەدا ئەهریمەن، رادەبێ و روو لە جیهانی هەبوونی ئەهوورامەزدا دەکا.

ئەهوورامەزدا، ئەوی بە رووناکیی خۆی سەرسام کرد و لە خەوی کرد. لە سێ هەزار ساڵی دواتر، لە پاودانی خەو و بێهۆشی رادەچەنێ و بەلەز، شالاو دەباتە سەر جیهانی چاکە و رووناکی و جیهانی رووناکی لە خوارەوە کون دەکا. لەکاتێکدا ئەم جیهانی رووناکییە، بە بێ پەڵە لەخۆیدا بەسراوەتەوە و

بەشکڵی هێلکەیێکی زۆر گەورە، هەڵکەوتووە. (ئەمە لەگەڵ جیهان بە شێوەی دەرگایێکی زێڕین لە ئۆلی یارساندا هەڵسەنگێنن). لەم سێ هەزار ساڵەدا، ئەهریمەن لە هەموو شوێنێکدا مەرگ و گەندەڵی بڵاو دەکاتەوە. لە کۆتاییدا لە سووڕی سێ هەزار ساڵی دواتردا، دەبوو هێمنایەتی هەبووایە، چونکە کۆتایی جیهانە. سەیری هەمان سەرچاوە و لاپەڕەکانی ٢٨ و ٢٩ وەرگێڕانی فارسی بکەن.

لێرەدا ئێمە دیمەنی (زەڕوان)، یان خوای سەردەم دەبینین کە لە ئۆلی زەردەشتدا سەری هەڵداوە و لەم دابەشبەندییە سەردەمە کەوشەندارەی جیهان، بە شێوەیێکی دیکە کەڵک وەردەگرێ و بەو بڕوایەی کە بەم ئۆلە هەیبووە، لە سەردەمی ساسانییەکاندا، کار و کردەوەی نواندووە. لە راستیدا زەڕوان، واتە خوای سەردەمی بێ سەرەتا و بێ کۆتایی. زەڕوانیزم بە سەرەتا و کۆتایی دەمان (زەمان)، بڕوایان نییە و دەڵێن: جیهان سەرەتا و کۆتایی نییە. یارسانەکانیش بەلای کەم هەر ئەم باوەڕەیان هەیە. بەپێی چیرۆکە ئێرانییەکان، زەڕوانییەکان بڕوایان بەوەیە کە دوو گەوهەری لفەدووانە، (ئەهریمەن و ئەهورامەزدا)، زاوی جیهانی دایکن و، زەڕوان دەسەڵاتگێڕیی جیهانی بۆ ٩٠٠٠ ساڵ داوە بە کوڕی خۆی ئەهریمەن، کە لە سەرەتادا لەدایک بووە. ئەمانە هەروەها لەو بڕوایەدان کە زەڕوان دوای بنەبڕبوونی دەسەڵاتی ئەهریمەن، فەرمانڕەوایی جیهان بە ئەهوورا دەسپێرێ.

### ئۆلی مانی، جیابوونەوەیە لە زەردەشتیخوازی:

هەر بەو چەشنەی کە ئەمڕۆ، لە هەموو رێکخراوە سیاسییەکاندا، بێ هەڵاواردن جیابوونەوەگەلێک روو دەدەن، لە سەردەمانێکیشدا کە ئۆلزاکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکاندا نەخشی زۆرتر و گرنگتریان هەبووە و، لە راستیدا بەجێگەی رێکخراوی سیاسی، کردەیان نواندووە، هەروەها جیابوونەوەگەلێکیش تێیاندا سەری هەڵداوە. لەوکاتەدا کە مۆغەکانی زەردەشتی لە خزمەتی پاشاکان و دەسەڵاتداراندا خۆیانیان دەدیتەوە و

پێوەندیی خۆیان بە پێچەوانەی مرخ و دەمودووی زەردەشت لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بڕیبوو، کەسایەتیگەلێک دەرکەوتن کە بە خەڵک و بە نووسینەکانی زەردەشت لەمەڕ خەڵک، وەفادار بوونە. لەوانە و یەکێ لەم پەیامهێنەرانە، مانی بووە کە لە سەردەمی شاپووری ساسانیدا و لەوپەڕی هێز و دەسەلاتی مۆغەکانی زەردەشتیدا راساوە و، ئەو کەسانەی لە ڕێگەی زەردەشت، بە لادەر، یان لەڕێدەرچوو ناودێر کردووە.

بڕوانن بۆ (تێڕوانینێکی خێرا بۆ دێریک و فەلسەفەی ئەهلی حەق (یارسان)، لاپەڕەی ٣ چاپی یەکەم، کتێب ئەرزان، سوید ١٩٩٩، نووسەر دوکتۆر گوڵموراد موڕادی.

کەوابوو هەر بەوجۆرەی کە (ئیحسان تەبەری)ش گوتوویەتی، ئۆلی زەردەشت، مەزدا یەسنا، لە درێژەی ژیانی دووردرێژی خۆیدا، گۆڕانی دەروونیی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەمە چارەنووسی هەموو ئۆلەکانە. ئەوانە لە درێژەی سەردەمدا، خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکە دەگونجێنن. واتە خۆیان لەگەڵ سەردەم ڕێک دەخەن. هەر لەم سۆنگەیەڕا، جیابوونەوەکان خۆزا (طبیعی) بوونە. مێژووزانی ئێرانی، دوکتۆر (زەڕین کورب)، لە دێریکی ئێرانی دوای ئیسلام، لەمەڕ مانی دەڵێ: (لە ڕاستیدا بنەڕەتی دوئالیسم (دوانەپەرستی)، مانی لە زەردەشتی وەرگرت و لە بارهێنانی بوودا، لە دەستووری ئاکار و ڕەوشتدا، وتەی باش فێر بوو، هەموو ئەمانەشی لەگەڵ بارهێنانی عیسایی و گنووسیدا تێکهەڵکێش کرد و هەر ئەم خاڵانە بوون بە سۆنگە بۆ بڕۆپێدان و بڵاوکردنەوەی ئۆلەکەی ئەو لە جیهانی ئەو سەردەمەدا. ئۆلی مانی، ئۆلێکە بە سەر بناغەی دووانەپەرستی و مزگێنیدەری ڕزگاری. مانی بە دوو بنەما، دڵکاو (راضی)یە: ڕووناکی و تاریکی، کە لەم جیهانە، واتە ڕۆژی ئێستا – بە پێچەوانەی سەردەمی مانی – ئەم دوو بنەمایە تێکهەڵکێشی یەکترن. مەڵبەندی نوور کە هی (باوکی گەورەیی)یە، لەگەڵ مەڵبەندی تاریکی کە سەر بە (سانی تاریکی)یە، لە دەرکەوتنی (باوەدەمی یەکەم لەگەڵ یەک تێکهەڵکێش کراون و کەوشەن و کەوشەنێکیان لە نێواندا نییە). هەمان سەرچاوە،

لاپەڕەکانی ١٩٧ تا ١٩٨، تاران ,١٣٤٣

لەراستیدا هەر بەوچەشنەی کە ئاماژە کرا، نەخشی مانی و وەدەدیهێنانی ئەم ئۆلە تازەیە، لەسۆنگەی هەمان راسا (اعتراض)، بە مۆغەکانی زەردەشتی بووە کە لە هێلّی زەردەشت لایان داوە. مانی لە دواین چرکەکانی تەمەن و لەپای داری سێدارەدا، بە کوڕی شاپووری ساسانیی گوت: بە سەر کەلاوەکانی لەشی منەوە، جیهان ئاوەدانە. سەیری دوکتۆر گولّمورادی بکەن، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٤. سەبارەت بەوە کە بیرکردنەوەی مانی لە باری سیاسییەوە، تەنانەت گەیشتووەتە شاپووری ساسانییش، لە کۆپەڕی (ئێران، لە سەرەتاوە هەتا ئیسلام)، لاپەڕەی ٣٥٢، نووسینی ر. گیرشمەن، وەرگێڕانی دوکتۆر موعیندا هاتووە: شاپوور (کۆچی دوایی ٢٧٣ ی زاینی)، کە بنەڕەتی پاشایەتییەکی گەورەی دانا، سەرنجی بەلای مانیدا راکێشرا و ئەم بنەمای ئۆلە گشتییەی گرتە ژێر سەربەرانی پشتیوانیی خۆی.

بیرکردنەوەی مانی کە لە ئۆلەکانی زەردەشتی، بوودایی و مەسیحی وەرگیرابوو، شوێنکەوتووگەلێک لە نەتەوەکانی ئاسیای رۆژهەلات کە خاوەن ئۆلزاکانی نێوبراو بوون، بۆ پەیامهێنی ئاماژەپێکراو کۆ کردەوە. ئاخۆ شاپوور، بە سەرنجراکێشانی مانی بۆ لای خۆی و بە دڵداوێری (موافقت) لە بانگەواز بۆ ئۆلەکەی ئەو، مەبەستی سیاسیی کەم تازۆر و دوورودرێژی هەبوو؟ ئەم وادانان (فرضیە)یە، بەدوور نەدەهاتە بەرچاو. بەهەرحالّ، ئەمە نیشانەی ئەوەی پێوەیە کە ئۆلەکەی مانی، زۆرتر لایەنی بزووتنەوەیێکی کۆمەلآیەتیی هەبووە و برواهێنانی خەلّک بە ناوبراو، زۆرتر پەرچە (دفاع)، لە مافی مرۆڤانی بووە، لە چوارچێوەی ئۆلێکی نوێدا. لە راستیدا مانی بە پاراستن و بەرزکردنەوەی شەڕی نێوان رووناکی و تاریکی و، یەزدان و ئەهریمەن، ویستوویەتی سەرتاپای جیهان، لەم نەبەردە دژبەیەکەی، نێوان دوو رەگەزی چاکە و خراپە، روون بکاتەوە و جیاوازیی ئاشکرای نێوان چینەکانی کۆمەلّگەش دەرببڕێ کە لە دژی دەبێ راوەستن.

دیسانەوەئیحسان تەبەری، ئەم بیرەوەر (متفكر)ە ماتریالیستە، دەلّێ:

خوانەناسینی لایەنگرەکانی مانی، ئاوێتەیێکی تێکەڵوپێکەڵ بوو، لە هەموو جۆرێک رەوتەهزرییەکان (جریانات فکری)ی سەردەم، بۆ ئەوەی کە بناغەدانەری ئەم (خوانەناسیی مانوی)یە، بەو لایەنە تەواو خواناسانە و چلەکێشانە و بەو بینانەیەی خۆیەوە، پرسگرێکی شەڕی دژبەرەکانی، بە شێوەی تایبەت بەخۆی، بهێنێتە گۆڕ.

بە بڕوای مانی، لە شەڕی نێوان ڕووناکی و تاریکیدا جیهان دەخولقێت. نەوس (نفس) درەوشاوەیە، بەڵام لەش شەوەزەنگ یان تاریکەسەلاتە. دۆنەکانیش کە لە ڕووناکین، لە جەستەی شەوەزەنگدا زیندانین و دوای مەرگ لەم بێرکمە دەرباز دەبن و بەرەو هەتاو هەڵدەکشێن. لەگەڵ ئەوەیکە لەئاکامدا دەسەڵاتی نەمری ڕووناکی دادەمەزرێ، بەڵام لە کاتی ئێستادا تاریکییە کە سەربەرانە، بۆ ئەوەی کە جیهان گۆڕەپانی کوێرەوەری و بێدادییە. هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ١١٩.

ئۆلی مانی لەگەڵ ئەوەی کە لە قەراخ هەتاوپەرستیدا، بوو بە ئۆلێکی جیهانی، بەڵام ڕەدووکەوتووەکانی لەبەرانبەر مۆغەکانی زەردەشتیدا، بەرگەیان نەگرت و سەریان دانەواند و خۆیان دا بەدەستەوە. بەڵام یەکێکی تر لە لادەرەکانی ئۆلی زەردەشت، مەزدەکی بەیانان، کە مێژووزانان ئەویان بە بناغەدانەری ڕێبازی ماتریالیستی دادەنا، دواتر و لە سەردەمی قوبادی ساسانیدا (کە ٤٨٨ ی زاینی بە دەسەڵات گەیشت)، ڕاپەڕی، ئەو ئۆل و ڕێنوێنییەکانی مانیی بە شێوەیێکی شۆڕشگێڕانەتر بڵاو کردەوە و درێژەی پێ دا. بڕوانن بۆ گیرشمەن لاپەڕەی ٣٦١ هەمان سەرچاوە.

**مەزدەک و ئۆلەکەی مەزدائیزم:**

لە مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران، بەرگی سێیەمدا دەخوێنینەوە کە: "لە سەردەمی ساسانییەکاندا جیاوازیی چینایەتیی فرەتر بوو، لە سووڕی دەسەڵاتی قوبادا، مەزدەک لە دژایەتیی نێوان پاشا و چینی ڕۆحانییەکان کەڵکی وەرگرت و ڕوانگە یەکسانیخوازەکانی خۆی ڕاگەیاند" ئەو گوتی:

"نابەرابەری و نایەکسانی لە جیهاندا بە زەبری زۆر و ستەم سەری هەڵداوە. یەزدان هەموو کەرەسەکانی ژیانی لەسەر رووی زەوین لەبەر دەس ئێمە داناوە، تا هەموو تاکەکانی مرۆڤ، وەکو یەک لەنێوان خۆیاندا دابەشی بکەن، کەوابوو لە زۆردارانی وەرگرت و بە هەژارانی دا". هەمان سەرچاوە، (مرتضی راوندی)، ل ٢٧، وەرگێراو لە وەرگێڕاوی مێژووی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا، کریستییەن سێن، ل ٣٦٧.

باشە ئەم مەزدەکی بەیانانە کێ بوو؟ ئەو یەکێک لە کەسایەتییەکانی زەردەشتی بوو، کە لە سەردەمی پاشایەتی هەر ئەم قوبادی ساسانییەدا سەری هەڵدا و بزووتنەوەیێکی کۆمەڵایەتیی لەژێر ئاڵای زیندووکردنەوەی ڕێبازی زەردەشت ڕێبەری کرد. سەبارەت بەمە، گیرشمەن هەر لەو سەرچاوەیەی سەرەوەدا دەڵێ: "ئەو رەودووکەوتووەکانی خۆی، بە پارێزەوە بانگهێشت کرد و دنەی دان کە لە رق و کینە دووری بگرن، دیتنە کۆمەڵایەتییەکانیشی کە پشت بە نووسینەکانی سەرەوە دەبەستێ و لەسەری دواین" واتە یەکسانی لە دابەشکردنی سامان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا بوو، سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشا. مەزدەک دەیگوت: "سامانی دەوڵەمەندەکان دەبێ بدرێ بە خەڵکی هەژار و بەلەنگاز"، مەبەستیشی لە سامان، هەم کەلوپەلی ژیان بووە، هەمیش ژن. هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٢.

بەم شێوەیە لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی ساسانییەکان کە لە نێوان خەڵکدا چینبەندییەکی ئاشکرا هەبوو و هیچ کەسێک نەیدەتوانی لە چینێکەوە هەڵچێ بۆ چینێکی تر و برێ پیاوی دارا و زەنگین، سەدان ژنیان وەکو کاڵا لە حەرەمسەرا (هەندەروون)ەکانی خۆیاندا کۆ کردبووەوە و تەنانەت ساڵێ جارێکیش پێیان ڕانەدەگەیشتن، مەزدەک هات و یەکسانی راگەیاند و قوبادی ساسانییش پشتیوانی لێی کرد، بەڵام گەورەپیاوان و ساماندارەکان تووڕە بوون و قوبادیان لێ خست و ناچاریان کرد پەنا بەرێتە بەر دەرباری (خاقانی هیاگلەی خۆشنەواز). (٤٩٦ زاینی). قوباد سێ ساڵ لە بارەگای خاقانی هیاگلەدا مایەوە و بۆ لەناوبردنی براکەی زاماسپ، کە گەورەپیاوان و

مۆغەکانی زەردەشتی لە جێگەی ئەویان لەسەرتەخت دانابوو، دەستی کرد بە لەشکر کۆکردنەوە، کە دواییەکەی بە پشتیوانیی دەرەوە، تاج و تەختەکەی لەسەرڕا وەدەست هێنایەوە. بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە، سەیری کۆپەڕی، بڕێک لێکدانەوە لەمەڕ جیهانبینی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا لە نووسینی ئیحسان تەبەری بکەن. هەروەها سەیری کۆپەڕەکەی (گیرشمەن) بکەن.

جێگەی سەرنجە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی عەرەب بە سەر ئێراندا، واتە سەرەتای سەدەی هەشتەمی زاینی، ئۆلی مەزدەکی، بووبوو بە سەرۆ (الهام) پێدەری ڕاپەڕینی خۆرزادی خاوارەزمی، برای پاشا و دەستی دایە ئەو کارەی کە مەزدەک دەستی پێ کردبوو. ئەو دوای ئەوەی کە بەسەر هەر ناوچەیێکدا دەسەڵاتی دەگێڕا، ماڵ و سامان و دارایی گەورەپیاوان و دەوڵەمەندەکانی دابڕ (تصرف) دەکرد، لە کەلوپەلەوە بگرە هەتا دەگەیشتە ژن و ئاژەڵ، ئەوسا دەیدا بە هەژاران و بەلەنگازان. لەو کاتانەدا عەرەبە موسوڵمانەکان هاتن و پشتی پاشای خوارەزمیان گرت و بزووتنەوەکەی خۆرزادیان لەناو برد.

بەهەرحاڵ بزووتنەوەی مەزدەکییەکان، لە سەردەمی قوبادی ساسانی لە ساڵی ٤٩٤ ی زاینی دەستی پێ کرد و تا ساڵی ٥٢٤ ی زاینی واتە ٣٠ ساڵی ڕەبەق، درێژەی هەبوو و، هەر بەوجۆرەی کە گیرشمەن گوتوویەتی، ئەو بزووتنەوەیە تا سەردەمی دەسەڵاتی عەرەبەکان بۆ سەر ئێرانیش هەر درێژەی هەبوو، تا لەئاکامدا لە سۆنگەی دژایەتیی نێوان قوبادی ساسانی، کە دیسان لە ساڵی ٤٩٩ گەیشتەوە بە دەسەڵات، لەگەڵ مەزدەکییەکان، هەموویان کێشرانە دادگە و بە داوەریی مۆغەکانی زەردەشتی و ئۆسقەفەکانی مەسیحی، ڕەنگە لە ٢٥ ی ژانویەی ساڵی ٥٢٤ ی زاینی بووبێ، بە بێدین تاوانبار کران و بە ناشیرینترین شێوە، مەزدەکی پووربەیان و ڕەدووکەوتووەکانی کوژران. ئەمە بوو بە کۆتاییی خەفەتباری مەزدەکییەکان لەناو زەردەشتییەکاندا. لە ڕاستیدا یەکێک لە هەلومەرجی گەڕانەوەی قوباد بۆ سەر تەختی دەسەڵات ناڕاستەوخۆ لەلایەن پیاوماقووڵانەوە، دادگاییکردنی

مەزدەکییەکان و لەناوبردنیان بووە، یان قوباد خۆی بەو ئاکامە گەیشتووە کە ئەگەر دەسەڵات بکا و بمێنێتەوە، دەبێ دڵی پیاوماقوولان و رۆحانییە زەردەشتییەکان، رابگرێ.

### هۆی شکانی ئۆلی زەردەشت لە ئێران

ئێستا چەند خاڵێک لەسەر شکست و بەزینی ئۆلی زەردەشت دەخەینە روو، کە بۆچی نەیتوانی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دروشمی کردەوەی باش و بیرکردنەوەی باش و گوتنی باشی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسە، دوو خاڵ نەخشی بنەڕەتییان هەبوو: یەکەم، نادڵکاوبوونی بێ کەوشەنی خەڵکی رەدووکەوتوو بە ئۆلی زەردەشت، لە ستەم و زۆرکاریی پاشاکانی ساسانی و مۆغە زەردەشتییەکان کە لە خزمەتی ئەم پاشاگەلەدا بوون. بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە، دەتوانین چاو لە هەمان لووتکەی هێزی ساسانییەکان بکەین، کە لە بزووتنەوەکانی مانی و مەزدەکدا، لە سەرەوە لەسەری دواین. بە دیتنی منی نووسەری ئەم دێرانە، سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەگەلە و ئاکامەکانی، دەگەڕێتەوە بۆ وەڕزبوونی خەڵک لە کردەوەی دەسەڵاتداران و، لایەنگریی مۆغە زەردەشتییەکانیش لەو دەسەڵاتدارانە. خەڵکی باوڕمەند و بەتایبەت چاندەکاران ویستوویانە بەهەر شێوەیێک بووبێ، لە ژێر سەربەرانی ستەمی بۆ نموونە: دانی سەرانەی قورس، رزگاریان ببێ. لێرەدا میناکێکی مێژووییتان بۆ دێنمەوە. ئارتۆر کریستییەن سێن، لە دێریکی ئێران لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسیویە کە: "خوسرەو (نەوشیروان)، کۆبوونەوەیێکی کرد و گوتی: هەرکات کەسێک هەڵەیێک دەکا، دەری ببڕێ باشە. لەو کۆبوونەوەیەدا، هەموو بێدەنگ بوون، پاشان سێ جار وتەکانی دووپات کردەوە، پیاوێک لە جێگەکەی هەستا و بەوپەڕی رێزەوە گوتی: جەنابی پاشا سەرانەیێکی هەمیشەییت بۆ کەلوپەلی بێدەوام بڕیوە بە سەرماندا، ئەمە بە تێپەڕبوونی دەمان (زەمان)، لە کاتی دانی سەرانەدا، دەبێتە هۆی ستەم و زۆرکاری. پاشا بە تووڕەیییەوە بانگی هەڵێنا و گوتی: هەی شەیتان، تۆ کە

خۆت بە ئازا دەزانی، لە کامە چینی ئەو خەڵکەی؟ پیاوەکە لە وەڵامدا گوتی: "لە چینی نووسەرانم". پاشا فەرمووی: بە قەڵەمدان ئەوەندەی لێ دەن، هەتا دەمرێ! ئەوسا تەواوی نووسەرەکان بە قەڵەمدان ئەوەندەیان لێ دا هەتا گیانی سپارد. ئەوسا گشت ئامادەبووان گوتیان: "جەنابی خەسرەوشا، ئەو سەرانەگەلەی کە دەبێ بیدەین، هەمووی نیشانەی دادپەروەرییە". بڕوانن بۆ هەمان سەرچاوە، وەرگێڕانی رەشیدی یاسەمی، چاپی نۆیەم، تاران ١٣٧٤، ل ٥٠٤، گوایە ئەمەش لە زمانی تەبەرییەوە وەرگیراوە، ل ٩٦١، نۆلدکە لاپەڕەکانی ٢٤٢ و ,٢٤٣ لەهەر حاڵدا خەڵک وا وێنا (تصور)ی کردووە کە، دوای ئۆلی زەردەشت و دەسەڵاتی ساسانی، هەر کەس و هەر ئۆلێک بێتە سەر کار، لەوان خەراپتر نابێ. هەر لەبەر ئەمە، بەدڵ و گیان لە دەسەڵات لایەنگرییان نەدەکرد و لە شەڕەکاندا زوو سەریان بۆ عەرەبەکان دادەنەواند. دووەم گوشار و بێ بەزەییبوونی عەرەبی تازە موسڵمان کە بە سەر ئێرانییەکاندا سەرکەوتن. سەرەڕای ئەوەی کە لە قورعانی مەجیدا، باس لە حاوانەوە لەگەڵ ئۆلەکانی تردا کراوە، بەڵام ئەوانە دوای سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر ئێراندا، هەموو ئۆلێکی ناموسڵمانیان بەتایبەت ئۆلی زەردەشت، خستە ژێر چاوەدێریی و رەدووکەوتەکانی ئەو ئۆلەیان بە ئەندازەیێک ئازار دا، کە ئەوانە یان ناچار بوون ببن بە موسڵمان، یان ئەگەر لە کوشتن رزگاریان دەبوو، هەڵدەهاتن بۆ وڵاتانی دیکە و لەبەر ئەم بارودۆخە، لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئۆلی زەردەشت نەیتوانی هەڵبدا و گەشە بکا.

بەشی سێیەم

## مەسیحییەت

لە راستیدا ئۆلی مەسیحی بە سەر بناغەی ئۆلی یەهوودەوە راوەستاوە و، تەورات کۆپەڕی پیرۆزی یەهوودییەکانی سەردەمی دێرین، ئینجیلی پیرۆزی مەسیحییەکانە. واتە عیسای مەسیح، تەڤکۆدەری ئۆلی یەهوود بووە، نەک بەرپەرچدەرەوەی. بڕوانن بۆ بەشی ٥، ئایەتەکانی ١٥ تا ١٦، ئینجیلی مەتی، ل ٦، سەرەڕای ئەمەش مەسیحییەکانی سەرەتا، بڕوایان وایە کە عیسای مەسیح، بە دەستی یەهوودییەکان و بە راسپێریی بەڕێوەبەرانی ئۆلی یەهوود، کوژراوە. لە دوای ئۆلی یەهوودی و زەردەشتی و بوودایی، ئۆلی مەسیحیی چوارەمین ئۆلی جیهانە. بە پێی نووسینەکانی بەهمەنی ئارمیتی، کە لە کۆپەڕی (ئۆل لە تێپەڕبوونی دەمان)دا، ل ٤٣، ساڵی ١٩٩٧، چاپی ستۆکهۆڵم نووسیویەتی، نزیک بە یەک ملیارد و نیو رەدووکەوتەی هەیە لە سەرانسەری جیهاندا. دیارە لە ئەورووپا هەرکەسێک سەرانەی ئۆلی بدا، بۆ نموونە لە ئاڵمان تا کاتێک کە خاوەنانی کار و پیشە، بێدەنگ بن و خۆیان داوای چوونە دەرەوە لە کڵێسا نەکەن، سەرانەی کڵێساکان لە مووچەکەیان بە شێوەی اتوماتیک (خۆکار)، هەڵدەگیرێ و وەکو رەدووکەوتەی مەسیح دێنە ئەژمار. لەهەر پاودانێکدا، زۆرێک لەوانە کە سەرانەی ئۆلیی دەدەن، هیچ بڕوایێکیان بە ئۆل نامێنێ، یان ئەگەریش بە رواڵەت هەیانبێ، هیچکات وارە (مراسم)ی ئۆلیی بەجێ ناهێنن، بێجگە لە جەژنە ساڵانگەلی نەبێ، ئەویش بە شێوەی راهاتن.

مەسیحییەکان، رۆژی لەدایکبوونی عیسای مەسیحیان، بە گێڕانەوەی

حەوارییەکان کە لە چوار ئینجیلی سەردەمی نوێدا هاتووە کردووە بە سەرچاوە بۆ ئۆلەکەی خۆیان و دەڵێن: ئەو لە دایکێکی باکیرە لە بەیتولەحمدا لەدایک بووە و هەموو ساڵێ ئەم رۆژی لەدایکبوونە لە ٢٥ ی دێسامبردا جەژن دەگرن. جێگەی سەرنجە کە هەر ئەم رۆژە گوایە رۆژی لەدایکبوونی میترا (مێرا، یان مییەر) بووە، یەزدانی ئێرانییەکان و رۆمییەکان. زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، لە مێژووی سەرهەڵدانی مەسیحییەت، تێپەڕ دەبێ. ئۆلی مەسیح لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە لووتکەی هێزی خۆی گەیشت و لەم چاخەدا و دوای ئەوەش، جوانترین و پرتێچوو (پرمصرف)ترین کلێسایان بە داهێنانی ئەندازیارانی زیرەک و تێگەیشتوو، هونەرمەندان و نیگارکێشانی کەموێنە و کرێکارانی کارزان و باوەڕمەندانی راستەقینە، بینا ناوە و هەڵخستووە. ئەمڕۆ زۆربەی ئەم کلێساگەلە، بەشێکن لەو شوێنەوارە مێژینانە کە زۆرتر جێگەی بەسەرکردنەوەی گەڕۆکەکانە نەک ئەوانەی کە بۆ نوێژ و ژارین و پاڕانەوە دەچنە ئەوێ، چونکە بەبەراورد لەگەڵ ئەژماری مەسیحییەکانی جیهان، بەتایبەت ئەمەریکا و ئەورووپا، خەڵکێکی کەم، بۆ ودم و ژارین لە کلێساکاندا کۆ دەبنەوە. ئەگەر بڕێک لە دەوڵەتە مەسیحییەکان، لە رێگەی سەرانەوە، بەو دوولقە گرنگە ئۆلزایە، واتە کاتۆلیک و پرۆتستان، یارمەتیی ماڵیی نەگەیێنن، بارودۆخی ئابووریی ئەم کلێساگەلە، سەرەڕای ئەو سامانە زۆروزەبەنەی کە هەیانە، شپرێو و لەرزۆک دەبێ.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، تا بەرلە چاکسازیی مارتین لۆتەر لە کلیسا و سەرهەڵدانی پرۆتستانەکان، باوەڕمەندانی دەسرۆیشتوو، هەموویان داهاتی کلێساکانیان لە رێگەی کڕینی سووچ (گناه)ەکانی خۆیانەوە دابین دەکرد. مارتین لۆتەر وەکو مەسیحییەکی تەواو باوەڕمەند، دژ بە ئەم کردەوەیەی کاردینالەکانی کاتۆلیک راپەڕی و ئاشتیخوازانە، دەنگی نادڵکاویی خۆی هەڵبڕی. بەهەمەنی ئارمیتی، لە پێوەندی لەگەڵ ریفۆرم و نادڵکاویی لۆتەردا دەنووسێ: لە رۆژی ٣١ ی ئۆکتۆبری ١٥١٧، لۆتەر تابلۆیێکی بە سەر دەرکی کلێسای ویتنبێرگەوە هەڵواسی و لەو تابلۆیەدا بە ٩٥ بەڵگە، فرۆشی

(پسـوولەی بێتـاوانـی) لە لایەن کلیسـای کـاتۆلیکەوە بڕیارداو (مـحکوم) کرد. ئەم پسـوولەی بێتـاوانیـیـە، شتـێک بوو کـە کـەسی مـەسـیـحی بـە دانی پارە دەیتـوانی، تاوانەکـانی خـۆی بکڕێتـەوە و لە پسـوولەکەشـدا دەنووسـرا: "ئەو کـەسـە لە تاوانەکـانـی خـۆی پاک بووەتەوە" وە تـەنانـەت جـێگەیەکـیـشـی لە سـەرزەوینی یەزدانیـشـدا بۆ کەسەکە تضـمـین (دەسـتـەبەر) دەکرد. بڕوانن بۆ هەمان سـەرچاوە، ل ٩٤، لە هەر پاودانێکدا ئێستاکە مەسیحییەت، بەهێزترین و زەنگینترین ئۆلە بە سـەر ئەم گلۆڤـەرە خاکەوە کە ئێمەی بەسـەرەوە دەژین. بەئـاشکرا، ڕەدووکـەوتـەکـانی ئۆلی مـەسـیـح و بـەر لە هـەمـوو شـتـێک ڕێبـەرەکانیـان، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئۆلە، کەسـان و مـسـیـۆنەرگەلێک بە پێی داوونەرێتی حەوارییەکانی عیسای مـەسیح، دەنێرن بۆ سەرتاسـەری جیهان و ئەوانەش وێڕای بـانگەواز بۆ مـەسـیـحـیـیـەت، سـەرچاوکـەی خـزمـەتێکی زۆری مـرۆڤـایەتیـشن لەو وڵاتە هـەژارانـەی جیـهان. هـەروەهـا لە وڵاتـانی ئەوروپاییش نەخشێکی گرنگیـان لە فێرکردن و بارهێنانی کۆمـەڵگە و یارمـەتیگەیاندن بە کاروبارەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤی هەژار و بەلەنگازدا هەیە.

ئەوڕۆکە زۆرترین کـەسانێک کە ڕوویان لـە ئۆلی مەسـیح کردووە، خـەڵکانی هـەژار و بەلەنگازی کۆمـەڵگەن. ئەژمـاری ئەم خـەڵکانە، لە وڵاتـانی (جیـهـانی سـێـیـەم)، بەرزترین ئەژمـار پێک دێـنن کـە لە ڕێگەی ئەو مـسـیـۆنەرانەوە کـە زۆرتریان کاتۆلیکن، بەلای کلێسادا ڕادەکێشرێن.

## ئۆلی مـەسـیح لـە چ بارودۆخێکدا سـەری هـەڵدا؟

بارودۆخێک کە ئۆلی مەسـیح تێیدا سـەری هەڵدا، گەشـەی کرد، هـەڵچوو و بووبە ئۆلێکی گرنگ و جیـهانی، هەلومەرجێکی یەکجـار دژوار و پێچـەڵپێچ و ئۆقرەپڕووکێن بوو. ئیمپراتۆریای ڕۆم، بە سـەر زێدی ئۆلی مەسیحەوە، تەواو سـوار و سـەربەران بوو، یاسـای کۆیلەداری و ئـاغـا و نۆکـەری، بە شـێوەیێکی یەکجـار کرێت و کـەرتۆڵە، لەوێدا دەسـەڵاتی هـەبوو. شـەڕە گلادیاتۆرییـەکان جـۆرێک ڕابواردنی شـانۆنوێن بوون کـە بە ئـامـادەبوونـی ڕێبـەرانـی وڵاتان و

دەربارییـەکان بەڕێوە دەچوو. بەم شێوەیـە دوو کۆیلەی یاخـی و سـەرکێشـی بەندکـراویـان بەگـژ یەکـدا دەکـرد، دەبوو یـەکـێک ئەوی تر لەنـاو بەرێ. ئەگـەر یەکـێک لەوانە بـە سـەر ئەویتـردا سـەردەکـەوت، و بەزەیـی پێـدا دەهاتەوە و هـاوزینـدانی و هـاوزنجـیـرەکـەی خـۆی نەدەکـوشت، سـەربازانی چاوەدێر، فەرمـانی تەواویان هەبوو کە کۆیلە سەرکەوتووەکە، لەناوبەرن. بەگشـتی لەمەڕ هۆی سـەرهـەڵدانی مـەسیـحیـیـەت، لە کۆپەڕی روانینێکی خێرا لە مـێژوو و فەلسـەفەی ئەهـلی حـەق (یارسـان)، ل ٤ ی پێشـەکـییـەکەیدا دەخوێنینەوە: مەسیحییەتیش لە برگەیێکی دەماندا پێ گەیشت و پوختە بوو، کە ئیمپراتۆرە خوێنخـوارەکـان لە کوشـتنی مرۆڤـە کۆیلەکان و شـەڕە گلادیاتـۆرییـەکان بە شـێـوەی نواندن و نمایشی چێـژیان دەبرد. عـیـسـای مـەسـیح هـات و ئەم کـردەوەیەی بەکـرێت و دزێـو نێـودێر کـرد و بەلەنگازەکـانی نەوازش کـرد و پـارووی لە دەمـی خـــۆی دەگـــرتەوە بۆ خـــەڵکـانی هـەژار و دامـــاو. بـەڵام رەدووکەوتەکـانی مـەسـیحـیـیـەت، کە بوون بە خـزمـەتکاری ئیـمـپـراتۆرەکـان، کۆیلەدارییـان تیژڕۆیانە برۆ پێ دا، یان بوونی کۆیلەدارییان بەدروست زانی و بۆ لایەنگری لە زۆردارەکـان، دەسـتـیـان دایە گـەورەترین تاوان لە مـێـژوودا. دواتر کە زۆرتر بەسـەر بارودۆخەکەدا زاڵ و سوار بوون، هـەر دەنگێکی ناحەز بە مەسـیحییەتیان لە دادگەکانی کلێسا (ئێنکیزیسیۆن سـەدەکانی دوازدە تا حەڤدەی زایینی)، لە گەرووداخنکاند و زاناگەلێکی وەکو گالیلەیان ناچار کرد، لەو تیۆرییـەی کە لە (گەڕانی زەوین بە خڕی خۆی و بە خڕی هـەتاودا) دەدوێ، پاشگەز ببێتەوە و بە درۆی بخاتەوە. هـەروەهـا پەرسـا (راهب)ی ئۆلیی ئیتاڵیا، (بوورنۆ جیـۆردانۆ)شـیـان لەبەر ئەوە کە رەخنـەی لە کلیسـا و خـورافـاتەکـانی گرت، بە فـەرمـانی کـاردینـاڵە گەورەکان، زیندەبەچاڵ کرد و سـووتاندیان. ئیتر لە شەڕی خاچپـەرستەکانی سەدەی دوازدە تا سێزدەی زایینی و قەڵاچۆکردنی نامەسـیحییـەکان کە لە راسـتیدا ململانێی نێوان مەسـیحییـەکان و موسـڵمـانە تازە پێگەیشـتـووەکـان بوو، واز دێنین. ئێسـتا ئەم ئۆلە، چۆن سـەرکەوت و بوو بە ئۆلێکی جیهانی و توانیی رەدووکەوتووەکـانی خۆی بگەیێنێتە یەک ملیارد و

نیو؟! لەپێشدا دەبێ چاوێک لە شوێنەمێنگەی زێدی مەسیح بکەین و بزانین ئاخۆ هەلومەرجی ئەو دەمانە دووگیانی سەرهەڵدانی ئۆلێکی تر بووە، یان نە، پاشانیش سەرهەڵدانی مەسیحییەت چ نەخشێکی لە باشترکردنی ژیانی خەڵکدا هەبووە؟

تا نزیکەی دوو سەدە بەر لە زاین، ئیمپراتۆریای رۆم، تەنیا لە نیوەدوورگەی ئیتالیا و بەشێکی بچووک لە فەڕانسە و ئەڵمانی ئەو دەمانەدا دەسەڵاتی هەبووە. بەڵام لەوە بە دواوە، ئەم ئیمپراتۆریاییە، توانیی ناوچەی دەسەڵاتی خۆی پەرەپێ بدا و، ببێ بە ئیمپراتۆرییەکی زۆردار. واتە وای لێ هات کە بەسەر بەشێکی گەورە لە ئەورووپا و بەسەر زۆربەی وڵاتانی دەوروبەری دەریای سپیی ناوەڕاستدا تا رووباری نیل و هەروەها بەسەر فەلەستین و بیتولەحم (ئیسراییل ئەوڕۆکە)دا، فەرمانی وایی بکا. بەداخەوە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە، بەو جۆرەی کە پێشتر لەسەری دواین، لەسەر بنەمای کۆیلەداری و ئاغا و نۆکەرییەوە داڕێژرابوو. لە بنەماکانی مەسیحییەت، وەرگێڕانی (دوکتۆر اسدالله مبشری)دا دەخوێنینەوە: کۆبوونەوەی وڵاتانی ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست (مەدیتەرانە)، لەژێر نیشانەی (ئاڵا)ی ئیمپراتۆری رۆم، بەرهەمی زنجیرەیێک هۆکار بوو. بنەڕەتی ئەو هۆکارانە، پرسگرێکی کۆیلەبوون و بەندەبوون بوو، کە بەرلەوەی رۆم بەسەر ئەو وڵاتە داگیرکراوانەدا زاڵ ببێ، لەو سەرزەوینانەدا باو بوو. هەمان سەرچاوە، ل ٧٢، چاپی فارسی مەشهەد، ساڵی ١٣٦٦.

ئێریک فروومی ردەروونناسی ئەڵمانیی سەدەی بیستەم لە پێوەندی لەگەڵ مەسیحییەتی سەرەتا و بڕواکانی، لە کۆپەڕی (جزم اندیشی مسیحی)دا: وشکەڕۆییی مەسیحی، لەمەڕ زێدی ئەم ئۆلە، واتە نیشتمانی فەلەستین، وەکو بەشێک لە ئیمپراتۆری رۆم، لە لاپەڕەکانی ٤٤ و ٤٥ ی کۆپەڕەکەیدا بابەتێکی گرنگی نووسیوە کە لێرەدا هێنانی کورتەیێکی بە پێویست دەزانم:

هەر تێکۆشانێک بۆ ناسینی میلکانی مەسیحییەت، دەبێ بە لێکدانەوەی هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دەروونیی یەکەمین

ڕەدووکــەوتــەکــانی ئـەم ئۆلە دەست پێ بکرێ. فــەلـەســتین بـەشــێک بـوو لە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم و لەژێر کارتێکەری و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەو ئیـمـپـراتۆرییـەتـەدا بوو. دەسـەڵاتی سـزار ئاگۆسـتین، نیـشـانەی کـۆتایی پێهاتنی دەسەڵاتی بنەماڵە دەرەبەگەکان و دەسپێکی ژیاری شارنشینی بوو. ئەگەرچی دانوسـتـان و بازرگانیی نێـونەتەوەیی پەرەی گرتبوو، بـەڵام نەتەنیـا هیچ گـۆڕانێک بە سـەر ژیانی زۆربەی کـۆمـەڵانی خـەڵکدا نەهاتبوو، بگرە لە دابینکردنی پێداویسـتییـەکانی ڕۆژانەی ئەوانیشـدا گۆڕانێکی ئـەوتۆ نەهاتە دی. لەم هەلومـەرجـەدا، تەنیـا توێژێکی بچـووک لە دەوڵەمـەندەکـان بەهرەوەر بوون. کۆمەڵێکی زۆر بێکار و برسی، لە شارەکاندا ڕمەیان دەهات. دوای ڕۆم، ئۆرشەلیم دووەمین شار بوو کە خەڵکی برسی و بێکار کۆگایان تێدا بەستبوو. لە ڕاستیدا هەلومەرجی کرێکارانی ئورشەلیم لە ڕۆم خراپتر بوو. ئەمانە نە لە مووچەی شـارسـتـانییـانە (مـدنی)ی دەسـەڵاتی ڕۆم شـتێکیـان بەردەکەوت، نە پێداویسـتییـە هـەمیشـەیی و سـەرەکییـەکانیشـیان لەلایەن ئیـمـپـراتۆرییـەتی خۆشگوزەران و قومارباز ووەندەخـواز (اسرافگر)ەوە کە خـۆراک و پۆشـەن و تەنانەت هاودەردیی سادەش بوو، دەستەبەر دەکرا.

دانیـشـتـووانی لادێیی کـە لەژێر گوشـاری سـەرانـە قورسـەکاندا مـاژەڵەی پشــتـیــان ڕابوو، ناچار ملیـان بە کـۆیـلەیی دەدا. دێوەر (خــردەپا) کــانیش کــەرەســەی وەبـەرهێنان و زەوینەکــانی خــۆیان لـە دەست دابـوو. بڕێک لە کـێـڵکارەکـان چوونە ناو ڕیزی کـرێکارانی شـارنشـینی ئورشـەلیم و بـڕێکی تریش، ڕوویان لە ڕاپـەڕینی توندوتیـژانەی سـیـاسی و تالان و بـڕۆ کـرد. لە قەراخ کرێکارانی بەلەنگاز و داماوی ئورشـەلیم و ڕۆمدا، چینێکی ناوەڕاستی ئابووری هـەڵی دا کـە هـەرچەند لەژێر گوشـاری دەسـەڵاتدا بوو، بـەڵام لەباری ئابوورییـەوە خـۆڕاگر بوو. لە سـەرووی ئەم چینەوە، دەسـتـەیێکی بچـووک بەڵام دەسـەڵاتدار و خـاوەن پێگە لە چینی دەرەبەگ هـەبوو، کـە تێـچـوونی پێشـەوا ئۆلییەکان و مووچەی دەسـەڵاتی بنەماڵە گەورەکانیـان دابین دەکرد. لە قـەراخ سـەخـتی و ئاریشـە ئابووریـیـە ئۆقـرە ڕووکـێنەکـانی خـەڵکی فـەلەسـتیـندا،

جیاوازیگەلێکی کۆمەلایەتیی ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ. لە ئاکامدا گوشار بۆ سەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و نادڵداوێریی (نارضایتی)ی چینی ناوەڕاست لە سەرانە قورسەکان و ناوازە لە دەسەلاتی رۆم، ناتەبایی و شەڕی ناوەناوەی نێوان گەورەگەورەکان، چینەکانی ناوەڕاست و رێبەرانی هزریی ئەوانە لەلایێک و کرێکارانی شاری و لادێیی لەلایێکی تر، قورستر بووبوو. دەروونناسی بەنێوبانگی ئاڵمانی، ئێریک فرووم، ئەوە بە شەڕی ناوخۆ نێو دەبا کە لێکدانەوەیێکی تەواو دروستە. ئەم قڕە و کێشە و ناتەباییانە گەیشتیە جێگەیەک، کە دەتوانین هۆی سەرەکیی هەموویان، بگەڕێنینەوە بۆ جموجوڵی شۆڕشگێڕانە و سیاسیی ئۆلیی سەردەمی بەر لە سەرهەڵدانی مەسیحییەت و دوای ئەویش. ئێریک فرووم بە پشتبەستن لە گوزارشی فورەیسیێک (لە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەی یەهوود) و بەڵگەی بڕواپێکراو، لە درێژەیدا دەنووسێ:" لە ساڵی چوارەمی بەرلەزاین خۆنیشاندانێکی یەکجار گەورە و کۆماوەری لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رووداوانە (دژایەتی لەگەڵ دەسەلاتی رۆم)دا رووی دا کە لە خاک و خوێندا گەوزێنرا. هەزاران کەس لە خۆنیشاندەران بە دەستی سەربازەکان کوژران، بەلام بەپێچەوانەوە خۆنیشاندانەکە دانەمرکاو بەهێزتر بوو. راپەڕینی خەڵک پەرەی گرت و حەوت حەفتە دوای ئەوە، لە ئۆرشەلیم بوو بە راپەڕینێکی خوێناوی لە دژی رۆم. وێڕای ئەمەش گوندییەکانیش راپەڕین. لە ناوەندی جارانی سەرهەڵدانەکەدا واتە جەلیلیە، شەڕ و پێکدادانی زۆر لەگەڵ رۆمییەکان darووی دا. هەلومەرج لە ساڵی چوارەمی بەرلەزاین ئاوەها بوو. رۆمییەکان کە لەلایەن بزووتنەوە کۆماوەرییەکانەوە هەدایان نەبوو، بە لەخاچدانی دوو هەزار زیندانیی شۆڕشگێڕ سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. هەمان سەرچاوە، ل ٥١ رەپۆشەیێکی ئاوەها شۆڕشگێڕانە، تا ساڵی ٦٨ ی زاین واتە لەدایکبوون، بوو بەهۆی مزگێنیدانی ژیان و خۆشی و لە کۆتاییشدا لەخاچدانی عیسای مەسیح و دوای ئەوەش هەر درێژەی کێشا و ئەو خۆشییە هەر بەردەوام بوو. لەم بزووتنەوە کۆماوەرییەدا، بەشێکی گەورە لە مەسیحییەکانی سەرەتا،

هەڵســووڕاوانە بەشــدار بوون. هەر لەبەر ئەم هۆیە، دەڵێن: ســەرهەڵدانی عیسـای مەسـیح، لە سـەرەتادا زۆرتر لایەنی بزووتنەوەیێکی کۆمەڵایەتیی هەبووە تا ئۆلی. ئەگەر چاو لەم لایەنەی ئەم راپەڕینە بکەین، ئامـاژەکـانی پێـشـتـرمـان بە راست زانیـوە؛ چونکە ئۆل لەو سـەردەمـانەدا نەخـشی رێکخراوێکی سیاسیی هەبووە.

**ئینجیل کۆپەڕی پیرۆزی مەسیحییەکان:**

ئینجیل لە دوو بەش پێک هاتووە: سەردەمی دێرین و سەردمی نوێ. چوار ئینجیلی حەوارییەکان (مەرقەس، مەتی، لۆقا و یۆحەننا)، بە ئینجیلی سەردەمی نوێ بەنێوبانگن و فەلسەفەی مەسیحییەت گۆڤا (گواهی) دەکەن، واتە چاوەری (گواهی) بۆ راست و رەوابوونی ئەم ئۆلە دەدەن. ئەم ئینجیلانە لەگەڵ تەوراتی یەهوودییەتی چاخی دێرین، کۆپەڕی پیرۆزی عیساییەکان یا تەرساکان پێک دێنن. زۆربەی لێکۆڵەرەوان، مێژووی دارشتنی ئینجیلیان نزیک لە ساڵەکانی ٨٥ تا ٩٠ی زاینی لەبەرچاو گرتووە، برێک لە لێکۆڵەرەکان ئەمەیان بە سەرەتای دەیەی ٤٠ ی زاینی و برێکیش بۆ ساڵی٧٠ی زاینی یا تۆزێک بەرلەوەی دەگەڕێننەوە. فەرهەنگی (دێهخودا)ی فارسی، دێریکی نووسین و دارشتنی ئینجیلەکانی مەرقەس و مەتی و لۆقای تا ساڵی ٦٠ی زاینی و ئینجیلی یۆحەنناشی نزیکەی سی ساڵ دوای ئەوانە دانووس کردووە، واتە ساڵی ٩٠ی زاینی. سەیری هەمان سەرچاوە، بەرگی ٨، لەژێر نێوی ئینجیلدا بکەن. ئینجیل واژەیێکی یۆنانییە و بە واتای بانگەوازی خۆشی و مزگێنییە. واتە بانگەوازی خۆشییێکە کە سەرهەڵدانی رزگاریدەر یان مەسیح ئاشکرا دەکا. دەڵێن هەرچەندە عیسای مەسیح لەگەڵ حەوارییەکانی خۆی، بە زمانی ئارامی دواوە، بەڵام زۆرکەس لە لێکۆڵەرەکان لەو بڕوایەدان کە ئینجیلەکانی سەرەتا بە زمانی یۆنانی نووسراونەتەوە. رابێرت ڤیر، لە پێوەندی لەگەڵ رێکخستنی دارشتنی ئەم ئینجیلگەلە لە (جیهانی ئۆلی)، ل ٩٧٦دا، نووسیویەتی: "لە تاوتوێکردنی پوختەی ئینجیلەکانی چوارینەدا،

بۆمـان دەردەکەوێ کـە ٣ ئینجیلی مـەرقـەس و مـەتی و لۆقـا، لـەباری شـێوە و شـێوازەوە، لەیەکتـر نزیکن. لەکـاتێکدا لێکۆڵەرەکانی مـەسـیحـی، ئەوانە بە ئینجـیلی کـورت، یان پـاکـوپوخت نێـو دەبـەن و ئـەم مــەبـەســتــەشــیــان بە دەستەواژەی synoptic کە وشـەیێکی یۆنانییە و بەواتای دیتن و چاولێکردنە، دەربڕیوە. بەپێی دیتنی کۆمـەڵێک لە زانـایانی خاوەن دیتنی مەسـیحی، مـەتی بێجگە لە سـەرچاوە سـەربەخـۆکانی خۆی، لـە نووسـینی مـەرقـەسیش کـەڵکی وەرگرتووە و لۆقـاش جگە لە سەرچاوە سـەربەخۆکانی خۆی، لە نووسـینەکانی مەتی و مەرقەس کەڵکی وەرگرتووە". ئەو هـەر لەو سـەرچاوەیەدا دەنووسێ: "بۆ ئەوەی کـە ناوەڕۆکی ئەوانـە لەگـەڵ یـەک نزیک بوون و زۆرێک لە بابەتـەکـان و تەنانەت دەسـتـەواژەکانیش یەکێ بوون. لەکاتێکدا نزیکەی لە ٩٥ ٪ ناوەڕۆکی ئینجـیلی مـەرقـەس وشـە بـەوشـە لە ئینجـیلی لۆقـادا هـەیە. کـەوابوو دەتوانین ئینجیلی مـەرقـەس وەکو سـەرچاوە و بنـەمـای سـەرەکـیی دوو ئینجیلەکەی تر بزانین." رابێرت ڤیر، هەمان سەرچاوە، ل ٩٧٥.

دەسـا ناوەڕۆکی ئەم سێ ئـینجـیلە، مـەرقـەس و مـەتی و لۆقـا، کـە لانیکەم نزیک لەیـەکن، گێـڕانەوەی چیرۆکـانەی هـاوڕێبـوون لەگەڵ عـیسـای مـەسـیح نیشـان دەدا و ئینجیلی یۆحـەننا کە درەنگتر لەم سێ ئینجیلە داڕێژراوە، بە دیتنی جـان ناس، خـاوەنی ناوەڕۆکی فـەلسـەفـەی مـەسـیـحـییـەتن. ئەو دەڵێ: "دەربڕینـی ئینجــیلی یـۆحــەننـا، نەتـەنیــا لە بـاری نـووسین و داڕشـــتنـی سـەردەمییەوە، شـیکردنەوەی رووداوەکان و وردەکاریی شەڕە ناوچەییەکانە، بەڵام لەگـەڵ سێ ئینجـیلەکەی تر جـیـاوازە، بەڵکو زیاتر لە سـەر لێکدانەوەی بـایەخـی ئۆلیی تـاکــەکــەسی مــەســیح رۆچووە و رامــاوە. یۆحــەننا لـە دەسـتـەواژەکانی خـۆیدا، بە خـاڵە فـەلسـەفـییـەکانی یۆنانی، لەگوێن لۆگـۆس و وشــەی یـەزدان (کـە مــەبـەسـتی عـیـسـایـە)، ئامـاژەی کـردووە، چونکە بەر لە ناوبراو، لـە ئینجـیلی دیکەدا ئـامـاژەیێکی پـێ نەکـرابوو. لەبەرئـەمـە، لێکۆڵەرە مەسیحییەکان، کە ئینجیلی یۆحەننایان لە کۆتاییی سەدەی یەکەمی زاینیدا داڕشــتـووە، بـە ئاوەژووکــەرەوەی بنەمــای روانگەیی (اصـول نظـری) روو لە

هەڵچوون دای دەنێن، کە لە پەرەگرتن لە کۆمەڵگەی هزری- باوەڕی (فیکری- ئیعتقادی) مەسیحییەکانی سەرەتادا سەری هەڵداوە. هەمان سەرچاوە ل ٦٢٥.

## فەلسەفەی مەسیحییەت

مەسیح یان رزگاریدەر، ژیان و هەڤۆتن و بارهێنانەکانی بووە بە ئۆلێکی جیهانی. ئەو یەکێک لە پەیامهێنانی بلاوکەرەوەی فەلسەفەی ئۆلی ژیانە، لە هەبوونەوە تا هەرمان. هەموو کلیسا مەسیحییەکان بوون و هەبوونی عیسای مەسیحیان لەگەڵ یەزدانی تاکوتەنیا، بە یەکێک دەزانن، یا ئەوەیکە یەزدان لە بوونی مەسیحدا دەبینن. مەسیحییەکان بڕوایان هەیە بە یەزدانی تاکوتەنیا کە خولقێنەری جیهانە، ئەمانە بڕوایان وایە کە دۆنی پیرۆز (روح القدس) لە زاگەی مریەمی عەزرادا هاتە خوارێ و بوو بە ماکەی ژیان و بەم شێوەیە عیسای مەسیح رۆڵەی یەزدانە و دایکی بوخچەی نەکراوە بووە و، لەگەڵ هیچ پیاوێک پێش لەدایکبوونی عیساش نەخەوتووە. سەیری ئینجیلی مەتی بەشی یەکەم: ئایەتەکانی ١٨ تا ٢٥. بکەن مریەمی دەزگیرانی یوسف، دوای لەدایکبوونی عیسای مەسیح، خاوەنی چوار کوڕ و چەند کچ بووە. بڕوانن بۆ ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا، ل ٤٤. بکەن مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە وێرد یا ورتە (ورد) بۆخۆی پەروەردگارە. بڕوانن بۆ ئینجیلی یوحەننا، بەشی یەکەم: ئایەتی یەکەم دەڵێ: "لە سەرەتادا وێرد هەبوو، وێردیش لە لای یەزدان بوو، وێرد بۆخۆی یەزدان بوو". مەسیحییەکان بە هێزی سێیانەی یەزدانی (تثلیث) واتە باوک و کوڕ و دۆنی پیرۆز بڕوایان هەیە. مەسیح، یان رزگاریدەری مرۆڤایەتی، تاوانباران و بێ ئۆلانی لە پەنای خۆیدا جێ دەکردەوە و دڵی دەدانەوە. لە ئینجیلی یوحەننادا بەشی ٨، ئایەتی ١ تا ١١، چیرۆکێکە کە گێڕانەوەی لێرەدا بەکەڵکە: "بەڵام عیسا چوو بۆ زەیتوون و بەیانان هات بۆ (هەیکەل) و لەبەر ئەوەش گشت خزمان دەهاتن بۆلای، هەموویانی لەسەر چۆک دادەنا و فێری دەکردن. کە لەپڕ نووسەران و

فورەیسییەکان، ژنێکیان کە لەبەر کاری زیناح (جەمەر) دەسگیر کرابوو، هێنا بۆ لای و لەناوەڕاستدا رایان گرت. پێیان گوت: ئەی مامۆستا ئەم ژنەمان لەکاتی کاری خراپدا گرتووە. مووسا لە تەوراتدا فەرمانی بە ئێمە داوە کە ژنانی ئاوەها دەبێ بەردباران بکرێن، بەڵام قسەی تۆ چییە؟ ئەمەشیان لەبەر ئەوە پێ گوت کە تاقیی بکەنەوە هەتا بانگەشەیێکی لێ ببیننەوە، عیساش سەری داخست و بە ئەنگوستی بەسەر زەوییەکەوە خەریکی نووسین بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لەسەر داخوازییەکەیان پێداگر بوون، راست بووەوە و پێی گوتن: "هەرکەس لە ئێوە کە بێتاوانە، لەپێشدا ئەو بەردی تێ گرێ." دیسان سەری داخست و دەستی کردەوە بە نووسین. خەڵکەکەش کە ئەمەیان بیست، لە ویژدانیان راچڵەکین و لە شێخەکانەوە دەستی پێ کرد تا دوایی، یەکەیەکە چوونە دەرێ و تەنیا عیسا مایەوە لەگەڵ ئەو ژنەی کە لە ناوەڕاستدا وەستابوو. عیسا کە هەستا، بێجگە لەو ژنە کەسێکی تری نەدیت، پێی گوت: ئەو داواکار (مدعی) انەی تۆ لە کوێن؟ ئاخۆ کەسێک لەسەر تۆ شەوێت (فتوا)ی دا؟ گوتی هیچ کەس قوربان. عیساش گوتی: "منیش لە سەر ت ۆدینا (فتوا) نادەم، برۆ ئیتر تاوان مەکە". هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩ لە "کۆپەڕی پیرۆز"، وەرگێڕانی فارسیی ١٩٠٤ ی زاینی. عیسای مەسیح لە دڵدانەوەی خوا و لێبووردەییی ئەو لە تاوان و راستبێژیی مرۆڤەکان، هەموو کاتێ دەدوا. یەکێکی تر لە بنەمای مەسیحییەت، ئەوەیە کە بەرامبەر دوژمنانیان قین لە دڵ نین و بەرانبەریان خۆشەویستی دەنوێنن و بۆ تاوانبارانیش نزا دەکەن. عیسا مەسیح گوتوویەتی: "ئەگەر کەسێک شەپلاخەیێکی لە لایێکی دەموچاوت دا، ئەو لاکەی دیکەتی بۆ راگرە با بیلاوێنێتەوە". عیسای مەسیح هەموو کاتێ لە خۆشەویستیی یەزدانی دەدوا و دەیگوت: "ئێوە من بە مامۆستا و کاک دادەنێن و باشیش دەڵێن، چونکە من وام. سا ئەگەر من کاک و مامۆستام و پاوپلی ئێوەم شۆرد، لەسەر ئێوەشە کە پێوپلی یەکتر بشۆن. چونکە من نموونەم بۆ هێنانەوە، بۆ ئەوەی کە ئەوەی من لەگەڵ ئێوەم کرد، ئێوەش لەگەڵ یەکتر بیکەن." (واتە من ئێوەم خۆش دەوێ و ئێوەش یەکترتان خۆش بوێ).

سەیری یوحەننا، بەشی ١٣ ئایەتەکانی ١٣ تا ١٥ بکەن.

مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە: یەزدان کوڕەکەی خۆی عیسای مەسیحی نارد بۆ رزگاریی مرۆڤایەتی، هەتا بە نواندنی پەرجۆ و بەختکردنی گیانی خۆی، مرۆڤەکان لە تاوان رزگار بکا. ئەوانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە عیسا چل رۆژ دوای لەخاچدران و بەخاکئەسپاردنی، لە گۆڕەکەی هەستایەوە و چوو بۆ ئاسمان کە بڕوا بۆ لای باوکی و لە رۆژی پەسلاندا داوای پاڕانەوە (شفاعت) بکا بۆ ئەو مرۆڤانەی کە بڕوایان بە مەسیح هێناوە. لە ئۆلی مەسیحدا سەرانشۆ (غسل تعمید) و چل رۆژ رۆژوو بوونی هەیە. یەکەمین کەسێک کە لە ئۆلی مەسیح لەلایەن یەحیای سەرانشۆدەرەوە، سەرانشۆ درا، عیسا بۆ خۆی بوو. سەیری ئینجیلی (مەتی) سەردەمی نوێ، بەشی سێیەم: ئایەتی ١٣ تا ١٧، ل ٤، هەمان سەرچاوە. ئەو شتەی کە خاسخواکانی جوولەکەی دژ بە عیسای مەسیح هەڵدەخڕاند، هەڵسوکەوتی عیسا لەگەڵ خەڵکی بەڕواڵەت خراپکار بوو و، بەخشینی تاوانەکانیان لە لایەن ئەوەوە. عیسای مەسیح بڕوای وابوو، کە هەموو مرۆڤەکان تووشی سووچ دەبن و تاوانبارن و دەبێ بیانبەخشێ، نەک لە سۆنگەی یاساکانی ئۆلی سەربەران (حاکم)ەوە سزایان بدا. عیسا لە راستیدا لە هۆدەی ئاشۆ (بیت المقدس)، لە بەربەرەکانێ لەگەڵ نابەرابەری و چاوپۆشیی رۆحانییەکانی جوولەکە (ئۆلی رەسمیی ئەو دەمانە)، لەو نابەرابەرییگەلە لە خاچ درا. ئەو بە پێشکەشکردنی گیانی خۆی، تاوانەکانی مرۆڤی کڕییەوە. مەسیحییەکانی سەرەتا، لەسەر ئەو بڕوایەن کە عیسای مەسیح بەزوویی دەگەڕێتەوە، هەتا پاشایەت یەزدان لە سەر رووی زەوی سەقامگیر بکا. سەیری بنەماکانی مەسیحییەت، وەرگێڕانی دوکتۆر اسدالله مبشری، لاپەڕەکانی ١١٤ و ١١٥ و هەروەها سەیری ئینجیلی سەردەمی نوێ بکەن.

ئەوڕۆکە ئۆلی مەسیح، خاوەنی زیاتر لە ١٢٥ کڵێسای جۆربەجۆرە کە گشتیان ئینجیلی پیرۆزیان بەدەستەوەیە و هەرکامە لەم کڵێساگەلە خاوەنی لێکدانەوەی خۆیانن. ئەم کڵێساگەلە بە چوار دەستەی بنەڕەتیدا دابەش دەبن.

یەکەم کڵێسـای کاتۆلیک کە داگر (شامل)ی ئۆلی کڵێسای سـەرەتا و کڵێسای لاتینی و کڵێسـای یەکگرتووە. دووەم کڵێسای ڕۆژاوایی کە داگری کڵێسـای سـەرەتایی ڕۆژاوایی و ئورتۆدۆکس و کڵێسـای ریفـۆرمیسـتەکان و کڵێسـای ئانگلیکانەکـانن. چوارەم کـڵـێـسـاگـەلی تاکـەکـەسی و ئازاد کـە داگـری کڵێسـاگەلی ترن، وەکو کڵێسـای ئازاد، کڵێسـای مـۆرمـۆنەکان، کڵێسـای شایەتەکانی یۆحەوا، کڵێسای ساینتالۆجی و... هتد تر.

بەشی چوارەم

# ئیسلام

واتای واژەی ئیسـلام دەبێتـە: ملدان و گـوێڕایەڵـی، فـەرمـان بەجـێـهـێنان، وەرگرتنی ئۆلی محـەمـەدی و پەیڕەویکردنی ناوەرۆکی ڕێنمـاییـیـەکانی کە لە قورئان و فەرمـوودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هاتووە. بەوجـۆرەی کە لە سـەرەتادا گـوتمان، ئۆلگەلی بڕوا بە تاکپـەرسـتی، بریتین لە: زەردەشت، مـەسـیح، جوولەکە، ئیسلام. بەڵام هیچکام لەم ئۆلگەلە، وەکو ئیسلام لەسەر تاکپەرستی پێداگر نین. ئیسـلام لە جیـهـانی عـەرەبەوە سـەری هەڵداوە و محـەمـەد (د.خ) پەیامـهـێنی ئیسـلام، لە نەتەوەی عـەرەب بوو. کۆپـەڕی پیرۆزی مـوسـڵمـانان، قـورعـانی مـەجـیـد، بە زمـانی عـەرەبی نووسـراوە. بەبێ هەڵاواردن کـۆپەڕی پیـرۆزی گـشت ئۆلەکـان، سـاڵانی سـاڵ دوای دامـەزرانی ئەو ئۆلانـە نووسـراونەتەوە. هـەر بەو شێوەیە کە چوار ئینجیلی سـەردەمی نوێ، نزیک لە کـۆتاییی سـەدەی یەکـەمی زاینی کـۆکـراونەتەوە، قـورعـانی مـەجـیـدیش لە دەوروبەری کۆچی دوایی محـەمەد (د.خ) پەیامهێنی ئیسلام، لەلایەن حەزرەتی عوسـمان خـەلیفـەی سێیـەمی موسڵمـانانەوە کۆ کراوەتەوە. لـەو دەمـانەدا نووسەران و کۆکەرەوانی ئایەتەکانی قورعان، لەگەڵ یەکتر دیتنی جیاوازیان هەبووە، نەشیـانویستووە ئەو قورعانەی کە لەلایەن عوسـمـانەوە کۆکراوەتەوە خـاڵ بەخاڵ وەری بگرن، بگرە لەمەڕ راسـتبوونی ئەو قـورعـانەش، پرسیـان بە عـەلی کـوڕی ئـەبی تالیب (د.خ) کـردووە، کـە ئامـۆزا و زاوای مـحـەمـەدی پەیامهێن و لە یەکەمین رۆژیشـەوە هاوڕێی بووە. هەرچەند عوسـمان پرسی بە عەلی وەکو خـاوەندیتن نەکردبوو و عـەلیشی بۆ خـوێندنـەوەی هاندابوو، بەڵام

عەلی لە وەڵامی ئەو کەسانەیدا کە پرسیان پێ کردبوو، گوتبووی: من هەر ئەو قورعانەم پەژرا (قبول)ە، کە عوسمان کۆی کردووەتەوە، ئەگەریش من ئەوەم کۆکردبایەوە، لەوە باشتر نەدەبوو کە عوسمان کۆی کردووەتەوە. لەبەرئەمە پرسکەرەکان هێور بوونەوە و پەژراندیان و وەریانگرت. بەهەر شێوەیێک بێت، دواتر ڕەدووکەوتەکانی ئیسلام، بە هۆی لێکدانەوە (تفسیر)ەکانی خۆیان لە قورعانی مەجی، وەوو مەسیحییەکان، بە لق و دەستەگەلی جۆربەجۆری تری وەکو ڕەدووکەوتەکانی چوار لقی سونییەکان (شافعی، حنفی، حنبلی، مالکی)، شیعەی حەوت ئیمامی و دوازدە ئیمامی و وەهابییە کە تەنیا لە عەرەبستانی سعوودی (لە سەدەی هەژدەمی زاینییەوە بوونیان هەیە)، هەروەها ئەحمەدیەش لە پاکستان (کە لە سەدەی نۆزدەمی زاینییەوە سەریان هەڵداوە) و... هیدیکە دابەش بوونە.

لێرەدا بۆ تۆژینەوە و شرۆڤەی کورتەیێک لە مێژووی ئۆلی ئیسلام، سەرەتا چاوێک بە مێژووی گەلی عەرەبدا دەگێڕین، پاشان چاوێک لە سەردەمی پەیامهێنیی محەمەد (د.خ) دەکەین، ئەوسا شرۆڤەیێکی کورت لە ئۆلی ئیسلام و لە کۆتاییشدا نێوی دەستە و لقە جۆبەجۆرەکانی ئیسلام لە جیهاندا دێنینە بەرباس.

سەرزەوینی عەرەبستانی سعوودی، بێشکەی سەرهەڵدانی ئۆلی ئیسلامە. ئەم وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکەوتووە و لە باری هەڵکەوتی جۆگرافیاییشەوە کەوشەنی لەگەڵ وڵاتەکانی ئێراق، ئوردون، یەمەن، عەمان، قەتەر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، کوەیت و کەنداوی فارسدا هەیە. بە پێی ئەو شانیک (اسناد)انەی کە لەلایەن جوگرافیزانانەوە خراونەتە روو، سەرزەوینی عەرەبستان زۆرتر تەخت و گەرم و لەە، کە یەک لە چواری خاکەکەی چۆڵە و خەڵکی تێدا نییە. عەرەبستان ئاوی کەمە و بێ گژوگیایە و بەرزترین لووتکەی کێوی (سودا)یە کە ٣٥٥٠ میتر بەرزە. شارە گرنگەکانی عەرەبستان بریتین لە: مەکە و مەدینە و تائیف (کە هەرسێکیان بە حیجاز دادەنرێن) و ریاز.

عەرەبەکان زۆرتر بەرلە سەرهەڵدانی ئۆلی ئیسلام، لە سەرزەوینی عەرەبستاندا ژیانێکی سەرەتاییيان هەبووە، واتە بیاواننشین و خێوەتنشین بوونە و خێڵەکانی عەرەب بۆ تێپەڕاندنی ژیان، بەزۆری خەریکی ئاژەڵداری و شوانی بوونە و هەر لەم سۆنگەیەڕا، لە رابردوودشدا بۆ پەیداکردنی بژیوی ژیان و ئاو و بژوێن و گیاوگۆڵ بۆ ئاژەڵەکانیان، هەرماوەیێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچیان کردووە. هەر لەو سۆنگەیەڕا کە ئاو و بژوێن لە سەر زەوینەکەیاندا کەم بووە و ئێستاش کەمە، بەربەرەکانێی خێڵەکان بۆ وەدەستهێنانی ئەو پێداویستییانە سەری هەڵداوە و، هەموو دەم لەنێوان خێڵ و تیرەکانی عەرەبی دانیشتووی ئەو سەرزەوینەدا، شەڕ و ئاژاوە لە گۆڕێدا بووە. دەڵێن: گوایە حەزرەتی ئیبراهیم لەگەڵ کوڕەکەی خۆی ئیسماعیل، ماڵی خوای لە مەکە بینا ناوە، کە یەکێکە لە شارە گرنگەکانی عەرەبستان و لە قورئانی کەریمیشدا ئاماژەی پێ کراوە کە: بە گوێرەی فەرموودەکانی قورعانی کەریم، ئەم سەرزەوینە لە سەردەمی خستنەوەی ماڵی خوا، لەلایەن حەزرەتی ئیبراهیمەوە، بووە بە جێگەی سەرنجی خواپەرستان. سەیری سەرچاوەی ئێلکترۆنیکیی ئینتەرنێتی، لەژێر نێوی ئیسلام بکەن.

سا بەرلە ئیسلام، لە نێوان عەرەبەکاندا ئۆلگەلی تریش هەبوون، بۆ نموونە: ئۆلی دەهری (ڕەدووکەوتەکانی دەمان)، ئۆلی حونەفا (حنيفيه) کە باپیری پەیامهێنی ئیسلام، عەبدولموتەلیب خۆی ڕەدووکەوتەی ئۆلی حنفا بووە، مەسیحی و زەردەشتی و جوولەکەش هەبوونە، بەڵام هەموویان پەرشوبڵاو بوونە. هەرچەند ماڵی خوا دواتر بوو بە جێگەی هەڵگرتنی ئەو بتە گەورەگەلەی کە هەندێ لە خێڵەعەرەبەکان دەیانپەرستن، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، بوونی ماڵی یەزدان، بەستێنێکی بۆ سەرهەڵدانی تاکپەرستیی سەرانسەری لە جیهانی ئیسلامدا ئامادە کردبوو. سەرەڕای ئەمانەش، نەبوونی یەکەتییەکی کۆمەڵایەتی، دەیتوانی یەکێکی تر لە هۆکانی سەرهەڵدانی تاکپەرستی بێ. بڕێک لە هەڵکەوتووەکانی بوارگەلی ئۆلی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی، لەو بڕوایەدان کە نەبوونی هاوئاهەنگی و نەبوونی

یەکگرتنی کۆمەڵایەتی، بووەتە هۆی ئەوە کە قوتابخانە، یان ئۆلێکی گشتداگر لە ناوچەکەدا سەرهەڵبدا. بۆ میناک، ئێرانییەکان، هندییەکان، چینییەکان، جوولەکەکان، خەڵکانی ئەوروپا و... هتد، هەرکامەیان لە بازنەی ئۆل و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیان، ناسنامەیێکی کۆمەڵایەتیی یەکگرتوویان دیتبووەوە. تەنیا خەڵکێک کە لە یەکەتیی بڕوایی و فەرهەنگی و ژیار بێبەش مابوونەوە، خێڵی دانیشتووی شێوەدوورگەی عەرەبستان بوون. سەرهەڵدانی ئیسلام لەم شێوەگرافەی (شبە جزیرە) عەرەبستان، نەتەنیا ڕووداوێکی ئۆلیی بوو، بگرە بە وتەی پترۆشفسکی، بزووتنەوەیێکی مەزنی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو دەڵێ: "ئیسلام لە تۆی بیروباوەڕەوە سەری دەرهێنا، کە بوو بە هۆی دامەرزانی دەسەڵاتی عەرەب و پەرەسەندنی سەربازی سیاسیی ئەو دەسەڵاتە تا ئەوپەڕی کەوشەنی عەرەبستان. سەیری ئیسلام لە ئێران، ل ١٣ بکەن.

بەوجۆرەی کە باس کرا، کات لەبار بوو کە ئەم ئۆلە، بە دروشمی تاکپەرستی و لایەنگری لە هەژاران لە کۆمەڵگەی کۆیلەداری و بێئاوانشینیی عەرەب و لە دەرەوەی کەوشەنەکانیدا بە شێوەی خێرا بەرەوپێش بڕوا. لەهەمان سەدەی یەکەم و دووەمی زاینی لە چۆڵگەی عەرەبستان، تەنیا دوو شاری گەورە بەنێوەکانی مکرب (مکە)، یا دواتر یەسریب (مدینە) و شارۆچکەی تائیف، گرنگ بوون. ئەو دوو شارە، سەرەتا ناوەندی بازرگانی بوون و خێڵگەلێکی دیاریشی تێدا دەژیان، دەنا پاشماوەکەی تری خەڵکی عەرەبستان، چۆڵگەڕ و خێوەتنشین بوون.

بەتلیمووس جوگرافیزانی یۆنانی، کە لە سەدەی دووی زاینی بە شاری بازرگانیی مەکە، کە لەسەر ڕێگەی سوریا بۆ یەمەن هەڵکەوتووە، تێ پەڕیوە و بەنێوی مکرب (میلکانی پیرۆز) یادی لێوە کردووە و، دەڵێ: "سەرزەوینی دەوروبەری مەکە وشک و بێ ئاو و بێ گژوگیا بووە، بەڵام بە پێچەوانەی مەکەوە، شاری یەسریب (مەدینە)، خاوەنی باخ و باخات و کێڵگە بووە. بەو چەشنەی کە ئاماژەمان پێ کرد، زۆربەی خەڵکی عەرەب، بێ ئاوانشین و کۆچەر بوون. هەر ئەم کۆچەری و بێ ئاوانگێڵییەش، عەرەبەکانی لە پەڕە و

پێنووس بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆیان دوور خستەوە. لەکاتێکدا ئەورۆکە سەرچاوە و بابەتی مێژوویی لەمەڕ عەرەبستانی بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام، یەکجار کەمە. سەیری مێژووی ئێرانی پاش ئیسلام، دوکتۆر زین کووب، ل ٢٣٣.

لە سەرەتای مێژووی (سەدەی یەکەم و دووەمی زاینی)، یەکێک لە تیرەکانی باکوری عەرەبستان، بە نێوی قورەیش لە مەکەدا دەژیان. لە راستیدا مەکە شاری پیرۆز و جێگەی ٣٦٠ دانە لە بتە گەورەکان بوو کە ئەم بتگەلە، پێگەی چاکەبێژی و پەرستنی خەڵک بوون. تەنانەت باپیری محەمەد (د.خ)، پەیامهێنی داهاتووی ئیسلام، عەبدولموتەلیب، خۆی سەرۆک و سەرپەرشتیاری ماڵی خوا بوو کە بتەکانی تێدا هەڵدەگیرا. خێڵی قورەیش دوو دەستەی دیاریکراو بوون، یەکێکیان بنەماڵەی بەنی ئومەیە کە خانەوادەگەلێکی زەنگین بوون لەناو ئەوانەدا و، هەموویان خەریکی بازرگانی و سووخواردن بوون و ئەوی تریشیان بنەماڵەی بەنی هاشم بوون کە کەمتر دەوڵەمەند بوون، بەڵام ئەوانیش هەر بازرگان و سەوداگەر بوون. بەهەرحاڵ بناغەدانەری ئۆلی ئیسلام لەناو ئەم بنەماڵەیەوە سەری هەڵدا. لە سەردەمی دەرکەوتنی محەمەد (د.خ) پەیامهێنی ئیسلام، نابەرابەری و کۆیلەداری لە مەکەدا زۆر باو بوو. هەر بەو جۆرەی کە لە مەکەدا خێڵی قورەیش بەنی ئومەیە و بەنی هاشم دەژیان، لە مەدینەشدا دوو تیرەی ئەوس و خەزرەج بتپەرست بوون و سێ تیرەی رەدووکەوتەی ئۆلی یەهوود لەوێدا دەژیان. سەیری ئیسلام لە ئێراندا، پتروشفسکی لاپەڕەکانی ١٦ تا ١٨ بکەن.

بێجگە لەمانە، لەو کاتانەیدا کە گۆڕانی کۆمەلایەتی – ئۆلیی محەمەد، لە پاودانی ئاڵشتدا بوو، ململانێی ئۆلیی نێوان یەهوودییەت و مەسیحییەت لە عەرەبستان بە شێوەیێک بوو کە ئۆلەکەی مووسا لە شارەکانیدا بانگەواز دەکرا و، خێڵە عەرەبە بێ ئاوانشینەکان لەژێر کارتێکەریی مەسیحییەتدا بوون و، بڕۆپێدەران و کەشیشە مەسیحییەکانی وەکو عەرەبە بیاوانشینەکانی تر، لە قەراخ ئەواندا دەژیان. لێرەدا راستییەک دەبێ

بگوترێ کە لە سۆنگەی پێشوەچوونی ئیسلام لە جیهانی ئەو سەردەمەدا، بە پێچەوانەی ئۆلەکانی پێشوو، کە تا رادەیێک سیاسی بوون، رەنگوریندانەوەی سیاسی – کۆمەلایەتی بوو، بە ئەم بزووتنەوە گەورەیەی ئیسلام.

## لەدایکبوونی محەمەد (د.خ) پەیامهێنی ئیسلام:

وەک دەرکەوتووە، خانەوادەی محەمەد (د. خ) لە مەکە ئەوەندە بەنێوبانگ نەبوونە و گوایە ئەویش دوای مردنی باوکی، واتە عەبدولا بن عەبدولموتەلیب لە دایک بووە و ئەوەندە بە رۆژ و ساڵ و لەدایکبوونی سەرنج نەدراوە. بەپێی ئەوەی کە دەیگێرنەوە، محەمەد بە دڵنیاییەوە لە دەوروبەری ساڵی ٥٧٠ ی زاینی لە مەکە لەدایک بووە. لە سەردەمی منداڵییدا محەمەد، تەنیا بە پێی سوورەی الضحی (٩٣)، ئایەتەکانی ٦ تا ٨، خاڵگەلێک لەبەر دەستن کە لە زمانی خواوە لە (قورعانی مەجید)ەوە وەریانگرتووە و نووسراوە: ئاخۆ تۆ هەتیوێک نەبووی کە خوا دۆزیتییەوە و لە پاڵ خۆیدا دای نای؟ مەگەر لە شەری دوژمنانیش نەیپاراستی؟ خودا تۆی لە بێئاوانی مەکە دۆزییەوە کە رێگەت ون کردبوو، لە منداڵیدا کە حەلیمەی دایانت هێناتی بتسپێرێ بە باپیرت عەبدولموتەلیب، یەکجار پەرێشان بووی، بۆیە خودا زوو ئەوانی بەرەو لای تۆ رێنوێنی کرد و دیسان تۆی بەلەنگازی بە دەوڵەت و دەسەلاتی پەیامبەری بەهێز کرد و پلەی پەیامهێنی پێت بەخشی. قورعانی مەجید هەمان سەرچاوە، وەرگێرانی ئایەتوڵلا قومشەیی لاپەرەی ٣٨٤ و هەروەها سەیری پتروشفسکی، ئیسلام لە ئێراندا، ل ٢٤ بکەن.

محەمەد سەردەمی منداڵیی خۆی بە شوانی بۆ مامەکەی خۆی، ابو طالب (بابی عەلی)، تێ پەراندبوو. لە سەردەمی هەرزەکاریدا گوایە چەندجار لەگەڵ کاروانی بازرگانان بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەدیجە (بێوەژنی پارەداری قورەیش)ەوە، بۆ شارەکانی تر گەشتی (سفر) کردووە. محەمەد لەو گەشتانەدا راستی و دروستکاریی خۆی نیشان دابوو. هەر لەم سۆنگەیەرا بە محەمەد ئەمین نێوی دەرکرد. ئەو لە تەمەنی ٢٤ یا ٢٥ ساڵان لەگەڵ خەدیجەی

چل ساڵان و دەوڵەمەند و کارفەرمانی خۆیدا زەماوەن دەکا. خەدیجە لەگەڵ ئەوەی کە تەمەنی زۆر بوو، بەڵام لە محەمەد بوو بە خاوەنی پێنج منداڵ، واتە چوار کیژ و کوڕێک، کە تەنیا فاتمە لەوانی تر تەمەنی درێژتری کرد و ئەوانی تر کۆچی دواییان کرد. قاسمی کوڕی محەمەد گوایە لە تەمەنی دوو ساڵاندا کۆچی دوایی کردووە. محەمەد لە نێوان ٢٥ تا ٤٠ ساڵان، ئیتر بیری لە پارە و سامان نەکردووەتەوە و لە خۆشی و ئارامیدا ژیاوە. ئەو کاتی زۆری هەبووە کە لە کێوی حەڕا و ئەشکەوتەکانی ئەوێدا بیباتە سەر و لەمەڕ تاکپەرستی زۆرتر بیربکاتەوە. لە رووداو و گێڕانەوەکاندا وا دەردەکەوێ کە و ناوبراو لە تەنیاییدا، ناڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای تاک و تەنیا، لە راز و نیازدا بووە.

**بەرێکردنی محەمەد بۆ پەیامهێنی:**

ئەگەر ئێمە ساڵی لەدایکبوونی محەمەد، ٥٧٠ ی زاینی، بکەین بە بنەما، ئەو رێک لە تەمەنی ٤٠ ساڵان واتە لە ساڵی ٦١٠ ی زاینیدا، بانگەشەی پەیامهێنی کرد و بانگهێشتنی خۆی بۆ تاکپەرستی و ئۆلی ئیسلام ئاشکرا کرد. ئەو کەسانەی کە بە تاکپەرستی و ئۆلی تازەی محەمەد بڕوایان هێنا، خەجیجەی ژنی پەیامبەر و کیژەکانی: روقیە و ئوم کەلسووم و فاتمە و کوڕە مامە گەنجەکەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب بوون و پاشان زەیدی کوڕی حاریس، کۆیلەی ئازادکراو و زڕکوڕی محەمەد بوون بە موسڵمان. جێگە و رێگەی محەمەد(د. خ) پەیامهێنی ئیسلام، لەو رۆژانەوە دەستی پێ کرد کە کەسایەتیگەلێکی خاوەن پرستیژی وەکو ئەبووبەکر کوڕی سدیقی بازرگان و دەوڵەمەندی مەکە و زوبێر و سەعدی کوڕی وەقاس و بازرگانانی تری وەکو تەلحە و عەبدورەحمان کوڕی عووف و پاشان عوسمانی کوڕی عەفان لە خانەدانی سەرناسی بەنی ئومەیە و تیرەی قورەیش پاڵیان وێدا و بڕوایان پێ هێنا. دەڵێن: کاتێ کە عومەر کوڕی خەتاب، بوو بە موسڵمان، بۆ محەمەد رووداوێکی زۆر گەورە بوو. بەڵام عومەر لە سەرەتاوە یەکێک لە ناحەزەکانی ئۆلی تازە بوو. ئەو دەیەویست رێورەسمەکانی عەرەبەکان هەر بەو شێوەیەی

جـاران بمـێننەوە. بـەڵام دوای ئەوەی کـە زاوا و خـوشکی عـومـەر بـڕوایان بە ئیسـلام هێنا، لەتەکیانا دانیشت و قسـەی لەگەڵ کردن کـە بۆچی ئەم کارەیان کردووە؟ بەڵام خۆشـی لە دواییدا چلەمـین کەس بوو کە بوو بە مـوسـڵمـان و لە کـۆتاییـشـدا بوو بە یەکێ لـە قـارەمـانـەکـانی بـرۆپـێـدان و پەرەسـەندنی ئۆلی ئیـسـلام. بەهەرحـاڵ لە سـەرەتای بانگەواز بـۆ ئۆلی مـحـەمـەد، لەنێـوان دەوڵەمـەندان و بازرگانەنانی سـووخـۆری مـەکە، کـاریگەرییـەکی زۆری نەبوو و تەنانەت دەستیـان کرد بە دوژمنایەتی لەگەڵیـدا و زۆریان ئازار دا. کـاتێ کە پەیامـبـەر خـەڵکی بۆ ئۆلی ئیـسـلام بانگێـشت دەکـرد، لەوانە (ئەبوو لەهەب) مـامی خـۆی کە لە هـەمـوو شـوێنێکدا ئامـادە دەبوو و، بە خـەڵکی دەگـوت: "ئەم برازایەی من شـێـتـە، گـوێ بە قـسـەکانی مـەدەن". سـەیری عـەلی دەشـتی، ٢٣ سـاڵ، ل ٧٥ بکەن. تازە دوای پێنج سـاڵ هـاتنەخوارەوەی هات، فـەرتاو (وحی) و بانگـهێـشـتی مـحـەمـەد بۆ ئۆلی تازە و بانگەوازی زۆر لـە مـەکـە، ئەژمـاری رەدووکەوتەکانی گەیشـتە ١٥٠ کـەس و لەکاتی چوون لە مـەکەوە بۆ مـەدینەش هـەمان ئەژمار بوون. سـەیری بۆ ئیسلام لە ئێران، پترۆفسکی، لاپەڕەکانی ٢٦ و ٢٩ بکەن.

## فەلسـەفەی بنەمای ئۆل لـە ئیسـلامـدا

یەکەمین هەنگاوهەڵگرتنی مـحـەمـەد(د.خ) پەیامـهێنی ئیسـلام دوای رابوون (بعـثت)، جـاڕدانی تاکپـەرسـتی و پەیـامـهـێنیی خـۆی وەکـو دوایین کـەسی پەیامـهێنەران و زیندووکردنەوەی رۆژی قـیامـەت (پەسـڵان) بـوو. سـا بنەمـای ئۆل، لە ئیـسـلام بە سـەر سێ پێگەوە راوەسـتـاوە: یەکـەم تاک و تەنیـا بوونی خـوا، دووەم پەیامـهێنیی پەیامـهێنەران و هێنانـە زمـانی ئەو بنەمـاگـەلەی کە پەیـامـبـەر هێـناونی، سـێـیـەم رۆژی پـەسـڵان یان زیندووبوونەوەیە. لە ئـۆلی شیعەدا دوو بنەمای تریان پێ زیاد کردووە، وەکو: عەدل وئیمامەت (١٢ ئیمام بە دیارنەبوونـی مـەهدی). بەپێی بنەمـای ئـۆلی ئیسـلام، ئەگـەر کـەسـێک تەنیـا یەکێ لەم سێ بنـەمـایە نەپەژرێنێ، مـوسـڵمـان نیـیـە. لە ئۆلی شـیـعـەدا ئەگـەر

کەسێک یەکێ لە پێنج بنەماکەی ئەم ئۆلە نەپەژرێنێ، بەموسڵمان نایێتە ئەژمار. لە ئیسلامدا لقەکانی ئۆلیشمان هەیە کە بریتین لە: نوێژ و ڕۆژی مانگی ڕەمەزان و خومس و زەکات و... هتد (فەرمانەکانی پەیامهێن) و پاشان (امر به معروف و نهی از منکر)، واتە فەرمان بە چاکە و نەگوتن بە خراپە، یان بەرگری لە خراپە. زۆرتر لە ئۆلی ئیسلامدا نەگوتن بە خراپە، دوو جۆرە: (نهی از منکر واجب)، واتە: بەرگری لەو کارە ناحەزانەی کە دەبێ نەیانکەی، وەکو ئەو کارگەلەی کە حەرامن و... هتد، هەروەها (نهی از منکر مستحب)، واتە: بەرگری لەو کارانەی کە ئەگەر بیانکەی پاداشی هەیە و نەیانکەی تاوانی نییە. هەروەها فەرمان بە چاکەش دوو جۆرە: فەرمان بەو کارە باشانەی کە پێویستە لەسەر شانت بیانکەی و هەروەها فەرمان بەو کارانەی کە ئەگەر بیانکەی پاداشی هەیە و نەیانکەی تاوانی نییە. ئەم یاسایە لانیکەم لە ئۆلزای شیعەدا دەکار دەکرێ.

قورعانی مەجید، کۆپەڕی ئاسمانیی موسڵمانانە و تەواوی دەستووراتی ئۆلیی لەم کۆپەڕەدا هاتووە. قورعانی ئەمڕۆ، لەلایەن عەبدولەلیک کوڕی مەروان، خەلیفەی بەغداد، نزیک لە سەد ساڵی دوای کۆچ، بە نیشانەی سەر و ژێر و بۆر و خاڵدانان بڵاو کرایەوە. بەر لەوە لە قورعاندا هیچ خاڵ و سەر و بۆرێک بوونی نەبوو. سەرەڕای ئەمانە، موسوڵمانان بە قسە و دەربڕین و ئامۆژگارییەکانی پەیامبەر بڕوایان هەیە و دەبێ بە کردەوە بەکاری بێنن. دەڵێن: نزیک لە دوو ملیۆن دەخشەک (حدیث)، لە زمانی پەیامبەرەوە هەیە. ئەم دەخشەکانە دووسەد ساڵ دوای کۆچی دواییی پەیامبەری ئیسلام کۆکراوەتەوە و، ئەوانەش کە ئەم دەخشەکانەیان لە پەیامبەر گێڕاوەتەوە، ئیتر نەماون و مردوون. سەیری بۆ ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا، بەهمەن آرمیتی، لاپەڕەکانی ١٦٢ و ,١٦٣ بکەن. نەتەنیا من، بگرە زۆرێک لەو لێکۆڵەرەوانە لەو بڕوایەدان کە ئەم هەموو دەخشەکانە ناکرێ هی پەیامبەر خۆی بن. بۆ ئەوەی کە پەیامبەری ئیسلام لە ماوەی ٢٣ ساڵ پەیامهێنیی خۆیدا، دەبوو هەر ساڵ نزیک لە ٨٩٩٩٠ دەخشەکی هەبووبێ، واتە ڕۆژێ ٢٤٦ دەخشەک. ئەگەر

پەیامبەر رۆژێ هەشت سەعات بکوژ دەخشەکی گوتبێ، هەر سەعات نزیک لە ٣٠ دەخشەکی هەبووە کە دەبێ گومانی لێ بکەین. چونکە پەیامبەری ئیسلام کارگەلی ترشی هەبووە و لە خەزایێکی زۆریشدا، واتە (شەڕی ئۆلیی)، بەشداریی کردووە. کەوابێ نەیتوانیوە و هەلی ئەوەشی نەبووە بەو ئەندازەیە دەخشەکی هەبووبێ. گوایە لە سەدەی پێنجی کۆچیدا، زۆرێک لە زانا ئۆلییەکانی ئیسلام کۆبوونەوەیێکیان کردووە و لەم دوو ملیۆن دەخشەکە، نزیک لە دووسەد هەزاریان بۆ ساق بووەتەوە کە هی پەیامبەر خۆیەتی و پاشماوەکەی خەڵکی تر پێیان زیاد کردووە.

### کۆچ لە مەکەوە بۆ مەدینە

لە قورعانی مەجید سوورەی توور، ئایەتی ٣٠ تا ٣٥، ئاماژە بە باس و دەمەتەقێی محەمەد (د.خ) لەگەڵ خزمەکانی خۆی لەکاتی بانگهێشتن بۆ بەموسڵمانبوون لە مەکەدا کراوە، کە خواوەند ئەوی ناڕاستەوخۆ بانگ کردووە خۆڕاگر بێ. هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی ٣٣٢ و ٣٣٣ وەرگێڕانی ئایەتوڵا قومشەیی. لەگەڵ ئەم هەموو لێکدانەوەیە، محەمەد و هاوڕێکانی نەیانتوانی لە مەکە خۆیان رابگرن و هەمووکات لەلایەن دەوڵەمەندەکانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرا. لەوێدا کە خەڵکی چاندەکاری تیرەی ئەوس و خەزرەج، قەرزداری بازرگانەکان و سووخۆرەکانی مەکە بوون و لە نێوان تیرەکانیاندا دوژمنایەتی و کۆنەقین لەئارادا بوو، بەڵام ئەوانە بە ئۆلی محەمەد و کەسایەتی خۆی، نزیکییان نیشان دا و لەنێوان سەرکردەکانی ئەم تیرەگەلەدا لەگەڵ محەمەد لە نێوان ساڵەکانی ٦٢٠ تا ٦٢٢ ی زاینی، واتە تا ساڵی کۆچ، بە ناوبژیوانیی عباس، مامی محەمەد کە لە نێوان تیرەی هەژاری بنی هاشم، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو و هێشتاش خۆی نەبووبوو بە موسڵمان، دیمانە و کۆبوونەوە کرابوو. لەم چاوپێکەوتنانەدا، سەرکردەکانی تیرەکانی (ئەوس و خەزرەج)، کە خۆیان لەگەڵ یەکتر نێوانیان هێندە باش نەبوو، لەگەڵ محەمەد پەیمانیان بەست کە پشتی بگرن. هەر کە محەمەد و هاوڕێکانی لە

پشتیوانیی ئەم دوو تیرەیە دڵنیا بوون و تاڕادەیێک لە ئیسلام نزیک بوونەوە، راوێن (تصمیم)یان گرت کە لە مەکەوە بۆ مەدینە کۆچ بکەن.

بۆ ئەم کارە، موسڵمانەکان خۆیان بە دەستەگەلێکی بچووک دابەش کرد و یەکەمین دەستەی کۆچەرەکان، عومەری کوڕی خەتاب بوو، گوایە دواین دەستەی کۆچەرەکانیش پەیامبەر بۆ خۆی بوو، کە لەگەڵ ئەبووبەکری سدیق و عەلی کوڕی ئەبی تالیب و هاوڕێکانیدا رۆژی ٢٠ی سپتامبر ساڵی ٦٢٢ی زاینی لە مەکەوە کۆچیان بۆ مەدینە کرد. جێگەی گوتنە کە لە سەردەمی خەلافەتی عومەر (لە دەوروبەری ساڵەکانی ٦٣٧ تا ٦٣٩) و بە پێشنیازی عەلی کوڕی تالیب، دەستپێکی مێژووی ئیسلامیان ساڵی کۆچی پەیامبەر لە مەکەوە بۆ مەدینە دیاری کرد و رۆژی یەکەمی ساڵیان ١٦ ی ژووەنی ٦٢٢ ی زاینی، واتە نزیک لە دوو مانگ بەر لە رۆژی کۆچی محەمەد بۆ مەدینە دانا. بە چوونی محەمەد و هاوڕێکانی بۆ مەدینە، دوو تیرەی نێوبراو، ئەوس و خەزرەج، پادە، پاسە (حمایت)یان لەو هاتنە کرد و ئێوەتیان کردن. یەکەمین کاری سیاسیی پەیامبەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەم دوو تیرەیە بوو، کە ساڵانێکی دووروردرێژ دژایەتیی یەکتریان دەکرد و، دوژمنایەتییان هەبوو و، هەمیشە لە شەڕ و کێشەدا بوون، کە لە کۆتاییدا پەیامبەر نێوانیانی خۆش کرد و ئاشتی کردنەوە. لەو رۆژانەدا کۆمەڵێکی زۆر لەم دوو تیرەیە سەربەستانە بوون بە موسڵمان. دووەمین هاتنی ئایەتی ٢٥٦ بوو لە سوورەی (البقرة) (٢) لە قورعانی مەجید، بەتایبەت (لا اکراه في الدين). واتە کاری ئۆل بە زۆر نییە. سوورەی (البقرة) لە مەکە هاتە خوارێ کە ئاوەهایە: کاری ئۆل بە زۆر نییە (هەڵبژاردنی ئۆل ئەوەیە کە بە مرخی دڵ بێ، نەک بەتۆپزی، کەوابوو رێگەی ئۆل بە زۆرەملێ نییە، چونکە رێگەی ئۆل خواناسییە، نەک خوانەناسین). رێگەی راست و رێگەی چەوت و هەڵە بۆ هەموو کەسێ روون بووەوە، سا هەرکەسێک رێگەی خوانەناسی و نافەرمانی بەردات و بگەڕێتەوە و بڕوا بە بوونی یەزدان بێنێ، دەستی لە رایەڵێکی قایم و خۆڕاگر بەند دەبێ کە قەت لێک هەڵناوەشێ و خواوەند دەنگی هەموو بوونەوەرێک دەبیسێ و هەر

شتێکی خولقاندبێت بە سەریدا زاڵ و زانایە. قورعانی مەجید، هەمان سەرچاوە، ئایەتی ٢٥٦ ل ٣٥ وەرگێڕانی ئایەتوڵا قومشەیی. بە پێی ئەم ئایەتە، پەیامبەر لە سەرەتادا لەگەڵ موسڵمانان بە ئاشتی کردەوەی نواند. دوای ئەوەی کە هێزەکانی ئیسلام بەهێز بوون، دەستیان کرد بە خەزا (شەڕی ئۆلی).

پەیامبەری ئیسلام، بۆ پەرەپێدانی ئۆلی تاکپەرستی، لە سەرانسەری عەرەبستان، نزیکەی ٢٧ تا ٢٩ جار لەشکری کردووەتە سەر دوژمنەکانی ئیسلام کە پەیامبەر خۆی لە ٩ شەڕیاندا بەشداریی کردووە و شەڕی کردووە. ئەم شەڕە ئۆلیگەلە بە خەزاکانی پەیامبەر بەنێوبانگن.

نێودارترینی ئەم خەزاگەلە بریتین لە: خەیبەر، گرتنی مەکە، بەدر، ئوحود، مەریسیع، خەندەق، قەریزە، حونەین و تائیف. لە سەردەمی ژیانی پەیامبەردا سەرانسەری عەرەبستان بە زۆر یان بە دڵکاو، بوون بە موسڵمان. پەیامبەری ئیسلام، تۆزێک دوای ئەوەی کە لە یەکێک لە دواین شەڕەکانی، شەڕە ئۆلییەکان (غزاوات) ، بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ مەدینە، نەخۆش کەوت و یاوێکی گرانی گرت و لە ساڵی ٦٣٢ بێ ئەوەی کە لەمەڕ جێگری خۆی شتێک بڵێ، کۆچی دوایی کرد. لە ژێر ویکۆپیدیای محەمەد (د.خ) پەیامبەری ئیسلامدا نووسراوە: لە سەردەمی ژیانی محەمەد یەکەمین سانکا (سیستم) سیاسی و کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو دامەزرا. ئۆلی ئیسلام لە درێژەی ژیانیدا ئەگەر دوورنەچین، تەنیا لە عەرەبستان بڕۆی پەیدا کرد. دوای کۆچی دوایی محەمەد(د. خ)، خەلیفەبوونی خەلیفەکانی رێناس (خلافت خلفای راشدین)، سەردەمی ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان و عەلی دەستی پێ کرد. سەرکەوتنەکانی ئیسلام لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب، دووەمین خەلیفەی رێناسدا، گەیشتە پۆپە. لەوانە گرتنی نێوان ڕووباران (بین النهرین) و بەشگەلێک لە ئێران و لەناوچوونی دەسەڵاتی ساسانییەکان لەلایەن سوپای ئیسلامەوە، هەروەها گرتنی میسر و سوریا و ئافریقای باکور و ئەرمەنستان و ئیمپراتۆریای رۆمی رۆژهەڵات، لە شاکارەکانی عومەری کوڕی خەتاب بوو.

بەپێی نووسینەکانی موسڵمانەکان و مەسیحییەکان، کاتێک کە عومەر، بە سواریی حوشتر هاتە ناو ئورشەلیم، سەفرۆنیووس کلیلی لاشیپانەی (دەروازە) شارەکانی پێ سپارد. جێگەی گوتنە کە چەند ساڵ بەر لەوە رابەری ئۆلیی ئورشەلیم رای گەیاند کە ئەو بە هیچ کەسێک بێجگە لە خەلیفە خۆی، هیچ پەیماننامە، یان گرێبەستێک، نانووسێ. هەر لەبەر ئەمە عومەر خۆی هات بۆ ئورشەلیم کە گرێبەستەکە واژۆ بکا.

### ئیسلام دوای خەلیفەکانی رێناس

خاڵێک لێرەدا شیاوی باسە کە ئەگەر ئێمە سەرهەڵدانی ئۆلەکان لە سەردەمانی دێریندا، لەگەڵ پەیدابوونی رێکخراو و سازمانە سیاسییەکان لە جیهانی پێشکەوتوودا لەبەریەک دابنێین، هەمان ئەو جیابوونەوەگەلەی کە لە رابردوودا لە نێوان زۆربەی ئۆلەکان و ئۆلزاکاندا سەری هەڵداوە، ئەمرۆش لەناو هەموو رێکخراوەکاندا سەر هەڵدەدا. جیابوونەوە لە هەمان ئۆلی یەهوودەوە سەری هەڵدا. لە ئۆلی زەردەشتدا لقگەلێکی لێ جیا بووەوە، وەکو زەرڤانی، مانییزم و مەزدەکی، لەکاتێکدا هەموویان وەکو کۆپەرێکی پیرۆز چاویان لە ئاوڤێستا دەکرد. لە فەلسەفەی بووداییزمیدا دوای مردنی بوودا، جیابوونەوەیێک رووی دا کە دوو دەستەی بنەڕەتیی تراوادا و ماهایانا بوون. کە لێکدانەوەی خۆیان هەبوو لەمەڕ فێرکردن و پەروەردەی بوودا. لە ئۆلی مەسیحییەتیشدا هەروەها لە سەرەتای سەدەی شازدەی زاینی (١٥١٧ ی زاینی)، دوکتۆر مارتین لۆتر بە راگەیاندنی ٩٥ تێزی خۆی لە کلێسای وێتنبێرگ، بوو بە دەسپێشخەری لقی پرۆتستانیزم و بەو هۆیەوە پاوانی ئۆلی مەسیحی لە دەست کاتۆلیکەکان دەرهێنا. لەو کاتەوە تا ئێستا نزیک لە ١٢٥ کلێسای مەسیحی لەم دوو لقە بنەڕەتییە و یەک لقیش، ئورتۆدوکس، لە ئۆلی مەسیح جیا بوونەتەوە و گشت ئەم لقانە بە ئینجیلی سەردەمی دێرین و سەردەمی نوێ، هەر بەو شێوەیەی کە هەبوونە بڕوایان هەیە. بەڵام هەرکامەیان لێکدانەوەی خۆیان لە ئینجیل دێننە دەست. لە ئۆلی ئیسلامیشدا

له جیابوونەوەکانی سەرەتا، تەنیا دوو لق بنەڕەتی بوون، کە لەوانە یەکێکیان شیعەی ئیمامییە بە ڕێبەرایەتیی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، خەلیفەی چوارەمی دوای کۆچی دوایی پەیامبەرە و، ئەوی تریشیان ئەهلی سوننەتە کە خۆی ڕەدووکەوتەی چوار ڕێبازی مالیکی، حەنبەلی، شافیعی و حەنەفین و دواتر لقگەلێکی تری وەکو نەقشبەندی و قادری لە تورکیا و عێراق و وەهابیە لە عەرەبستانی سعودی و ئەحمەدیە لە پاکستان و... هتدی لێ بووەوە. لە ڕێبازی شیعەشدا جیابوونەوەگەلێکی زۆر ڕووی دا. لەوانە شیعەی دوازدە ئیمامی، شیعەی حەوت ئیمامی یان ئیسماعیلی، شیعەی زەیدیە، کیسانیە، عەباسیە و... هتد. دواتر شیعەی سەفەوی لە بەرانبەر شیعەی عەلەوی و تاقمەکانی تردا سەریان هەڵدا، کە بڕێک لەوانە وەکو بەهاییخوازی بەیەکجاری لە ئیسلام دابڕان.

لێرەدا تێ دەکۆشین تا ئەو جێگەیەی کە دەسەیاو هەبێ، ئاماژە بە هەندێ لەم جیاوەبووانە بکەین. لەوێدا کە لەمەڕ لقەکانی شیعە و چوارلقی سەر بەسوننە گوتاری زۆر نووسراوە، ئیتر لە شیکردنەوەی زۆرتر لەمەڕ ئەوانە خۆ دوور دەگرین. لێرەدا تەنیا بە دوو لقی لاوەکی و کەمناسراو بۆ هەمووان، واتە وەهابیە لە عەرەبستانی سعوودی و ئەحمەدیە لە پاکستان، ئاماژە دەکەین.

**وەهابیە لقێک لە ئیسلام**

وەهابیخوازی لە یەکێ لە لقەکانی ئیسلامی گەلێری (سنتی)، واتە حنبەلی هەڵقوڵیوە کە ڕەدووکەوتەکانی زۆرتر لە عەرەبستانی سعوودیدان. بناغەدانەری وەهابیەت، محەمەد کوڕی عەبدولوەهاب (١٧٠٣ تا ١٧٩١ ی زاینی بەرانبەر بە ١٠٨٢ تا ١١٧٠ ی هەتاوی) بوو. ئەو یەکێ لە زاناکانی سوننەی عەرەبستانی سعوودی بوو کە لەگەڵ شیعەی ئێرانی و تەسەوفی کوردی دژبەر بوو. هەر بەوجۆرەی کە ئاماژە کرا، وەهابیگەری دەگەڕێتەوە بۆ دەمانی (ابن تیمیە)، لە سەدەی هەشتی کۆچی مانگی. بەڵام بە ڕاپەڕینی محەمەد بن عەبدولوەهاب لە عەرەبستانی سعوودی، لە سەدەی دوازدەمی

کۆچی هەیڤی، وەهابیخوازی بە شێوەی ئۆلزای دەسەلاتداری (دەولەتی)، دیمەنێکی نوێی لێ دەرهات. سەیری وەهابییەت و ریشەکانی، (نورالدین چهاردهی)، چاپخانەی فەتحی، تاران ١٣٦٣، چاپی دووەم لاپەڕی ٢٦ بکەن و هەروەها سەیری کورتە مێژووی وەهابییەکان، وەرگێڕان و دارشتنی (سید ابراهیم سید علوی)، امیر کبیر، تاران ١٣٦٥، چاپی دووەم لاپەڕەی ٨- شیاوی گوتنە کە هەر لەم کۆپەڕەی چهاردهیدا، لاپەڕەی ٢٢، بانگەشە دەکا کە {سەرچاوەی گوتاری محەمەد عبدولوەهاب، گوتەکانی (بن تیمیه)یە و، ئەو لە خوارجەکان و حەنبلییەکان کەلکی وەرگرتووە، لەبەرئەمە لە سەرەتادا روو لە بیروباوەڕی خوارجییەکان دەکەین}. واتە حەنبلییە سونییەکان هەر لەو (خوارجییانەی دەمانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب بوونە. وەهابییەکانی ئەمڕۆ، لە عەرەبستان زۆرینەن و لە پاکستان و ئەفغانستانیش هەن. بڕێک لە زاناکانی وەهابی، شیعەکان بە (رافیزی) دادەنێن و کوشتنیان بە رەوا و حەلاڵ دەژمێرن و هەر بەو شێوەیەی کە گوتمان، دژبەری سەرسەختی سوفییەکانن لە کوردستانی ئێران و ئێراق و تورکیادا.

## ئەحمەدیە لقێک لە ئیسلام

بناغەدانەری بزووتنەوەی ئەحمەدیە، لە ئۆلی ئیسلامدا میرزا غولام ئەحمەد بوو، کە سالی ١٨٣٥ یان ١٨٣٦ ی زاینی لە شاری قازیان (قادیان)ی هندستان لەدایک بووە و، دوای خوێندنی ئۆلی و پەروەردەی قورعانی و هەلچوون و هەلدانی لەو بوارەدا، بەردەوام لەگەل بڕۆپێدەرانی مەسیحی ئینگلیزی، کە بۆ بڕۆپێدانی ئۆلی مەسیح چووبوونە هندستان، لە مشتومڕدا بووە. ئەو لە تەمەنی چل سالاندا دوای مەرگی باوکی لە بیری ئەوەدا بووە لە ئۆلی ئیسلامدا گۆڕان وەدی بێنێ و، بۆ ئەم کارە سەرەتا بانگەشەی کردووە کە: لەلایەن خواوە راسپێردراوە گۆڕان و چاکسازی لە ئۆلی محەمەددا بکا. دوای ماوەیێک دەنگۆی داخستووە کە راسپێراوی خواوەندە و دەیەوێ مرۆڤایەتی لەم دۆخە مەینەتبارە رزگار بکا. پاشان کاتێ کە رەدووکەوتەکانی

زۆرتر بوونە، بانگەشــەی کـردووە کـە خـۆی هـەر مــادیی دیاریکراو (مــهدی موعـود)ە، یان بە زمانی مـەسیحی، هەمان عیسـای مەسیحە و رۆڵەی خوایە. میرزا غولام ئەحمەد، لە مانگی رەشـەمەی سـاڵی ۱۹۰۸ ی زاینی لە قـازیانی هندسـتـان مـردووە. سـەیری کۆپـەڕی ئەحمـەدیە یا ئیـسـلامی راسـتـەقـینە بە زمـانـی ئینگلیـزی، چاپی دووەم، سـاڵی ۱۹۷۳ ی زاینی لاپەڕەکـانی ٤ و ٥ بکەن دوای مەرگی میرزا غولام ئەحمەدیش خـەلیفـەکانی ژێرەوە بە شێوازی ئیـسـلامی گـەلێـری رێبـازی ئەحـمـەدیەیان دامـەرزاندووە و هەتا ئـەمـڕۆش بەردەوام ئەو رێبـازەیان هەر بـەرەو پێش بردووە و دەیبـەن. خـەلیـفـەکـانیش ئەمانەی خوارەوەن:

خەلیفە موسڵمانەکانی ئەحمەدیە لە پاکستان و وڵاتەکانی تری ئاسیا

خەلیفەی یەکەم (۱۹۰۸ – ۱۹۱٤): حەکیم نوورەدین بەرەوی (۱۹۱٤ – ۱۸٤۱)

خەلیـفـەی دووەم (۱۹۱٤ – ۱۹٦٥): مـیـرزا بەشیـرەدین مـەحـموود (۱۹٦٥ – ۱۸۸۹)

خەلیفەی سێیەم (۱۹٦٥ – ۱۹۸۲): میرزا ناسر ئەحمەد (۱۹۸۲ – ۱۹۰۹)

خەلیفەی چوارەم: میرزا تاهیر ئەحمەد (۱۹۸۲ – ۲۰۰۳).

خەلیفەی پێنجەم (۲۰۰۳ – تا ئەمڕۆ): میرزا (مصرور) ئەحمەد (۱۹٥۰ – تا ئەمڕۆ)

ئەم کۆپەڕە، واتە (کۆپـەڕی ئیسلامی راستەقینە)، کە عەبدوفازیل مـەحموود سـاڵی ۱۹۲٤ نووسـیـویەتی، لە لاپەڕە ۳۱ دا، مـیـرزا غـولام ئەحـمـەدی وەکـو مەسیحی مەوعود ناساندووە. بە ئاماژەکردن بە قورعانی مەجید کە ئەگەر ئەم کۆپەڕە بەبێ گۆڕان، هـەروەک خـۆی بمێنێتـەوە و تەنیـا یەک لێکدانەوەشی بۆ بکرێت، ناشێ ئەم شتە کامل (تەڤکۆ) بێ. هەر ئەو سەرچاوەیە، لاپەڕەی ۳۱– بۆ روونکـردنەوەی زۆرتر لەمــەڕ ئەحـمــەدیە، ســەیری ئەم کـۆپەڕە، (کـۆپەڕی ئیسلامی راستەقینە) بکەن.

## شیعەی حەوت ئیمامی یان سمایلی، لقێک لە ئیسلامی شیعە

شیعەی حەوت ئیمامی یان سمایلی، تاقمێکن لە شیعەی ئیسلام کە تەنیا بە حەوت ئیمام واتە هەتا سمایلی کوڕی ئیمام جافری سادق بڕوایان هەیە. ئەوانە سمایل کوڕە گەورەی ئیمام جافری سادق کە نزیک لە پێنج ساڵ بەرلە باوکی کۆچی دوایی کردووە، بە ئیمامی حەوتەم دەزانن. ئەوانە تەنانەت بانگەشەیان دەکرد کە سمایل تا پێنج ساڵ دوای مەرگی باوکیشی هەر ماوە و لە شاری بەسرەدا ژیاوە. گوایە ئیمام جافری سادق، لەپێشدا سمایلی بۆ جێگری خۆی داناوە، کەچی دوایی پەشیمان بووەتەوە، یان لەبەر هۆی تر، کوڕی دووەمی، مووسایان بۆ جێگری هەڵبژاردووە. سمایلییەکان ئەم هەڵبژاردنەیان نەپەژراندووە و بانگەشە دەکەن کە ئیمام ناتوانێ لە باوەڕی خۆی پاشگەز ببێتەوە. هەر لەم سۆنگەیەڕا، ئەوانە سمایل بە جێگری مافبەری ئیمام جافر دەزانن. مناڵەکان و نەوەکانی سمایل و سمایلییەکان ئیتر لە مەدینە نەمان و کەوتنە ژێر چاوەدێری. مناڵەکانی سمایل هەڵاتن بۆ ئێران و ئەفغانستان و تەنانەت چوونە سوریا و بڵاوەیان کرد. ئەوانە لایەنگرەکانی خۆیانیان نارد بۆ دوورترین شوێنی وڵاتە ئیسلامییەکان بۆ جاڕدان و بانگەواز. محەمەد کوڕە گەورەکەی سمایل هاتە دەماوەن و، مناڵ و نەوەکانیشی چوون بۆ خوراسان و قەندەهار و، لەوێشەوە چوون بۆ هندستان و هەر لەبەرئەمە ئەوڕۆکە ئەژمارێکی زۆر لە سمایلییەکان لە هندن.

سمایلییەکان لە باری بڕواوە، بە کرمات (باطی)یش بەنێوبانگن. حەسەن سەباح)، دۆست و هاوشاگردی عومەر خەیامی نەیشابووری و خواجە نیزاموئەمولک، بوو بە یەکێک لە ڕەدووکەوتەکانی سمایلییە و فدائیان گیانلەپێناوانی سمایلییەی دروست کرد کە دەستیان بە ڕەشەکوژیی سیاسی کرد. لە لقی شیعەی ئیسلامدا چەند جیابوونەوەیێک بێجگە لەمە رووی دا کە لەوانە: شیعەی زەیدیە، شیعەی کیسانیە و نموونەی تر بوون. لە سەدەی نۆزدەی زاینیدا یەکێ لە (نخبە) هەڵکەوتوویا، بژاردەکانی شیعەی دوازدە ئیمامی بەنێوی سەید عەلی محەمەد باب، لە سەرەتادا بە ڕەدووکەوتنی

شێخیە، ویستی ڕیفۆرمێک لە ئیسلامی شیعەدا وەدی بێنێت. واتە کارێک بکات کە ڕەدووکەوتەکانی ئیسلام، لە بنەمای ئۆلی پێنجینەی شیعە، تەنیا چوار بنەمای بپەژرێنن، بەڵام ئەو کەوتە بەر تەکفیری ئایەتوڵڵاکانی سەردەمی خۆی و، لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەوە فەرمان (حکم)ی مەرگی بەسەردا سەپێنرا. سەید عەلی محەمەد باب، لە زینداندا کۆپەڕی ئۆلیی (بیان) نووسی. لە ڕاستیدا باب، بزووتنەوەیێکی جووتیاریی وەڕێ خست، کە نێوی (ئۆلێکی تازە)ی لەسەر دانا. لە ڕاستیدا باب، (ئۆلێکی نوێ)ی لە ژێر ئاڵای بزووتنەوەییێکی جووتیاریدا دروست کرد. بەڵام دوو برا، میرزا یەحیا سوبحی ئەزەل و میرزا حسێن عەلی بەها کە لە ڕەدووکەوتەکانی ئەو بوون، لەسەر جێگریی کێشەیان لێ پەیدا بوو. سوبحی ئەزەل، بڕوای وابوو کە دەبێ ڕێگەی باب درێژە پێ بدرێ، بەڵام حسێن عەلی بەها، خۆی نێو نا (یظهره اللهی) و گوتی: من هەر ئەو کەسەم کە سەید عەلی محەمەد باب سۆزی پێ داوم و ڕێبازی تازەی بەهایی دروست کرد.

# ئۆلگەلی بڕوا بە ژیانی لەگەڕدابوون
# یان بڕوا بە مرۆڤیەزدانی

بەشی پێنجەم

## بەرەهمایی "هندووئیزم" و بوودائیزم

هەر لە رۆژگارانی دێرین و پێش بەرهەڵدان و سەرهەڵدانی رێبازی بوودا، ئۆلی هیندووەکان لەزیاتر لە هەزار ساڵی پێش زاینەوە بەرەهمایی بووە، واژەی برێهما، لە سانسکریتدا بەواتای یەزدانی هەر هەبوو (زات واجب الوجود) و پەروەردگاری تاک و بێ هاوتا (قادر مطلق)، واتە یەزدانی گەورەی هندووەکانی دێرین. بەپێی ئەو نووسینەی کە دوکتۆر موعین لە سەر (برهان قاطع)دا نووسیویەتی و، بە وتەی (ملل و نحل) یاسەمی، ئەو سەرچاوەی پەروەردگاری جیهان و، خوایانی توانا و بێ هاوتایە. بەرەهما لەگەڵ (ویشنو) بەواتای پارێزەر و لەگەڵ (شیوا) بەواتای رووخێنەر، یەک سێگۆشە پێک دێنن. رەدووکەوتەکان، ئەم بەرەهمایە بەشێوەی مرۆڤێک وێنەنوێن دەکەن کە چوار سەر و چوار دەستی هەیە و تەسبێحێک و گۆزەیێک و کەوچکێکی پیرۆزی لەگەڵ وەرزین (سخە)یێک لە (ودا) بە دەستەوەیە. ئەم مرۆڤە بۆ خۆی بێژەر و دارێژەری "وداکان" و یاسادانانە بۆ خەڵکی هند. لە راستیدا پەرستنی بەرەهما لە دێرینترین ئۆلەکانی پەرستنە لەم وڵاتەدا. رەدووکەوتەکان بە سێ خوا، یان (رب النوع) خوای رەگەزەکان، بڕوایان هەبوو: یەکەم بەرەهما خوای گەورە، دووهەم پارێزەر (ویشنۆ)، واتە فەرماندەری گیانداران و بێ گیانانی سەر گۆی زەوی، سێیەم رووخێنەر (شیوا)، واتە لەناوبەری تەواوی بوونەوەران. رەدووکەوتەکانی ئەم ئۆلە، بە پێی نووسینەکانی دێهخودا (نزیکەی پەنجا ساڵ پێش)، ٢٢٠ ملیۆن کەس بوونە و شاری پیرۆزی ئەوانەش "بنارس"ە. سەیری فەرهەنگی دێهخودا، بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٩٩٧ بکەن.

له راستیدا ئۆلی بەرەهما کە هەزاران ساڵە لە هنددا پێشینەی هەیە، دواتر نێوی بوو بە خوای سەر زمانی هندوویزم و ئەورۆکەش هەر بەم نێوەوە بەنێوبانگە. دەڵێن: هیندوویزم، یان بەرەهماییەکان دیمەنی گەشەکردووی ئانیمیسمن. ئانیمیسمیش خۆی، جۆرێک شێوەی بیرکردنەوە و شێوەی باوەڕپێکردنی قووڵە بە بوونەوەرەکان لە ناوچەکانی ئافریقا. ئانیمیسم بەواتای گیانپەرستی (گیانلەبەرپەرستی) و گیان وێناکردن (گیانلەبەر وێناکردن)ە. بەرەهمایی یان هیدوویزم جۆرێک فەرهەنگ و داوو کرداری کۆمەڵایەتییە بە خاوێنکردنەوەی نەفس لە ڕێگەی چلەکێشان (ریاضت)ەوە. داریووش شایەگان، لە بەرگی یەکەمی لاپەڕەی ١٠٥ ی کۆپەڕی ئۆلەکان و ڕێبازەکاندا دەڵێ: بەرەهمەن (بەرەهما)، بنەمای هەڤیاز (ممتاز)ی جیهانی بینراوە، چونکە بنەمای دانسقەی جیهانی خەیاڵیی (ئاتمان) بوو و، ئەم دووەش هەروەک گوتمان دوو کۆمسەری ڕاسەڵبوو (واقعیت)ن. بەرەهما هەم بێ ڕەوتە، هەم لە ڕەوت، هەم دوورە هەم نزیک، ئەو لە هەموو شوێنێکدا هەیە. هەر بەو جۆرەی کە گشت ڕووبارەکان لە ئۆقیانووسەوە سەرچاوە دەگرن و دیسان دەڕژێنەوە ئۆقیانووسەکان، هەر بەو چەشنەش هەموو شتەکان لە بەرەهمەنەوە دەدرێنە دەرێ و بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە. دیسان لە زمانی ئولدێنبێرگەوە لە لاپەڕەی ١٢٧ ی هەمان کۆپەڕدا هاتووە: کە ئۆلی بوودا نە تەنیا بەشبەری بنەما گرنگەکانی نەریتی برێهمەنییە، بگرە ڕەنگی هزریی و وەخشەکی (معنوی)یە و هەستی ئۆلییش هەر لەژێر کارتێکەریی وەخشەکبوونی هندوودایە. (ئولدێنبێرگ، بوودا، کەلکەتە، ١٩٢٧، لاپەڕەی ٥٢.

سا دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەرەهمایی وەکو ئۆلی مێژینەی هیند، کۆڵەکە و بنەمای بوودائیزم بووە. شیاوی گوتنە کە لەمەڕ بیرکردنەوە و دە ئۆلە مێژینەکە، دیتنی جۆراوجۆر هاتووەتە گۆڕێ، لێرەدا تێ دەکۆشین ئەوەی کە زۆرتر نزیکە لە ژیربێژی و، پەرەسەندنی، هیچ زیانێ بە گشتلاداگری و کۆمەڵگە ناگەیەنێ، بخرێتە بەردەست.

**بوودایی و فەلسەفەکەی:**

کەسی بوودا، لە سەرەتاوە نێوی (بوودهی ستە)، گووتەمە (گوواتاما) یان بە گوتەی ئارمیتی لە کۆپەڕی (ئۆل لە تێپەڕبوونی دەمان)دا، لاپەڕەی ۳۲٥، (سیددەهارتا گائووتاما)ی بۆ دانرابوو، کە دواتر بە بوودا، واتە زانا و کەسێک کە چاوی کراوەتەوە و رووناک وێژدانە نێوی دەرکرد. ئەو بە گوتەی ویلیامز کە لە دێهخودای دەگێڕێتەوە، لە ساڵی ٥٦٠ ی پێش زاین، لە نزیک شاری کاپیلاواتسوو، لەدایک بووە و لە ساڵی ٤٨٠ ی بەرلە زاین، واتە لە هەشتا ساڵاندا کۆچی دوایی کردووە. ئەو خۆی لەم تەمەنەدا دەیزانی کە دەبێ بڕوا بۆ نیروانا. لەم بارەوە لە بەرگی یەکەمی ئۆلەکان و رێبازە فەلسەفییەکانی هند، لاپەڕەی ١٣٩دا، نووسینی داریووش شایەگان، دەخوێنینەوە: لە تەمەنی هەشتا ساڵاندا، (بوودا) تێ دەگا کە کاتی ماڵئاواییە و دەبێ رەگەڵ نیروانا کەوێ. نیروانا، ئامانجی هەڵکەوتووی ئۆلی بوودا و دامرکاندنەوەی گڕەی (عطش)ی داخوازییەکانی مرۆڤە. بە گوتەیێکی تر، لە سەرچاوە ئێلکترۆنیکییەکانی ئینتەرنێتدا، بوودا ساڵی ٥٦٣ ی پێش زاین، لە خاتوو مەهامایا، ژنە فەرمانڕەوای هندییەکان لە شاری (کەپیلە وەتسۆ)، یان هەمان کاپیلاواتسۆ، لە هندستان کەوشەنی باشووری نێپاڵی ئەمڕۆ لەدایک بووە. باوکی بوودا، فەرمانڕەوا (حاکم)ی بنارێس بوو و ژیانێکی خۆش و پاشایانەی هەبوو. بەپێی چیرۆکە خەیاڵییەکان، لەمەڕ بوودا دەڵێن: باوکی بۆ پەرچەکردن لە پەتا و ئازارەکانی رۆژگار، ئەوی تا تەمەنی سەرەوە لە کۆشکدا بەند کرد و هەموو دەرەکە و دەسەیاوێکی لەبەردست دانا. بەڵام بوودا لە تەمەنی ٢٩ ساڵاندا لە بابی پەرمان (اجازە)ی وەرگرت کە دڵداوێر (مایل)ە، دەرەوەی کۆشکەکە ببینێ. ئەو بە دیتنی جیهانی دەرەوەی کۆشکەکە، ئۆقرەی نەما و ژیانی دەوڵەمەنانە و ژن و منداڵێکی کۆرپەی (بەنێوی راهوولە - کۆمارە)ی بەجێ هێشت و لە ژێر داری (بوودەهی)، لە سێ فرسەقیی زێدەکەی، واتە ئەو شارەی کە لێی لەدایک بووە، حەوت شەو و رۆژ ئەژنۆی دادا و دەستی بە ژارین کرد تا زات، یان دۆن بچێتە لەشییەوە.

ناو براو دوای ئەوە، لەپای ئەو دارەدا فەلسەفەی ئۆلەکەی خۆی لە پێنج کەس لە رەدووکەوتەکانی ئاشکرا کرد، واتە فەلسەفەی چوار راستەقینە (حقیقت). بەم شێوەیە بەپێی ئۆلی بوودا، ١- راستەقینەبوونی کوێرەوەری، ٢- داخوازگەی کوێرەوەری. ٣- دەربازبوون لە کوێرەوەری، ٤- رێگەی دەربازبوون لە کوێرەوەری. بوودا دەڵێ: "زاین و ژیان کوێرەوەرییە و کوێرەوەری ئارەزووی نەوس و هەوەسە و جا ئەگەر ئاواتی نەفس نەمێنێ و لەناو بچێ، کوێرەوەری بە کۆتایی دەگات و رێگەی نەمان و لەناوچوونی ئارەزووی نەفس و هەوەس، ئاکار و کردارە لە رێباز (طریقت)دا". ئەم چوار راستییە بوودایییە و بەرزترین ئامانجی بوودا، دەستگەیشتن یا گەیشتن بە نیروانایە، ئەو قۆناخەی کە مرۆڤ هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە. بوودا دژبەری سەرسەختی گاوگەردوون (قربانی) بوو و دەیگوت: دەبێ گیانی گیانلەبەران بپارێزرێ. گوایە یەکێک لە دژایەتییەکان کە لەگەڵ رێبەرانی بەرەهمایی هەیبوو، هەر لەسەر ئەم گاوگەردوونانە و خوێنرشتن بوو. سەیری کۆپەڕی ئۆلزاکانی هند بەرگی دووەم، لاپەڕەی ٥٥٠ و ٥٥١ ی داریوش شایەگان و هەروەها سەیری کۆپەڕی بوودا نووسینی ع. پاشایی لاپەڕەکانی ١١٠ و ١١٢ و لاپەڕەکانی دواتریش بکەن.

لە گوتارێکدا لەمەڕ نیروانا، کە یەکێکە لە واتاکانی بووداییخوازی، نووسراوە: نیروانا ئامانجی هەڵبژاردەی ئۆلی بوودایە. نیروانا قۆناخی کۆتایی ئاکار و کرداری ئۆلی بوودایە لە رێگەی گەیشتن بە سرووش و رووناکبوونەوەی تەواو و وشیاری و هێمنایەتیی ببڕ (مطلق)ە. نیروانا پاودانێکە کە لەوێدا مرۆڤ لە نەزانینی کوێرەوەری، هەواو هەوەس، رق و کینە، تکاو پاڕانەوە و بەسرانەوە (وابستگی) بەتەواوی بەتاڵ دەبێتەوە و دەگا بە پاکبوونەوەیێکی تەڤکۆ (کامل).

نیروانا، دواین قۆناخی رێچکە و رێبازی بوودا و بەرەو کرداری بووداییبوونە. نیروانا واتە ئازادی لە زنجیرەی سۆنگەی کوێرەوەرییەکان و دەرکەوتنەکان و دامرکاندنی ببڕی گرەی خواز و ویستەکان. نیروانا واتە

نەمانی ببڕی نەزانین و ڕووناکیی ببڕی گیان، نیروانا قەراخی هەڵبژاردە و ئەوپەڕی دڵبـاو (ایدال)ێکە کـە لەسـۆنگەی ئەنجـامـدانی کـردار و ڕێگەی هەشتینەی بوودایییەوە وەدی دێت. ئەم گوتەیە بە گوتنی بوودا دەزانن، "دوای گەیشتن بە نیروانا: گیانی من لە نەزانین و هەڵە و ئاز و مرخ، ڕزگاری بوو و لەم بوونەوەرە ڕزگاربووەدا، ڕێگەی ڕزگاریم ناسی، پێویستبوونی ژیان دیسان لەناوچوو، پاودانی هەزەخی (حالت قدسی)ی هاتە پێش و ئەرک کۆتایی هات و من تێ گەیشتم ئیتر ناگەڕێمەوە بۆ ئەم جیهانە". بوودا گوتوویەتی: "ئەمەیە هۆ ڕێبـوارانی راسـتەقینەی هەژیا (شـریف)، دامـرکـاندنی کـوێرەوەری واتە دامرکاندنی مرخ و گڕە، لە سۆنگەی تەفروتوونابوونی تەڤکۆی داخوازییەکان، ئەم دامـرکـاندنە وەکو چرایێکە بە ڕۆن بگرێ، بەڵام ئیتر هیچ سـووتەنێکی تێ نەکەیت و ئاگاداری پڵـیتـەکەی نەبیت، ئەوسـا لـەبەر تەواوبوونی سـووتەنەکە، گـڕەکـەی دامـرکـێت و چراکـەش بکوژێتـەوە، هـۆ ڕێبـواران. ئەم گـوتـارە لە سەرچاوکەی ئینتەرنێتی وەرگیراوە و نێوی نووسەرەکەی لەسەر نەبوو، بەڵام لەبەر گرنگبوونی نووسینەکە، بەشێکیمان لێرەدا دەکار کرد.

لە راستیدا بەپێی نووسینی بەهمەن ئارمیتی، لە هەمان سەرچاوە لاپەڕەی ٣٢٧ و گـەلێکی تر لە لێکۆڵەرەوان، کـە ئەم دیتنەیان تەکەز (تائید) کـردووە، "یەکێ لە بارهێنانە بنـەڕەتییـەکانی بوودا، ئەوە بوو کـە هیچ جـۆرە خـوایەک بوونی نییـە. لـە وەڵامی ئەم پرسـەدا کـە ئەوە چییـە بوونی هـەیە، بوودا دەڵێ: دەهارمـا (واتە یاسـا، بارهێنانی یاسـایێکی گـشـتی کـە دەگـۆڕدرێ، ئەوەش یاسای بنەڕەتیی جیهانە)".

ژیانی بوودا لێوڕێژ بووە لە دەرەڤۆک (ئەفسـانە) گەلێکی زۆر، کە لێرەدا بۆ ئەوەی کـە زۆری لەسـەر نەچین، لە نێوهێنانیـان خـۆ دەپارێزین. ئۆلی بوودا، یەکێ لە ئۆلە گەورەکانی جیهانە کە کۆبەندێکە لە بنەمای فەلسەفی و ئاکاری. بەپێی نووسـینەکـانی دێهـخـودا، لە دەسـپـێکی کـاردا ئەم ئۆلە، لە ئۆلی بەرەهمایی دەچوو و لەگەڵیا پێوەندیێکی نزیکی هەبوو، بەڵام جیاوازیگەلێکی وەکو ئەو جیاوازییانەی کە باسمان کردن وەک، هاتنە گۆڕی گاوگەردوون،

بووداییەکان ڕێگە و دۆزی خۆیانیان لە بەرەهەمایییەکان جیا کردەوە. ئێمە چوار ماکی گرنگی فەلسەفەی بوودایی‌یمان نێو برد، کە بۆ نوقمەسارکردنی ئارەزووی نەفس، دەبێ بگەڕێین بە دوای ڕەوشت و ڕەوێڵدا و، ڕەوێڵ (سلوک) لە ڕێبازدا، هەشت پاژەر (رکن) ە. ئەم پاژە هەشتینانەیەی ڕێباز، بریتین لە: بڕوای دروست، تێکۆشانی دروست، بیرکردنەوەی دروست، فەلسەفەی دروست، کرداری دروست، گوتاری دروست، ژیانی دروست، زانین و ناسینی دروست و یەکدڵیی دروست. دێهخودا، هەمان سەرچاوە، بەرگی ١١ لاپەڕەی ٣٥٧، هەروەها سەیری بوودا بکەن. نووسینی ع. پاشایی لاپەڕەکانی ٢٨ و ٢٩ و دیسانیش سەیری (ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا) لاپەڕەی ٣٢٩ بکەن.

بوودا دەبێژێ: دوو کوێرەڕێ هەن کە هەردووکیان دەگەنە کوێرەوەری: یەکێکی خۆش ڕابواردن و کامەرانییە و ئەوی تریشیان خۆ ئازاردان و جزیا بەخۆدانە. ئەو، هەردوو ڕێگەکە ڕەت دەکاتەوە و، ڕێگەی ناوەڕاستەکەمان کە هەشتینەکەیە و هەڵمان بژارد و بە هەشتینەی باڵا بەنێوبانگە، پێ دەناسێنێ و، لەو ئاقارەوە بە پێوانی ئەم ڕێگە هەشتینە باڵایە، دەگاتە چوار ڕاستەقینەی بەرز و تەرز. واتە بە ناسینی کوێرەوەری، سەرچاوکەی کوێرەوەری، دەربازبوون لە کوێرەوەری و ڕێگەی ڕزگاری لە کوێرەوەری، هەر بەو چەشنەی کە گوترا: ئامانجی ئەم ڕێگەیە، نیروانا، یان ژیانی نەمرانەیە، هاوڕێ لەگەڵ ناسینەوە و سەربەستی. بوودا لەهەمان جێدا، زاین لەبەر کوێرەوەری، پیری لەبەر کوێرەوەری، نەخۆشی لەبەر کوێرەوەری و مردنیش بە کوێرەوەری دەزانێ. (سەیری بوودا، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٢٥بکەن.)

ئەو لە ڕێگەی هەشتینەی بەرزو تەرزەوە، سێ هەڤۆتن (آموزش)مان پێ دەدا، یەکەم باشترین هەڵسوکەوت، کە بریتییە لە: گوتاری دروست، کرداری دروست، ژیانی دروست. دووەم باشترین یەکدڵی، کە بریتییە لە: تێکۆشانی دروست، زانیاریی دروست و یەکدڵیی دروست. سێیەم باشترین ناسینەوە کە بریتییە لە: ناسینی دروست و بیرکردنەوەی دروست. سەیری بوودا لاپەڕەکانی ٣٤ تا ٣٦ بکەن، ئەمە لانیکەم هەمان وانەیە کە زەردەشتیش

گوتبووی: "کرداری باش، بیرکردنەوەی باش و گوتنی باش". بەو جۆرەی کە مێژوونووسان دەڵێن، زەردەشت گەلێک پێش بوودا، ئۆلەکەی خۆی ئاشکرا کردووە. بەڵگەوەر (مستند) ترینی ئەوانە نزیک لە ٦٣٣ ی بەرلە زاینە. لەبازنەی هەبوون (سەنسارە) و کۆمەڵە نووسینەکانی بوودا (ژمە)دا هاتووە کە ژیانی تاکەکەس تەنیا یەک جێگە و یەک جار نییە، بگرە دووپاتکراوەیە و هەرکەسێک هەزاران جار بەرلە ژیانی ئێستاکەی خۆی، بوونی هەبووە و هەزاران جاری تریش، دوای ئەم ژیانە، هەر دەژییێت (دۆنادۆن). لە راستیدا سەنسار، واتە سەرگەردانیی هەمان سەرچاوەی بەرزی بوودا، لاپەڕەی ٥٤.

لە پێوەندی لەگەڵ نیروانادا دەڵێن: ئەوە میلکانێکە کە نە لەم جیهانەدا هەیە و نە لەو جیهانەکەی تردا. بۆ تێگەیشتن لە نیروانا، یەکێک لە شاگردە سەرەتاییەکانی بوودا، لێی دەپرسێ: "ئاخۆ شتێک هەیە کە ئێمە بە با نێوی دەبەین؟" بوودا وەڵامی دایەوە، "بەڵێ رێزداری مەزن." شاگردەکە گوتی: "دەسا بۆ خزمەت بە من، نیشانم بدە، بزانم رەنگی چۆنە و بیچمی چۆنە؟ ئاخۆ پانە یا باریک، درێژە یان کورت؟" بوودا گوتی: "ناشێ من ئەمە بە تۆ نیشان بدەم، بەلام بوونی هەیە. من بەتەواوی بروام هەیە کە باب بوونی هەیە، بەلام ناتوانم بابت پێ نیشان بدەم. هەر بەم شێوەیە نیروانا بوونی هەیە، بەلام ناتوانم ئەمەش بە تۆ نیشان بدەم". سەیری (ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا)، نووسینی بەهمەنی ئارمیتی لاپەڕەی ٣٣١ بکەن.

لە جێگەیەکی تردا و لە ناساندنی ئەم نیروانایە، یان هۆر (زات)ێک کە نەمرە، هاتووە کە: ئەگەر رەدووکەوتەکانی بوودا، فەرمانەکانی هەشتینەی بەرز بەجێ بێنن، هەرگیز نامرن. ئەو لەم پێوەندییەدا دەڵێ: " هۆ رێبواران، هەرچی دامرکاندنی هەواوهەوەس و، دامرکاندنی رق و، دامرکاندنی خاپاندنە، هۆری نەمر دێتە ئەژمار. ئەم رێگەی هەشتینەی بەرزە، خۆی رێگەیەکە بە نەمری دەگاتە ئەنجام ..." بوودا، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٨٦–
بوودا لەمەڕ خۆی ئەێژێ: "هەر بەوجۆرەی کە شەوپشکێو (نیلوفەر)، لەئاودا دەڕوێ و، دێتە سەرئاو، بەلام لە قوڕ و چڵپاوی ئاوەکەدا پیس نابێ، منیش

هەر بەو جۆرە، لە جیهاندا راساوم و، لەوێوە تێ پەڕیوم و پیسیش نەبوومە".
هەمان سەرچاوە، بوودا، لاپەڕەی ١٠٣ دوای مەرگی بوودا، چی رووداوێک بۆ رەدووکەوتووەکانی ئەم ئۆلە هاتووەتە پێش؟ لە راستیدا جیاوازیگەلێک لەنێوان ئەواندا هاتە دی، کە بوو بە هۆی جیابوونەوەگەلێک. لەوانە و گرنگتر لە دوو دەستەکەی تر، تراودا و ماهایانان کە بە ڕیز کورتە شیکردنەوەیێک لەمەڕ ئەوانە دەخەمە روو.

## تراودا

هەر بەو چەشنەی کە ئاماژە کرا، دوای مەرگی بوودا، رەدووکەوتەکانی ئەو، وەکو ئۆلەکانی تر، بەپێی نووسینی شایەگان، لە بەرگی یەکەمی هەمان سەرچاوەدا، لاپەڕەی ١٦٩، "لە ساڵی ٤٠٠ ی بەر لەزاین، دوو دەستە و تاقمی گرنگ لەوانە، بە جیاوازیگەلێکەوە لە تێگەیشتنی راهێنانەکانی بوودا، جیا بوونەوە". لقێک بەنێوی تراودا، کە لە راهێنانەکانی بوودا، لەمە تێ گەیشتووە کە، مرۆڤەکان لە جیهانی هەبوودا، دەسەڵاتدارن و هیچ خوایەک، یان هێزێکی ئەودیوی سروشت، بوونی نییە کە پاڵ بە یارمەتی، یان رێنوێنیی ئەوەوە بدەین. خاڵی جیاوازی تر لەسەر کەسایەتیی بوودایە. تراودا دەڵێ: "بوودا مرۆڤێک بوو، وەکو مرۆڤەکانی تر، بەڵام ئەو دەستی بە رووناکی گەیشت، لەو کاتەوە کە پاڵی دا بە نیرواناوە، بڕشتی تاکەکەسانەی ئەو، کۆتاییی پێ هات و تەنیا بیرکردنەوە و هەڤۆتنی ئەو بۆ خەڵکی تر ماوەتەوە.

## ماهایانا

لقێکی تر بەنێوی "ماهایانا" لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەمووان دەتوانن بە یارمەتیی هێزێکی ئەوپەڕی سروشت کە نیروانایە، رزگار بن. ماهایانا باوەڕی وایە کە بوودا کەسایەتییەک بوو بە هێزی ئەوپەڕی سروشتەوە، کە رۆژێک جیهان رزگار دەکا و جێگەیێکی خوا وێنەی پێ دەدەن. سەیری (ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا)، لاپەڕەی ٣٣٣، بەهمەن ئارمیتی. ئەوەی کە ئەمرۆ لەمەڕ بوودائیزم لە جیهانی پێشکەوتوو و ماڵپەرە ئینتەرنێتییەکان لە

بەردەستی هەمووماندایە، کورتەیێکە لەو شیکردنەوەیەی ژێرەوە:

"بوودائیزم لە باشوور و باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا و رۆژهەلاتی دوور، رەدووکەوتەگەلێکی زۆری هەیە. وەرمێنگە (خاستگا)کەی لە باکوری رۆژاوای شێوەقورنەی هیندە و، پێوەندیدارە بە لانی کەم ٢٦٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە.

ئەم ئۆلە بەزۆری فەلسەفەیەکی وەخشەکی (معنوی)یە و سانکایێکی ئاکارییە. قۆناخی تەڤکۆبوونی وەخشەکی لە رێگەی «راهێنانی مرۆڤانە، بەشینەوە، ئەرمان (رحم) و هاودەردی و دووریگرتن لە کاری نارەوا و راچاو (کنترل)ی تاکەکەسی» دێتە بەرهەم. رەدووکەوتەکانی بوودا، ئەویان بە پەیامهێنێکی ژیربێژ و ئەزموونخواز و کۆمەلایەتیخواز دەزانی. بوودا ئاکاری بەسەر ١٠ بنەماوە هەڵخستووە: ١- نەکوشتنی ئاژەڵی گیانلەبەر و دووری لە کوشتن. ٢- بەکارنەهێنانی ملک (داژدە) و ماڵی خەڵکی تر. ٣- دووری لە ناپاکی و ئاکاری خراپ. ٤- دووری لە دەسبڕی و دزی. ٥- دووری لە چڵێسی و نەوسنی، بەتایبەت دوای نیوەڕوان. ٦- دووری و پارێز لە سەرخۆشیی شەراو. ٧- دووریگرتن لە سەما و گۆرانی و ئاوازی هەوا و هەوەسهێنەر. ٨- رەتکردنەوەی زێڕ و زیو و ئارایش و خۆڕازاندنەوەی رواڵەتی. ٩- دووریگرتن لە کۆکردنەوەی زێڕ و زیو (پووڵ و پارە). ١٠- دووریگرتن لە جێگەی نەرم و گەرم.

**کردەوەکان و یازە " مراسم" کانی ئۆلی بوودا**

١- پۆشەنی زەردپۆشین کە نیشانەی دڵەڕاوکێیە.

٢- تاشینی سەروریش.

٣- هێمنایەتی و دان بەخۆداگرتن و چاودێریی دەروونی.

٤- کەشکۆڵی سواڵی (لە هەمووان بێ نیاز).

ئەمڕۆ شاری پیرۆزی بوودایییەکان، شاری (لەهاسا)یە لە تەبەت و، دالایی لاما، پێشەوای بوودایییەکانی جیهانە.

بەپێی نووسینەکانی سەرەوە، "لە هەر پێنج کەس لە خەڵکی جیهان، یەک

کەس بڕوای بە راهێنانەکانی بوودایە". هەر بەو جۆرەی کە پێشتر گوتمان، ئامانجە رۆحانییەکانی ئۆلی بوودا؛ "گەیشتن بە" "نیروانا" یان هەمان جیهانی ئاشتی و ئارامی و ئاسوودەبوون لە کوێرەوەری و نەمردنە. بیروباوەڕی بوودایییەکان، ژیانی بەردەوامی مرۆڤەکان یان دۆنادۆنە و، لەو بڕوایەدان کە مرۆڤ دوای مردن، جارێکی تر لەدایک دەبێتەوە. بەم شێوەیە هەر ژیانێکی دواتر، ئازار یان پاداشی ژیانی پێشوو دەبێ. یەکێ لە بیروبڕوا و راهێنانەکانی گرنگی بوودا ئەوەیە کە، نابێ هیچ بوونەوەرێک لەناو بچێ، بۆ ئەوەی کە هەر بوونەوەرێک وردەورده و بە بەدوای یەکداهاتنی چەندین ژیان، لە مگەنەوەر (حشره)ەوە، بگرە، تا مرۆڤێکی پێگەیشتوو، دەژیێ. سا هەر جۆرێک لە ژیان، پیرۆزە. بوودا هەرگیز بانگەشەی پەیامهێنیی نەکردووە و، تەنیا خۆی بە مامۆستایێک دەزانێ کە ڕێگەی دروست ژیان بە خەڵکی فێر دەکات. هەر لەم سۆنگەیەڕا، "بوودایییەکان خەریکی نیایشی یەزدان نابن، بگرە تێ دەکۆشن بۆ گەیشتن بە نیروانا، یان پەسڵان ". لە راستیدا یەزدانیان قبول (پەژرا) نییە و هەر مرۆڤێک خۆی بە ئافرێنەر دەزانێ. راهێنانەکانی بوودا، لە سێ پاژدا کۆکراوەتەوە. پاژی یەکەم یاساگەلێک بۆ خاسخواکان، پاژی دووەم، ئامۆژگارییەکانی بوودا و پاژی سێیەم شێوەی بیرکردنەوەی بوودایییەکان. پەرسا (راهب)ە بوودایییەکان "پۆشەنێکی هەراو، لە پارچەیێکی نارنجیی زەعفەرانی لەبەر دەکەن و سەری خۆیان دەتاشن و کاسەی سواڵ لە دەست دەگرن و لەناویدا پێشکەشیی بوودایییەکانی تر لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن و پێخواس ڕێ دەکەن". ئۆلی بوودا تا سەدەی یەکەمی بەرلە زاین، لەلایەن رەدووکەوتەکانی بووداوە، دەم بەدەم و سینە بە سینە، هەڵدەگیرا و لە سەدەی یەکەمی پێش زاینیەوە، هێنرایە سەر کاغەز نووسرایەوە. ئەوڕۆکە نزیک لە زیاتر لە یەک ملیارد بوودایی لە سەرانسەری جیهان لە چین و ژاپۆنەوە بگرە تا دەگاتە ویەتنام و لائوس و تایلەند و هیندوستان و نیپاڵ و بورما و سریلانکا و مالیزی و ... هتد. بوونیان هەیە.

بەشی شەشەم:

## پێشەکییەک بۆ ئۆلەکانی دۆنادۆن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لێرەدا خاڵێک شیاوی سەرنجە کە دەبێ بینووسین، ئەویش ئەوەیە، لەوێوە کە کۆپەڕی ئۆلەکانی پێنجینەی نێوبراو جیهانین و هەرکام لە رادەیێکی بەربڵاو و بە ئەژماری ملیۆنان وەرژێن (نسخە) بڵاو کراونەتەوە و بانگەوازیان بۆ کردووە، پێویستییەکی ئەوتۆ بە ناساندنی زۆرتریان لەوەی کە لە سەریان نووسراوە، نییە. بەڵام چونکە کۆپەڕی پیرۆزی برێ لە ئۆلە بچووکەکان، بڕوایان بە ژیانی لەگەڕ (زندگی دورانی) و دۆنادۆنییە و لە خوارەوە هەڵیان دەدەین، نەتەنیا لەو وڵاتانەی کە زێدی خۆیانە و هاووڵاتیی ئەوێن، رێگەیان نادەن چاپ و بڵاو ببێتەوە، بگرە لە هەندەرانیش کەم کەس هەنگاویان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کۆپەڕانە هەڵگرتووە، بەم شێوەیە رەدووکەوتەکانی ئۆلی ئەم چەشنە ئۆلانە، نەیانتوانیوە خۆیان و رۆڵەکانی خۆیان لەگەڵ ئۆلی داوباپیریی خۆیان ئاشنا بکەن، (نە لە ناوخۆی وڵات، نە لە دەرەوەی وڵات). لەبەرئەمە پێویستە، تا ئەو جێگەیەی کە دەست دەدا، لەو وڵاتانەی کە ئەزموونی دیموکراسییان هەیە و مرۆڤ ئازادانەتر دەتوانێ بجووڵێتەوە، لانیکەم هەنگاو هەڵگرین بۆ کاری فەرهەنگی و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لەسەر ئەم ئۆلانە و تێ بکۆشین کە ئەم بەشە لە فەرهەنگی نەتەوەکان بە نەوەکانی داهاتوو بناسێنین.

پەروەردەکردن و فێرکردنی هەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئۆلی، ئەگەرچی لەگەڵ دیتنەکانی مرۆڤ خۆشیدا سازگار نەبێ، لەبەرئەوەی کە بەشێکە لە چارەنووس و فەرهەنگی خەڵکێک وەکو هەموو خەڵکانی تری جیهان، هیچ نەبێ پلەی زانایی و زانیاریی ئەو کەسانەی کە حەزیان لەم

بابەتانەیە زۆرتر دەکات. مرۆڤ دەتوانێ، لە خاڵە بەرزو تەرزەکانی ئەو زانستە کەڵک وەربگرێ و لە بابەتەکانی تریش ئامۆژگاری و ئەزموون لە وەربگرێ. لێرەدا باسی بەشێک لە فەرهەنگ و ئۆلی دێرینترین تیرەی نەتەوەی کورد، یارسانەکان دێنینە بەرباس.

لانیکەم زۆرتر لە چوار ملیۆن کوردی یارسان کاکەیی و کۆمەڵێکی زۆریش (ئەژمار ببڕای ببڕ نادیار) ئیزەدی، بەکتاشی، نوسەیری، درووزی و... هتد، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک، دەژین کە هەر دەستەیێکیان بە شێوەی خۆیان بە ئۆلی دۆنادۆن، بڕوایان هەیە و، لە بنەڕەتدا و بەپێی گوتەگەلێکی راست، ئەمانە خۆیان لە دیتنی فەلسەفییەوە، دێرینترین ئۆلی کوردەکان بووە، هەتا پێش هاتنی ئیسلام. ئەوڕۆکە ئەم ئۆل و هەنی (مرام) گەلە، لە بەرانبەر ئۆلی سەربەرانەوە، لە کەمینەدان. بەداخەوە لە بڕێ لەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە زانیاریی خەڵکەکەی لە خوارێیە و زۆرتر وشکەڕۆیی ئۆلیی باڵادەستە، خەڵکانی بڕوا بە دۆنادۆن، بەئاشکرا، لەژێر ستەم و زۆرداریدا دەژین و ژیان بەسەر دەبەن. دیارە ئەم ستەمە تازە نییە و پێشینەیێکی دێرینەی هەیە. بۆ نموونە لە سۆنگەی هەندێ بانگەوازی بێ بناغە و بانگەشەی پێک دژ، کە دەیبەسنەوە بە ڕەدووکەوتەکانی ئۆلی یارسان – کاکەیی و ئەوانەی بڕوایان بە دۆنادۆنە، هیچ کات ڕێگە نەدراوە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆپەڕی ئۆلەکەیان، کە بتوانن فەرهەنگ و بنەما ئۆلییەکانی خۆیان بە ئاشکرا و وارەیی بڵاو بکەنەوە و فێری بەن و نەوەکانی داهاتووی پێ ڕابێنن، تا بتوانن لایەنی باش و خراپی فەرهەنگەکەی خۆیان بخاسێنن و، بە خەڵکی تریشی بناسێنن.

بۆ میناک، جاران و تا رادەیێکیش ئێستا، ئەگەر ڕۆڵەکانی یارسان – کاکەیی، یان ڕەدووکەوتەکانی هەر ڕێباز و ئۆلێکی دۆنادۆنی، لە هەر شوێنێکی کوردستان، لە قوتابخانە و شوێنەکانی پەروەردە و راهێنان و... هتد، لەمەڕ ئۆلی داوباپیرانی خۆیان، دەکەوتنە، یان دەکەونە بەر پرس، نەیاندەتوانی و ناتوانن هیچ وەڵامێک بدەنەوە، لەبەر ئەوەبوو کە، ڕێگەی

فێربوون لە بناغەوە، نەتەنیا لە هەموویان، بگرە لە هەموو خەڵکانی پێوەندیدار بەم ئۆلەوە داخرابوو و هێشتاش داخراوە. ئێستا لە سێبەری بەشێک لە کوردستان، ئەم ئازادییە، واتە ئازادیی ئۆلی و فەرهەنگی هاتووەتە دی و، دەسەیاوێکی یەکجار پڕبایەخ بۆ لایەنگران و رەدووکەوتەکانی ئۆلی یارسان – کاکەیی و ئێزەدی و بڕوابە ئۆلەکانی تریش، کە ئەوانیش هەر بێبەشن، هاتووەتە بەرهەم، کە زۆرتر لەمەڕ ئۆل و فەرهەنگی خۆیان بنووسن و لەبەر دەستی هەمووواندا دای بنێن. سا جێگەیەتی و دەبێ لەم دەسەیاوە بەهرە وەربگیرێ و هەموو رۆڵەکانی گەلی کورد وریا بکرێنەوە کە داوباپیرانیان چلۆن ژیاون، چی ئۆلێکیان پەژراندووە و بۆچی نەچوونەتە ژێر باری زۆر و بەسەرداسەپاندنی بێگانەکان و، لە کۆتاییشدا لەبەرچی هەر لەسەر ئەم ئۆلە ماونەتەوە؟

بەرلە هەموو شتێک، ئۆلی یاری، زۆرتر لەنێوان بەشێک لە لای گۆرانەکان وەکو دێرینترین تیرەی کورد، راوەستاو ماوەتەوە. گۆرانەکان کە ریشەی زمانی ئاڤێستایی – مادیی، ماچۆماچۆ، یان کوردیی رەسەنیان پاراستووە، هەم پیشەوەر، هەم چاندەکار، هەمیش ئاژەڵدار و چیانشین بوونە. کوردەکان بەگشتی و بەتایبەت هەورامییەکان، فەیلییەکان، کرماشانییەکان، بە هەموو خێڵ و هۆزەکانیانەوە، لە دینەوەر و هەرسینەوە بگرە تا شارەزوور و خانەقین و هەولێر، هاوڕێ لەگەڵ لوڕەکانی پێشکۆ و پشتکۆ و دەیلەمییەکانی باکوری ئێران، کە ئەوانەش ریشەی گۆرانیان هەیە، زۆرتر لە چوار سەد ساڵ، لە بەرانبەر زاڵبوونی فەرهەنگی عەرەب، بەربەرەکانێ و پەرچەیان کرد.

لێرەدا چونکە ئاخافتن لەم بارەیەوە، دەکەوێتە ئەستۆی مێژووی گەلناسی و ئۆلناسی، ئیتر لەوە زۆرتری شی ناکەمەوە، تەنیا و تەنیا دەڵێم: زاڵبوونی فەرهەنگی بێگانە دەبێتە کۆسپ لە رێگەی گەشە و هەڵچوون و هەڕەت پەیداکردنی فەرهەنگی نەتەوەکەمان.

سا ئێستا لەم رەپۆشە (فضا)ی واڵا و سەربەستەدا، دەبێ گیانێکی تازە بکرێتەوە وەبەر ئەم فەرهەنگە دێرینەی کورددا و زیندووی رابگرین. جیهانی

سەربەستی ئێستا، ئەم دەسەیاوەی لەبەردەستی ئێمەی مرۆڤدا داناوە، تا لە خێراترین کاتدا دەتوانین دەستمان بگاتە زانیاری لە هەموو بەستێن (زەمینە)ەکاندا. لەوانە: تێکۆشان لە ژێر ئەو نەخشە فەرهەنگی و ئۆلییانەی کە لە ململانێی بیروباوەڕی سیاسی دوورن و، راهاتن و فێربوونیان هیچ وەزەن (لطمە)ێک لە هیچ دەستەیەکی کۆمەڵایەتی نادا. چونکە بڕواهەبوون بە هەر ئۆلێک، مسئلە پرسگرێکێکی تایبەتییە و، هەرکەس دەتوانێ رەدوو (تابع)ی ئۆلێک بێ و، وارەی ئۆلیی خۆی بەجێگە بێنێ، یان بڕوای پێ نەبێ و نەیکا، بەڵام مرۆڤ بۆی نییە وەکو ئامرازێکی سیاسی کەڵکی لێ وەربگرێ و زیان بە خەڵکی تر بگەیێنێ. بەهەرحاڵ مسۆگەرە کە هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە، لەمەڕ فەرهەنگ و فەلسەفەی ئۆلی بنەوبنەچەی خۆی بزانێ، تا هەر بەوچەشنەی کە لەپێشدا لەسەری دواین، بتوانێ بەو پرسانەی کە دێنە گۆڕێ، لەم بەستێنەدا وەڵامی ژیربێژانە بداتەوە. ئەرکی ئەم نووسینە تەنیا شیکردنەوەی بەشێک لە ئۆلەکانی دۆنادۆنە، نەک شتێکی تر. واتە وەکو پێنج ئۆلە گەورەکە، لێکدانەوێکی مێژوویی بێ، بۆ کەڵکوەرگرتنی گشتی و هەروەها خزمەتێک بێ بۆ زانیاریی گەنج و لاوان و رەدووکەوتەکانی ئەم ئۆلە. خاڵێکی تری جێی وەبیرهێنانەوە، هەر بەو چەشنەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زانین لەمەڕ دێریک و فەلسەفەی هەر ئۆلێک گەرەک و پێویستە، بەڵام پەژراندن یان وەپاشدانی ئەو ئۆلە، یان هەر بیروباوەڕێکی تر، دەبێ بەمرخی مرۆڤەکە خۆی بێ و، نابێ هیچ کەس ناچار بکرێ بە پەژراندن یان رەتکردنەوەی.

(سان سەهاک)، دامەزرێنەری نووسینەوەی ئۆلی یارسان – کاکەیی دەڵێ:

یاران مەگندێ ئەو شۆن باوە

خەریک مەودێ وە ملەگاوە

واتە:

چاو بەسراو مەچۆ بە دووی هیچ کەسدا

دەمێنیتەوە لە هەڕگی خەسدا

واتای ئەم هۆنراوەیە ئەگەر بە دارِشتن نەبێ و وشەبەوشە بێ، دەبێ ئاوەها بێت:

یاران چاو بەسراو، ڕێگەی داوباپیرانی خۆتان مەگرنە بەر، چونکە بەرەو دوورِێیانێک راتان دەدا کە سەرتان لێ تێک دەچێ.

هیوادارم ئەم نووسینە، بۆ دایک و باوکان و کیژ و کورانی نەتەوەکەی خۆمان و خەڵکی تری برِوا بە ئۆلی دۆنادۆن و، ئەو کەسانەی کە بەتاسەن لەم بەستێنەدا وەڵامێکی ژیربێژانە بە رۆڵەکانی خۆیان بدەنەوە، یارمەتیدەر بێ.

### ئۆلی یارسان – کاکەیی و بنەمای بیروباوەرِەکەی

ریشەی بیروباوەرِی ئۆلی یارسان، یان فەلسەفەی یارسان – کاکەیی، کە بە (کرمات، رازی نهێنی، یان دەروونداری)ش بەنێوبانگە، دەگەرِێتەوە بۆ سەرەتای پەرەگرتنی ئیسلام لە ئێران و بەربەرەکانێی ئێرانییەکان لەگەڵ عەرەبی زاڵ بەسەر ئەو وڵاتەدا. بنەمای ئۆلی یارسان بە سەر فەلسەفەی دۆنادۆنەوە راوەستاوە. بێجگە لەوە، لە ئۆل و دۆزی ئەم ئۆلەدا، رەگەگەلێک لە مییەرپەرستی (مهرپرستی) و پاکدینیی زەردەشت و لە لقەکانیشیدا، مانیخوازی و شمشاری مەزدەکیش، لە ئێرانی دێرینەدا دەبینرێ. هەر بەم هۆیە، زۆرێک لە رووناکبیرانی گەنج، ریشەی ئەم ئۆلە بە ئەندازەی دێرینەبوونی سەرهەڵدانی جیهان و مرۆڤ مەزندە دەکەن. فەلسەفەی دۆنادۆنی بوودابیزمی هیند و ئاسیای ناوەراست لە ئۆلی یارسان – کاکەییدا لە بنەماگەلی تەوەرەییە. لەوێوە کە رەدووکەوتەکان برِوایان وایە کە گلۆڤەری زەوی ژیانبەش و جێگەی ژیانی مرۆڤەکانە، کە بەرلە شەختەبوونی، وەکو دیمەنی ئەورۆکەی، بەملیۆنان ساڵ بە شێوەی تراو (مایع) بووە، لە ژرە هوورکە(ذرە)ی هەتاو هاتووەتە دی. کەوابوو مێر یا مییەر (هەتاو) بە پیرۆز دەزانن و کرِنووشی بۆ دەبەن. لەبەر ئەمە، هەندێک لە لێکۆڵەرەوان، رەدووکەوتەکانی یارسان – کاکەیی بە رۆژپەرست نێو بردووە. یەکسانی و بەرابەری و راستی و دروستی لەم ئۆلەدا، رێک لە دیتنی مەزدەکەوە

سەرچاوکە دەگرێ و، هەرئەمەش بووەتە سۆنگە کە زانستوەرانی رۆژهەڵاتناس، لە پلوپای دیتنەوەی ریشەکانی ئەم ئۆلە و ئۆلزا کەمینەکاندا بن لە سەردەمانی دێریندا. نووسەری ئەم رستەگەلە، لە کۆپەڕێکدا لەژێر نێوی دێریک و فەلسەفەی یارسان (اهل حق)، بە پێی دراوە (دادە)کانی بەردەستمان، زۆربەی ئەو ئۆلزاگەلەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەن، وەکو: ئیزەدی (ایزدی)، بەکتاشی، نصیری، علوی و... هتد، بە شێوەی نقیساری، بەرلە سەرهەڵدانی ئیسلام، هەبوونە. بەڵام دەتوانرێ بگوترێ کە ئەمانە و بەتایبەت یارسان – کاکەیی، ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئۆلەکانی بەرلە ئیسلام و، ریشەی فەلسەفی دۆنادۆنبوونیان، بەو چەشنەی کە پێشتر لەسەری دواین، دەگەڕێنەوە بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی جیهان، یان گۆی زەوی.

لەبەرئەمە، ئەگەرچی دۆز (مرام) و رێبیر (مسلک)ی یارسان – کاکەیی، ریشە کەی دەگەڕێتەوە بۆ میترائزم و مێرپەرستی و دۆنادۆنی بوودائیزمدایە، بەڵام لە بنەڕەتدا دەرکەوتنە نقیسارییەکەی بۆ شێوەی ئەوڕۆکەی دەگەڕێتەوە، بۆ سەرەتای پەرەگرتن و سەقامگرتنی ئیسلام لە ناوچە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دامەرزێنەران و ئەوانەی کە پاڵیان بەم ئۆلەوە داوە، تا کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی مانگی، ئۆلەکەی خۆیان سینەبەسینە، لە سۆلانێکەوە بۆ سۆلانێکی تر گواستووەتەوە، لەبەر ئەوەش کە لەژێر گوشاری ئۆلی زاڵ و سەربەراندا بوونە، (چ پێش ئیسلام و چ پاش ئیسلام)، رێگەیەکی یەکجار دژوار و نالەباریان پێواوە. شیاوی گوتنە کە دوای زاڵبوونی سەرلەبەری عەرەب بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەشێکی مەزن و پڕلەجۆش، لە رەدووکەوتەکانی خاوەن بڕوا و خەباتگێری ئۆلزا کەمینەکانیش، لە رزنی پێشەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی – ئۆلییەکانی دژ بە دەسەڵاتی بێگانەکان، لەگوێن: دەستەگەلێکی دیاریکراو لە سیاجامە (رەشپۆش)ەکان، ئیسحاقی تورک، سەنبادییەکان، راوەندییەکان، سپیپۆشەکان (سپید جامگان)، کرماتەکان، سۆفیگەری، دەروێشەکان و ... هتد. تێدا بوونە. ئۆل و

ڕێبـازی یارســان - کاکـەیی لە ســەرەتای ســەدەی پێنجـەمی کـۆچی بەولاوە، (سەرەتای کزی و بێ هێزیی عەباسییەکان)، لە لوڕستـان و کوردستـان، واتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەمیرنشینە کوردەکان، وەکو: (حسنویە)ی کوڕی حسێنی بەرزەکانی و کوڕەکەی بەدر و، زنجیرەی فەزلەوییەکان؛ کە هەر دوو زنجیـرەکـە، بەرانبـەر بە ئۆلی زاڵی دەسەڵاتدار، وشکەڕۆیی (تعـصب)ێکی ئەوتۆیان نیشان نەداوە، زنجیرەی ئالی بوودیەی دەیلەمی کە خیلافەتی کاتیی ئیسلامی لە بەغدا لەژێر رکێفدا بووە، تا ڕادەیەک لە پۆشەنی نهێنیبوونی ببڕ، هاتووەتە دەرێ و بڕۆپێدەرەکانیان بە مزگێنیدانی ئامادەبوونی یەزدان لەسەر زەوی، (لە پـۆشــەنی مــرۆڤ)دا، هەنگاوی نـاوەتە نـاو گــۆڕەپانی بانگەوازی ئاشکرا و، ڕەدووکـەوتەگـەلێکی زۆریش پـاڵیـان پێـوە داون، کـە هـۆنەروەری سـەربەست و نێـوداری لوڕ، بابا تـاهیـری هەمـەدانی، بەوجـۆرەی بەگوێرەی باوەری یارسانەکان، بووە بە یەکێ لە پێشەواکان و کەسایەتییە پاکەکانی ئەم ئۆلە. بێ شک، ڕەدووکەوتەکانی یارسان - کاکەیی، تەنانەت لەو سەردەمەشدا کــە لە کــەمــۆکــە ئازادیێک بەهرەوەر بوونە، زۆرتر لـە ترسـی ڕاوەدوونان و سەرکوت، بەدەگمەن بیروبڕوای خۆیانیان دەربڕیوە. ئەوانە لەبەرچاوی خەڵک بە نیشـانە و هێما یەکتریان ناسیوەتەوە. لەکاتێکدا بەهۆی ئەم کرِماتبوونە و هۆکارگەلی ترەوە، مێژووناسانی ئیسلامیی سەدەکانی ناوەڕاست، کەمترین ئامـاژەیان بەم ئۆلە و ڕەدووکـەوتـەکـانی کـردووە و، هەرکـاتێکیش بـە تۆپزی، نێوێکیان لەوانە بردبێ، لەژێر نێوی بەشێک لە رافزییەکان و غوللاتە شیعەکان و... هتددا بووە.

### بازنەی جوغرافیاییی ڕەدووکەوتەکانی یارسان - کاکەیی

لە راسـتـیدا، سـەرزەوینی لوڕسـتـان و کـوردسـتـان، بـەتایبـەت ناوچەی گـۆراننشین، مـیلکان و زێدی ئۆلی یارســان بووە، بەشـێـوەی ئەوڕۆکـەی. دامـەزرێنەران و ڕێبـەرانی ئەم ئۆلە بـەبێ ئاوارتە، یان لوڕ بوونە، یان کـورد، زۆربەی ڕەدووکــەوتەکــانی یارســان - کــاکــەیی، لە تیــرەی گــۆرانەکــانی کوردستانن، بێجگە لەمەش، ئەم ئۆلە لە نێوان خێڵ و تیرەگەلێک لە لوڕستان،

وەکو دڵفانەکان و... هتددا هەڕەتی هەبووە و، وارە و دابوکرداری بیروباوەڕی یارسان – کاکەیی لە کۆنەوە بۆ ئەوانە ماوەتەوە. ئەوڕۆکە یارسان – کاکەیی، لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هندوستان و پاکستان و ئەفغانستان، تا دەگاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات (کرماشان و لوڕستان و هەورامان و ناوچەی ماکۆ تا دەگاتە ورمێ)، کوردستانی باشوور (مووسڵ و هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە و خانەقین و کەرکووک)، کوردستانی باکور (ئورفا و حەکاری و وان و دەرسیم و دیاربەکر و بینگۆڵ و... هتد)، هەروەها ئازەربایجانی بندەستی ئێران و تاران و هەمەدان و شیراز و مازندەران و گێلان و بەغداد و... هتد هەن و پەرش و بڵاون.

ئەوەی کە پێوەندیی بە ئەژمار و هەژماری ئەم کۆمەڵە مرۆڤەوە هەیە، تا ئەو جێگەیەی کە منی نووسەری ئەم کۆپەرە ئاگادار بم، لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ئۆلەدا، هیچ کات کۆژمێرێکی ڕێکوپێک نەکراوە. هەر لەم سۆنگەیەڕا کاتێک لەسەر کۆژمێری خەڵکی یارسان قسە دێتە گۆڕێ، پێویستە پەنا بۆ ڕەنگە و لەوانەیە (مەزندە) بەرین. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، خاوەن دیتنە بیانییەکان، ئەژماری ڕەدووکەوتەکانی ئەم ئۆلەیان نزیکەی دوو و نیو تا سێ ملیۆن کەس مەزەندە کردووە و، دیسانیش تا ئەو جێگەیەی کە زانیاری لە لەبەردەستە، ئەم ئەژمارەش لە کۆپەر، یان نووسراوەیێکدا دانووس (درج) نەکراوە. ئەم ئەژمارەش بە دیتنی منی نووسەری ئەم کۆپەرە، ناکرێ دروست بێ. لەکاتێکدا من لەو باوەڕەدام، کە ئەمڕۆ تەنیا لە ئێراندا زیاتر لە سێ ملیۆن ڕەدووکەوتەی ئۆلی یارسان دەژین. ئەم ئەژمارە بەسانایی دەکرێ لە ڕووی کۆژمێری شارەکان و گوندەکان و ئەو تیرەگەلەی کە زۆربەیان ئەهلی حەق، عەلیوڵایی و تیرەی سان و یارسانن، وەدەس بهێنرێت. چونکە بەلانی زۆر، ڕەدووکەوتەکانی یارسان – کاکەیی، لە ئێراق و ئێران و تورکیا و سوریا و ئەرمەنستان و شوێنانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆ لە دوو ملیۆن دەدا. سا بەگشتی نزیکەی لە چوارونیو ملیۆن یارسان – کاکەیی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین، بێجگە لەوانەی کە لە دەرەوەی شوێنەمێنگەی خۆیان، واتە لە هەندەران دەژین، لەکاتێکدا ئەم کۆژمێرەش هەر جێگەی شک و گومانە.

## یارسـان – کاکەیی

وشـەی یار بە واتای دۆست، پشـتیـوان، پاڵپشت و پەروەردگار دێت، واژەی سانیش واتای بەردی بتەو و قاییم دەدا لە زمانی کوردی و فارسیدا، هەروەها سـان واتە ریزی لەشکر و هـاوچـەشن و هێم (طینت)ی هـەر مـرۆڤێک. نووسـەر واتای راستتری ئەم وشەیە دادەنێ بۆ پسپۆرانی بواری ئۆل و ئۆلزاکان.

واژەی کاکەیی، لە نازنێوی بناغـەدانەری (جـەم بیـا و بەس) و مزگێنیـدەری دەستوورەکانی ئۆلی یاری، بەشێوەی نـﭬیسـاری، واتە سان سەهاکی بەرزنجی وەرگـیـراوە و کـۆمـەڵێکی زۆر لە رەدووکـەوتەکـانی یارســان، لە بەرزنجـە و ناوچەکـانی تری کـوردسـتـانی باشـوور بـە کـاکـەیی نێـودێر دەکـرێن. من لە کۆپەڕی (روانینێکی تێپەڕ لە دێریک و فـەلسەفەی یـارسان)، نازنێوی "کاکە"م بۆ سـان سـەهاک روون کردووەتەوە و، ئێسـتـا کاکەییـیـەکان لە کوردسـتـان و ســەرانســەری ئێـراق، هـەر هـەمـان رەدووکەوتەکـانی ئۆلی یـارین و "پەردیوەر" گڵکۆی سان سەهاک بە رووگەی خۆیان دادەنێن.

## نێوگەلی جۆربەجۆر لەسـەر ئەم ئۆلـە

نێـوی بنەڕەتیی ئۆلی یارسـانەکان، ئۆلی یارییـە کە لە کـۆپەڕی پیـرۆز، لە چەندین شـوێنیدا ئاماژە بەم ئۆلە کراوە. لەم پێوەندییـەدا، سـان سـەهاک لە کۆپەڕی (دیوانی گەورە)، کە بەدەستی کۆچکردوو دەروێش یارموراد خەلیفە، بۆ (سـەید کازم)ی نیک نەژاد نووسراوە، لە لاپەڕەی ٣٩ دا دەڵێ:

پادشـــا مـــەرمـــۆ بـەیان ئـەو نەوەرد
غـولاّمـان یەک یەک بـەیان ئەو نەوەرد
راسـتی بنمـانان یاری کـوویز کـەرد
بدانـی پـەنـای دام پـیـــــر شـــــرگ
پادشـــا مـــەرمـــۆ ئەو شـــوون یاری
غـــولاّمـــان بگندێ ئـەو شـــوون یاری

واتە:

پاشا دەفەرمێ رابن نەبەردە
خولامەکان یەک یەک وەرنە ئەو هەردە
وا دەرکەوت راستی و دروستیی یاری
بژی نەخشەکەی ئەو پیری کاری
پاشا دەفەرمێ وەرنە هاقوکاری
کۆوە بن لە شوێن هەوارگەی یاری
راستی و دورستیی یاریی هەرماوە
بژی ئەو داوە کە پیر دای ناوە

من ناوەڕۆکی هۆنراوەکەم پاراستووە و تەنیا حەزم کرد بە هۆنراوە واتای ئەم هۆنراوەیە شی بکەمەوە.

کەوابوو لە بنەمادا نێوی ئۆلی یارسان، نزیکەی لە حەوسەد ساڵی پێش تا ئێستا، یاری بووە و بەپێی گێڕانەوەی کۆپەڕی (روانینێکی خێرا لە دێریک و فەلسەفەی یارسان)، کاکەییەکان یارسانن. بەڵام نێوگەلێکی تریشیان وەکو: اهل حق، عەلیولایی، تیرەی سان، رەدووکەوتەکانی رازی نهێنی، ملکەچ و گوێڕایەڵ و... هتد لە سەر داناون. لەنێوان هەموو ئەم نێوگەلەدا، "اهل حق" لە ئێران و کاکەیی لە ئێراق جێ کەوتوون، بەڵام یاری و یارسان دروستترن.

## چوار قۆناخی گەشەسەندووی ئۆلی

نووسەری ئەم رستەگەلە، لە کۆپەڕی (روانینێکی خێرا لە دێریک و فەلسەفەی یارسان)، رەوتی گەشەکردووی ئەم ئۆلەی بە چوار قۆناخ دابەش کردووە کە بریتین لە: ئۆل (شریعت)، رێباز (طریقت)، ناسیاری (معرفت) و راستی (حقیقت) دابەشیوە. لە کۆپەڕ و گوتەکانی برێ لە خاوەندیتنەکانی ئێستا، ئاماژە بەم قۆناخگەلە کراوە. لە روانگەی یارسانە خاوەن بڕواکانەوە، قۆناخی یەکەم لە سەرهەڵدانی مرۆڤ تا سووری کۆتایی دواین پەیامبەر (خاتم انبیاء)، درێژەی هەبووە و، ئەوەیان نێو ناوە، سەردەمی ئۆل. بە بڕوای

یارسـان – کاکەییـیەکان، قۆناخی ئۆل، قـۆناخی نوانـدنی وارە و یاسا ئۆلییـە کـۆنـووسکراوەکـان، لە کـۆپـەڕی پیــرۆزی پێــشــیندا، لـە ئەرکی بـەردەوامی رەدووکەوتەکـانی ئۆل بووە. قـۆنـاخی رێباز، لە سـەردەمی (عەلی کـوڕی ئەبی تالیـبـەوە دەگـرێتـەبەر، تا دەرکـەوتنی سـەردەمی شـا خـۆشـینی لوڕسـتـانی (مـوبـارەک شـا)، کـە دەکـاتە سـەرەتـای سـەدەی پێنجـەمی کـۆچی مـانگی. نوێنەرەکـانی سـەردەمی ئەو رێبـازە، دەکـرێ بگوترێ زۆربەیان لە یەکـەمین دەسـتەی مزگێنیدەران و برۆپێدەرانی مرۆڤ یـەزدانی (انسان خدایی) بوون، کـە لەوانـە دەتوانین نێـوی بالّوولّی زانا و داوودی تـایی و رابیـعـای عـەدویە و حسین کوڕی مـەنسـووری هەلاج بێنین. "رابیـعـەی عـەدویە، یەکەمین ژنێ بوو، کە یـەزدانی لە لەشی مـرۆڤدا دەدیت: لە شـەوێکی بەهاردا، خـزمـەتکارەکەی بانگی کـردە دەرێ و گـوتی: وەرە تا شـوێنەواری یەزدان ببـینی. رابیـعـەش وەڵامی داوە کە تۆ وەرە ژوورێ تا یەزدان خـۆی ببینی". سـەیری (عبدالحسین زرین کـوب)، بایەخی کـەلەپووری سـۆفـیـبـوون (ارزش مـیـراث صـوفـیـە)، لاپەڕەکـانی ٣٧ تا ٣٨ و ٥٢, قـۆناخی ناسین (مـعـرفت) یان ناسـیـاری (معرفت)، لە سـووڕی (شا خۆشین)ەوە تـا سووڕی (سـان سـەهاک)، دەگرێتە بەر بکەی. ئەم قـۆنـاخـەی بە قـۆنـاخی عـیرفـان و بێزاری لە دنیـا و مـاڵی دنیـا نێـــودێر دەکـــرێ. نوێنەرەکـــانی ئەم ســـوورە، وێڕای درێژەدانـی رێگـەی رێبـازییـەکان، تێ کۆشـاون بۆ نزیکبوونەوە لە رووناکیی فرەتر، لە ناسـیـاریی مـرۆڤایەتی کـەڵک وەربگرن. قۆناخی راستی یان راسـتەقینە، کە لە سـەردەمی سـان سـەهاکەوە دەس پێ دەکا، بەگوتەی یارسـانەکان، قۆنـاخی تەڤکۆبوونی خـۆناسین و یەزدانناسـیـیـە. مـرۆڤی بەبڕوا، لـەم قـۆناخـەدا رێگەی راسـتی و راسـتـەقینە دەبینێتـەوە، هەتاوەکو (بقـاء) لە (فنا) واتـە مـانەوە لە نەمـاو، یان بەوتەی بوودا، لە "نیـروانا"دا ببینێتەوە. ئەوپەڕی داواکارییەکانی بوودایی، لە چلەکـێشـان و لەناوخـۆدابوون و گـەیشتن بە نـیروانا، یان نەمـانی گشـتـیـیـە. بەپێی ئۆلی یارسـان، کە لە کـۆپـەڕە پیرۆزەکانـیـاندا هاتووە، لە سـەرهەڵدانی جیهان و مرۆڤەوە هەتا ئەمڕۆ، دیوانی بالای یارانی راستی، واتە ئامادەبوونی

یەزدان لەگەڵ هەموو پەرییەکانی نزیکی خۆی لەسەر رووی زەوی، (سوورێکی تەواوی دۆنادۆن)، تەنیا پێنج جار پێک هاتووە. لەمەڕ گەشتوگێڵی گیانی مرۆڤ، لە ۱۰۰۱ لەش (دۆن)دا، دەروێش ئەمیری زۆڵەیی دەڵێ:

هەزار و یەک دۆن، تۆ ها لە تاڵەت

ئەوسا مەنیەران مۆر نە قەواڵەت

واتە: دوای گۆڕانی هەزار و یەک دۆن، مرۆڤ دەگا بە نیروانا.

شا خۆشینی لوڕستانی، دامەرزێنەری زیکر و کەلامی ئۆلی یاری:

سەردەمی شا خۆشین رێکەوت بوو لەگەڵ دەسەڵاتەکانی غەزنەوییەکان و سەلجووقییەکان لە ئێران و، ئەم دوو زنجیرەیە، هەردووکیان سۆلانتورک بوون و وشکەڕۆییەکی ناوازەیان بەرانبەر بە ئیسلام نیشان دەدا. لەگەڵ ئەمەش، ناوچەکانی کوردستان و لوڕستان، لە هەمان رۆژانی زاڵبوونی عەرەب و خەلیفەی ئیسلام بە سەر ئیمپراتۆریای ئێراندا تا هێرشی مەغۆلەکان، لەو ناوچەگەلە بوون کە بەگشتی (دەمارگیریی)ە ئۆلی ئەوەندە کاریگەری نەبوو بە سەریەوە. لە ئاوەها هەلومەرجێکی دەمانی و جێمانی (زمانی و مکانی)دا، شا خۆشینی لوڕستانی کە بە (شای بازی سپی و موبارەک شا)ش بەنێوبانگ بوو، لەدایکبووی (ساڵی ٤٠٦)ی کۆچی مانگی و، کۆچی دوایی (۱۰۱٤ ی زاینی)، راپەڕی و بانگەشەی پلەی خوایی لەسەر رووی زەوی کرد. هەر بەوجۆرەی کە مەسیحییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن مەسیح لە دایکێکی باکیرە لەدایک بووە، یارسانەکانیش بەپێی کۆپەڕی پیرۆز لەو باوەڕەدان کە برێ لە پێشڕۆیان، یان بەرسانی ئۆلی یارسان، لەوانە شا خۆشین و باوە یادگار، لە دایکانی باکیرە، هاتوونەتە جیهان. شا خۆشین کەلام و تەمووور (تنبور)ی لە ئۆلی یاریدا برۆ پێ دا. دەگێڕنەوە شا خۆشین کاتی دواین ماڵئاوایی لەگەڵ هاوڕێکانی، پێی گوتوون کە وریا بن، هەرکەسێ لە هەر جێگەیێکدا تەمموورەکەی منی هێنایە زمان و ژەندی، من وام لە لەش، یان کەواکەی ئەودا.

## سان سەهاکی بەرزنجەی، دامەرزێنەری نڤیساریی ئۆلی یاری

ڕۆژی لەدایکبوونی سان سەهاکی بەرزنجەی، کوڕی شێخ عیسا بەرزنجەی، دەکرێ کۆتاییی سەدەی حەوتی کۆچی مانگی، بەپێی ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە، ساڵی ٦٥٠ی هەتاوی بەرانبەر ٦٧٠ی کۆچی مانگی (ساڵی ١٢٧٠ی زاینی) و کۆچی دواییشی ساڵی ٨٠٣ی کۆچی مانگی کە ڕێکەوت لەگەڵ ١٤٠٠ی زاینی، لە بەرزنجە بووبێ. بەپێی ئەم مێژووە، ئەو نزیکەی لە ١٣٠ ساڵ تەمەنی کردووە. ئەو سەرەتای سەدەی هەشتەم هاتووە بۆ هەورامانی ئێران و شوێنێکی بەنێوی پەردیوەر کردووە بە میلکانی خۆی و مزگێنیی ئۆلی نڤیساریی یاریی داوە. سەرهەڵدانی سان سەهاک لە پەردیوەر و (جەم بیا و بەس) یان بەوتەی دوکتۆر موکری، دیوانی باڵای یارانی ڕاستەقینە، کە نیشانەی دیار و بەرچاوی ئەو بوو، دەیەویست مزگێنیی فەرمانەکانی ئۆلی دێرینی یاری، بەشێوەی نڤیساری بدا بە خەڵک. کەوابوو دوای کارەساتی تۆقێنەری حاشاوڵی مەغۆلەکان و هێمنایەتیێکی گۆڕستانوێنە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێوان ساڵەکانی ٧٠٠ تا ٧٧٠ ی کۆچی مانگی، بەرانبەر بە(١٣٠١ تا ١٣٦٩)ی زاینی، سان سەهاک لە چیاکانی هەورامانی کوردستان، فەرمانەکان و یاساکانی ئۆلی یارسان – کاکەیی بەشێوەی ئەوڕۆکەی بنیات نا و تۆماری کرد. ڕەوشەیێک کە دەرکەوتنی سان سەهاکی لە کۆمەڵگەی چەند نەتەوەیی ئێرانی دوای هێرشی مەغۆلدا لەباوەش گرت، ڕەوشەیێک بوو کە دەسەڵاتدارەکانی لاواز و، ڕێبەرە ئۆلییەکانیشی هێزێکی وا زۆریان نەبوو. لەکاتێکدا سان سەهاک توانیی لە مەودای نێوان ئاوابوونی دەسەڵاتی ئیلخانەکان و سەرەتای دەسەڵاتی گۆرکانییەکان بەسەر ئێرانی ئەو دەمانەی ژێر دەسەڵاتی تەیمووری شەل (٧٣٦ تا ٨٠٧ی کۆچی مانگی)، (١٣٣٥ تا ١٤٠٤ی زاینی)، بانگەواز بۆ ئۆلی یارسان – کاکەیی بکا. هەڵبژاردنی ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان لەلایەن سان سەهاکەوە بۆ بانگەوازی ئۆلی یاری، لەبەر هیچ بەڵگەیێکی تایبەت نەبووە. لەهەر ڕوویێکدا دەتوانین بناغەدانانی نڤیساریی ئۆلی یاری بە

بزووتنەوەیێکی کۆمەڵایەتی دابنێین لەو دەمانەدا. ئەورۆکە لەنێوان خەڵکی یارساندا، بیرەوەرانێکی گەنج و لاو دەست دەکەون کە لێکدانەوەیێکی تازەی نائۆلزایی لە نووسینەکانی سان سەهاک دەدەن بە دەستەوە کە زۆرتر لە هەموو شتێ، بە واتاکەی ئەورۆی، لایەنی کۆمەڵایەتی و هەنگاوهەڵگرتنی هەیە بۆ دیمۆکراسی، نەک تەنیا پرسگرێکێکی ئۆلی.

بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە تا سەردەمی سان سەهاک، ئۆلی یاری تەنیا زارەکی بانگەوازی بۆ کراوە و لە سۆلانێکەوە گەیشتووە بە سۆلانێکی تر و رێبەرە ئۆلییەکان دەسەیاوی ئەوەیان نەبووە کە نووسراو لەخۆیان بەجێ بهێڵن، هەر لەبەرئەمە خۆبەخۆ بەستێن خۆش بووە بۆ ئەوەی کە تووشی هەڵە بن و رێگەی راستەقینەی خۆیان ون بکەن و بەلارێدا بچن. لێرەدا دەبێ بگوترێ کە کۆپەڕی پیرۆزی ئۆلە گەورەکانیش دوای ئەوەی کە بەساڵان فەوتان و لەبیر چوونەوە، بەڵام دیسان نووسرانەوە. وەکو فەرمان و راهێنانەکانی بوودا کە لە سەدەی یەکەمی بەرلە زاین واتە ٣٨٠ ساڵ دوای مەرگی بوودا، هێنایانەوە سەر لاپەڕە و ئینجیلی عیسای مەسیحیش کە دەڵێن لە کۆتایی سەدەی یەکەمدا کۆکرایەوە، یان قورعانی مەجید کە لە سەردەمی خەلافەتی عوسمان واتە نزیک لە سی ساڵ دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام کۆکرایەوە و نووسرایەوە، کە بەپێی گوتە و نووسینی هەندێ سەرچاوەش لە ئینجیل هەندێ شت زیاد کراوە و هەندێ شتیش لابراوە.

***

(٢٩) زۆرترینی ئەم سەرچاوەگەلە، لە کۆپەڕی گەورەکانی یارسان، لاپەڕەکانی ٥٣ تا ٥٨ کە سدیق سەفیزادە بۆرەکەیی نووسیویەتی، وەرگیراوە.

(٣٢) پەردیوەر لە زاراوەی هەورامیدا کە لقێکی دێرینەیە لە زمانی کوردی، بەواتای ئەو بەری پردە. گوایە سان سەهاک دوای تێ پەڕبوون لە رۆخانەی سیروان، لە شوێنێکی نزیک هەمان رۆخانەدا کە لەو رۆژەوە بە پەردیوەر نێوی دەرکردووە، رێوڕەسمی کۆبوونەوەی سۆز و بەڵێن (جەم بیا و بەس)ی بەڕێوە بردووە.

له راستیدا، ئەگەر بەشێک لە پاژی دێرینەی کۆپەڕی پیرۆزی یارسان – کاکەیی، واتە کۆمەڵێک لە دیوانی گەورە، کەلامی چل تەن، سووڕی دامیاری (داودانانەوە) و (زەڵاڵ زەڵاڵ) و... هتد، کە گوایە لە سەردەمی سان سەهاکدا نووسراون و، دوای کوشتنی، نووسینەکانی لەلایەن هاوڕێکانییەوە، لە کێوەکانی دالاهوو (داڵەهۆ) کە نێوی (سەرانە) بوو، نەیانشاردباوە و لە بردنی دژبەرەکانی نەیانپاراستبا، ئەمڕۆ دەبوو، پەنامان بردبایە بۆ هەمان ئەو سەرچاوەگەلەی کە دەم بەدەم بۆمان ماوەتەوە، کە ئەوەش بێگومان گۆڕەپانی جیاوازییەکانی زۆرتر لەوەی کە هەیە، قووڵتر دەکردەوە.

تازە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، ئەو نووسینانەی کە تا ئەو دەمانە، لەلای خاوەن بڕواکان پارێزرابوو، لەگەڵ کەلامەکان و نووسینەکانی تر، بەهۆی هاوڕێیانی سەید حەیدەری دۆڵدالانی کە بە سەی براکەی گۆران بەنێوبانگە، کۆکراوەتەوە و وەرژێنیان لە هەموویان هەڵگرتووە و بە نهێنی داویانە بە لایەنگرەکانی خۆیان. دیارە سۆنگەی تر کە نەیانتوانیوە ئەم کۆپەڕە ئۆلییە بنووسنەوە و بڵاوی بکەنەوە، نەخوێندەواری و لە دواکەوتوویی هێشتنەوەی خەڵکی یارسان – کاکەیی و، تا ڕادەیەکیش بەرچاوتەنگی و پاوانخوازیی بڕێ لە شارەزایان بووە لە زانستی ئەم ئۆلە. ئەمانە بۆ پاساوی کارەکەی خۆیان، بانگەوازیان دەکرد کە: ئۆلی یارسان ئۆلی کرمات (سر مگو)ە کە نابێ بگاتە دەستی هەموو کەسێک، ئەمەش لەترسی وشکەڕۆیانی ئیسلامی بووە و هیچی تر.

### فەلسەفەی ئۆلی یارسان – کاکەیی

هەر بەو چەشنەی کە پێشتر لەسەری دواین، فەلسەفەی ئۆلی یارسان، دۆنادۆن (تناسخ لارواح)ە و یارسان – کاکەییەکان سەر بە ئۆلێکن کە بڕوایان ژیانی لەگەڕ (بە زندگی دورانی)یە. بەگوێرەی سروودەکانی کۆپەڕی یاری، سان سەهاک کە بانگەشەی ئەوەی کردووە خاوەنی زاتی خوایە لە سەر زەوی، چووە بۆ پەردیوەر و بەئاشکرا بانگەوازی بۆ ئۆلی یارسان – کاکەیی

کردووە. فەرمانەکانی ئۆلی یارسان – کاکەیی، لە کۆبوونەوەی سۆز و بەڵێن، بە ئامادەبوونی هاوڕێکانی سان سەهاک ڕێک خرا. لە کۆپەڕی پیرۆزی یارسان – کاکەیی، لەمەڕ ئەم کۆبوونەوەیە بۆ دانی سۆز و بەڵێن بە یەکتر هاتووە:

رەمزبار مەرەمۆ:

وست ئەو پەردیوەر، وست ئەو پەردیوەر
بارگەی شام ئاما وست ئەو پەردیوەر
ئانە وەشترن جە ماه ئەخزەر
چوون بازرگانان کالاش وست ئەوبەر
بازرگانێوەن بەرئاما نە چین
سکەش دروس بی، چەمش نەرگسین
وست ئەو پەردیوەر ئاشکارکرد دین
پەی ڕێگەی یاران نەرووی سەرزەوین
سەرمشق سولتان أشکار و یاری
نیکان و بەدان ئەو ڕو دیاری

یەزدان دەفەرمێ

سان سەهاک لە پەردیوەر (ئەوبەری پرد)، بارگەی خست و ئۆلی یاریی ئاشکرا کرد و باشەکان و خراپەکان، ئەو رۆژە دەرکەوتن.

لە ئۆلی یارسان – کاکەییدا جۆ لەسەران شکاندن، یان سەرسپاردن بە پیر (پێشەوا) و دەلیل (رێنوێن)ی ئۆلی، لە کۆڵەکەکان (ارکان)ی ئۆلی یارییە. ئەمە لە زمانی مەسیحییەکاندا پێی دەگوترێ: غسل سەرانشۆ (تعمید). بۆ سەرسپاردن یان سەرانشۆ، لە سەردەمی سان سەهاکدا، هەشت پیری خانەدان دیاری کران، کە پاشان سێ خانەدانی پێ زیاد کرا. واتە هەر رەدووکەوتەیێک دەتوانێ سەرسپاردەی یەکێ لەم خانەدانگەلە بێ. بۆ نموونە

سەرسپاردن بە پیر لە خانەدانێکدا، وەکو خانەدان: شا ئیبرایمی، یادگاری، خامۆشی، میرسووری، سەید حەیاسی و... هتد پاشان سێ رۆژ رۆژووی یاری یان خاوەنکارە، کە جەژنی خاوەنکار، لەپاڵ جەژنی نەورۆزدا، لە گرنگترین جەژنەکانی یارسان – کاکەییە. خاوەنکار، هەمان سان سەهاکە و، ئەم سێ رۆژە رۆژووە، لەبەر سێ شەو و رۆژ گەمارۆی سان سەهاک و هاورێکانیەتی، کە لە ئەشکەوتی (مەڕنۆ) بەڕێوە دەچێ و بە رۆژگی خاوەنکار (خاوەن کەرەم، یان دانەری جیهان) بەنێوبانگە. دوای روودانی گەمارۆی ئەشکەوتی (مەڕنۆ) و لاچوونی مەترسی، دەروێشەکان لەتەک سان سەهاکدا چوون بۆ ناوچەی هەورامان، بۆ دەگاشێخان و ئەو جۆرەی کە لەسەری دواین، لە شوێنێکدا لە قەراخ چەمی سیروان بەنێوی پەردیوەر، بارگەوبنە دەخەن و دەمێننەوە. نوێژی یارسان – کاکەییەکان، نزر و نیاز (بەشینەوە)یە، لە شەوانی هەینی، لە جەمخانەکاندا. لە راستیدا جەمخانە، مەکۆی دیمانە و ودم و نزا و گاوگەردوونە، کە هەر حەوتوو جارێک بەڕێوە دەچێ. ئەم ئۆلە بڕوای بە بەهەشت و دۆزەخە لەسەر رووی ئەم زەوینە. پاداش و جزیادانەوەی مرۆڤەکان لە ئۆلی یاریدا، دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆگۆڕان و فرینی گیان لە لەشێکەوە بۆ لەشێکی چاکتر یان خراپتر.

یارسان – کاکەیی بڕوایان بە کۆبوونەوەی سۆز و بەڵێنی چوار پاشایە، حەوتەن و حەوتەوانە، چل تەن و حەفتا و دوو پیر، کە سان سەهاک خۆی یەکێکە لە بەشداربووەکانی ئەو کۆبوونەوەیە. لە ئۆلی یارییدا حەو تەن (لەش)ەکە بە گەڕێنەر، یان بگێڕی ئەوپەڕی سروشت و حەوتەوانەکەش بە بگێڕی جیهانی گلۆڤەر نێو دەبەن.

## سووڕ (سەردەم)ی سەی براکە

بابەتێک کە ئێستا دەمانەوێ لەسەری بدوێین، نووسەری ئەم دێرانە، بۆ یەکەم جار، لە (کۆپەڕی روانینێکی خێرا لە فەلسەفەی یارسان)، بەنێوی قۆناخی چوارەمی مێژوویی تا بە ئەمڕۆ، واتە دواین سووڕی ئامادەبوونی

یەزدان لەسەر رووی زەویدا، لەسەری دواوم. بەبێ شک، تا بڵاوبوونەوەی ئەو کۆپەڕە هیچ کەسێک بابەتێکی کۆگر (جامع) تر و لێکۆڵینەوەیێکی لەسەر ئۆلی یاریی و ئەم سووڕە تایبەتە بڵاو نەکردبووەوە. لەوێدا نووسیومە: "بەبێ پێوەنان (اغراق)، ئەمە یەکەم جارە کە ئەم قۆناخە لە مێژووی یارسان، لە دەسپێکیەوە تا ئێستا باسی لەسەر کراوە". شیاوی گوتنە تا ئەو جێگەیەی کە نووسەر ئاگادارە، سەردەمی سەی براکەی گۆران، کەمتر لە نێوان خەڵکی کاکەییی کوردستانی باشووردا هەڕەتی هەبووە. هەر لەم سۆنگەیەڕا، ئاشنایەتیی دێرینە لەگەڵ ئەم سەردەمەش پێویستە.

لە سەردەمی سان سەهاکەوە تا سەرەتای سەدەی ١٩ی زاینی، دەروێشگەلێکی وەکو سەی ئەکابر و، سەی فەرزی و، شێخ ئەمیرخان و، خان ئەڵماس و، سەی هەیاس و... هتد. کۆڕگەلێکیان پێک هێنابوو، کە لەراستیدا چونکە کۆڕەکە پەرەی نەگرت و، تەنیا کۆڕێک بوو کە ئۆلی یاریی سان سەهاکیان زیندوو راگرتبوو، ئیتر لە روونکردنەوەی زۆرتر لەمەڕ ئەوانە چاوپۆشی دەکەم و داوا لە هۆگران دەکەم کە ئەو کۆپەڕە بخوێننەوە کە لەم سالانەی دواییدا لەسەر ئۆلی یارسان نووسراوە. بەڵام سەردەمی سەی براکەی گۆران ٣٦ دەروێش بەئامادەبوونی سەی براکە خۆی و هاوڕێکانی، وێڕای کۆکردنەوە و پاراستنی کۆپەڕەکانی پەردیوەری، شوێنەوارێکیان لە خۆیان بەجێ هێشتووە کە نەتەنیا لە روانگەی ئۆلییەوە، بگرە لە باری فەرهەنگییەوە، یەکجار پڕبایەخە. کەوابوو بەکورتی لەسەری دەدوێین. شیاوی گوتنە کە کاک سەی براکە خۆی، وەکو شاخۆشین و سان سەهاک، هیچ کاتێ لەسەر گۆی زەوی بانگەشەی یەزدانمیوانی نەکردووە و، تا ئەو جێگەیەی کە لێکم داوەتەوە، لانیکەم لە زمانی سەی براکەوە نەنووسراوە، کە ئەو بانگەشەی یەزدانمیوانیی کردبێت.

بەهەرحاڵ ئەو کەسایەتییەکی عارف و ئاشتیخواز بوو، کە لە نێوان شاخ و دەشتەکانی دۆڵدالانی تووشامیی گۆران، لە ناوچەی کرماشان (کوردستانی بندەستی ئێران)، دەرکەوت و، سەردەمێکی تازەی لە ئۆلی یاریدا خولقاند.

نێوی بنەڕەتیی ئەو، سەی حەیدەر بوو، کە بە سەی براکە ناسرا. ئەو هەر لە سەرەتای ساڵی ١٢٥٤ی کۆچی مانگی، واتە لە (١٨٣٧ی زاینی)ەوە، بوون (حضوری) سوورێکی تەواوی دۆنادۆنی لەسەر رووی زەوی مزگێنیی دا. رۆژ لەگەڵ رۆژ، دۆست و یاری زۆرتر دەبوون و، ئەژماری ئەو دەروێشە خاوەن کەسایەتییانەی کە لە شوێنە کل و تەریکەکانی ناوچەکەوە هاتبوون، گەیشتە ٣٦ کەس، کە بە خۆی و کوڕێکی خۆی، سەی ئەیاز و دوو نەوەی خۆی، سەی رۆسەم و سەی خوسرەو، بازنەی چلتەن، (بازنەی چلکەس)ەکەیان پێک هێنا. سەردەمی سەی براکەیان لە زمانی کۆپەڕیدا، بە سەردەمی (یەرێ تەنی، یان سێ کەسی) نێونراوە. یەرێ لە زاراوەی هەورامیدا بەواتای ٣ و تەنیش بەواتای هەبوو (وجود) دێت. (سێ تەنان یان سێ دەروێشان، دەگەڕێتەوە بۆ یەرێ یاران، لە سەردەمی سان سەهاک، واتە: (بنیامین و داوود و پیر مووسا.)

دەڵێن: لە ساڵەکانی هەڕەتی نێوبانگی سەی براکە، پیاوێک، یەکێ لە کوڕەکانی سەی براکە دەکوژێت. شوێنی پیاوکوژەکە هەڵدەکەن بیکوژنەوە، بکوژەکە لە ترسی خەڵک پەنا دەباتە خانەقای سەی براکە. سەی براکەش بەر بە خەڵک دەگرێ و دەڕوانێ بۆ بکوژەکە و بە خەڵکەکە دەڵێ: "دەستی قەدەر وا بووە کە یەکێ لە جگەرگۆشەکانی من بکوژێ و من دەیبەخشم"، لەوکاتەشدا داوا لە خەڵکەکە دەکا کە بیبەخشن. دەڵێن: کاتێ کە بکوژەکە ئەم گەورەییە لە سەی براکە دەبینێ، هەست بە شەرمەزاری دەکا و خەنجەر هەڵدەکێشێ خۆی بکوژێ، بەڵام سەی براکە رێی لێ دەگرێ و ناهێڵێ بکوژ ئەو کارە بکا.

دەگێڕنەوە: سەی براکە ساڵی ١٢٩١ی کۆچیی مانگی، کە (بەپێی ئەژماری ئەبجەد)، بەرانبەرە بە ١٨٧٣ی زاینی و، کۆی واتەکان دەبێتە: (راصغ)، واتە ر ٢٠٠، ئەلف ١، ص ٩٠ و غ ١٠٠٠ و بە سەر یەکەوە بەرانبەرە بە ساڵی ١٢٩١، کاتێ کە لە سەر بانی خانووەکەی خۆی ویستوویەتی چاو لە هەتاو بکات، یەکێک لە پشتەوە پاڵی پێوە دەنێ و حەوانتەی خوارەوەی دەکا و دەسبەجێ کۆچی دوایی دەکا. ئەمڕۆ بنەماڵەی سەی براکە، لە تووشامی،

بووەتە ناوەندی دیمانەی یارسانەکان و یەکێ لە نەتیجەکانی کە نێوی سەی نەسرەدینی حەیدەرییە، کلیلداری جەمجانەکەیەتی.

١- ئیزەدییەکان، ئۆل و دێریکەکەیان

زێدی ئۆلی ئیزەدی، لەبنەڕەتدا، ناوچەی نێوانڕووبارانە، بەڵام ئێستا لە سنجار و شێخان و بەعشیقە (باشیک) و دەڤەری نێوان دهۆک و مووسڵ و دەوروبەری ئەو شارە و کوردستانی بندەستی تورکان و کوردستانی بندەستی سوریا و عێراق و ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجان و قەرەباخ و شوێنانی تر دەژین، بێجگە لەو ئیزەدییانەی کە لە دەرەوەی وڵات لە ئەورووپا و ئەمریکا و ئەسکاندینافیا وەکو پەنابەر گوزەران دەکەن. بەڵام بەداخەوە سەرژمێرییەکی رێک و دروستیان لەسەر نەکراوە و، نازانرێ ئەژماری راستەقینەیان چەنێکە. لە برێ سەرچاوەدا ئیزەدییەکانی ئێراق بە ٥٠٠ هەزار دادەنێن و لە برێ سەرچاوەی تردا، بە ١٥٠ هەزار، لەکاتێکدا تەنیا لە ئاڵمان ٦٢ هەزار ئیزەدی ژیان بەسەر دەبەن. من لەو باوەڕەدام و لە کۆپەڕی روانینێکی خێرا لە دێریک و فەلسەفەی یارساندا نووسیومە کە، لە سەردەمی سەلجووقییەکان، کۆمەڵێکی زۆر لە یارسانە شاخۆشینییەکان کەوتنە ژێر هەڕەشەی گرتن و کوشتن، ئەوانیش بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، کۆچیان کرد بۆ نێوانڕووباران و، هەر بەو چەشنەی کە لە گوتارێکدا بە زمانی ئاڵمانی نووسیومە، وا دەردەکەوێ کە ئیزەدییەکانی ئەمڕۆ، هەمان یارسانەکانی شاخۆشینیی بوونە، چونکە ئیزەدییەکان زۆرترین بنەمای ئۆلی یارسان - کاکەیی رەچاو دەکەن و لە لاڤا (نیایش)دا لەبەرچاوی دەگرن.

٢- (قزڵباش، بەکتاشی، نوسەیری، درووزی، شەمسییە)

لێرەدا تێ دەکۆشم کە تا ئەو جێگەیەی دەسەیاو هەبێ، نێوی ئەو دەستە ئۆلیگەلەی کە بڕوایان بە دۆنادۆنە و بە یارسان - کاکەییەوە نزیکن بێنم و، میلکانی جۆغرافیاییشیان دەسنیشان بکەم. یەکەم قزڵباشەکان یا کڵاوسوورەکانن کە لە گەیاندنی (سەفەوی)یەکان بە دەسەڵات، نەخشێکی

گەورەیان هەبوو. بڕوانن بۆ ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە.

Sohrweide Hanna, Der Sieg der Safawiden in Persien und seine Rückwirkungen auf die Schiiten Anatoliens im 16. Jahrhundert .In: Der Islam .Zeitschrift für Geschichte und Kultur des islamischen Orients, 41.., Band, Berlin: de Gruyter& Co, 1965

کڵاوسوورەکان ئاوەها بوونە کە، شا سمایلی سەفەوی، بۆ وەفادارییی ئەوان و پێزانین و چاکەبێژیی لەو خەڵکە، نێوی نان قزڵباش و بە کڵاوسووری سۆلانی سەفەوی سەرفرازی کردن. لەراستیدا قزڵباشەکان بەشێک لە لایەنگرەکانی سەفەوی بوون لە رۆژاوای تورکیا، لەناو سەرزەوینی کوردستان، کە زۆر و بەرچاو بوون. بەوجۆرەی کە من لە کتێبی کۆپەڕی روانینێکی خێرا لە دێریک و فەلسەفەی یارساندا ئاماژەم پێ کردووە، قزڵباشەکان و نەجارەکان کە بە (تەختەچی) بەنێوبانگ بوون و بەشێکن لە قزڵباشەکان، لەگەڵ عەلەوییەکان کە لە بنەڕەتدا چەندین خێڵن لە هەمان یارسانە شەڕکەرەکانی سان سەهاک و، لەبەر پاراستنی گیانی خۆیان و دووربوون لە وەزەن و وەیشوومەی، وشکەڕۆکان، لەژێر ئالای لەشکری سەفەوییەکاندا کۆبوونەوە و، چونکە ئەوانیش جێگە و پلەی خوایان بە بڕێ لە ئیمامە شیعەکان دەدا و، سەفەوییەکانیش خۆیان بە نەوەی ئەو ئیمامانە دەزانی، هەر بە پێی ئەو بەڵگەیە، بەسەفەوییەکان وەفادار مانەوە و، لە ریزی پێشەوەی لەشکری سەفەوییەکاندا شەڕیان دەکرد. ئەمڕۆ قزڵباشەکان گۆڕاون بە ئۆلێکی بڕوا بە دۆنادۆن و نزیکن لە شیعەکانی سەفەوی، کە لە رۆمانی و بولغارستان و بڕێ لە گوندەکانی ئاڵبانی و دەوروبەری تسالۆنیکای یۆنان و، سەرانسەری ئانادۆڵ، بەتایبەت ئانادۆڵی رۆژاوا (کوردستانی باکور)، کە تا دەگاتە ئەرمەنستان و ئەفغانستان و رۆژاوای ئێران، بڵاو بوونەتەوە. بەوجۆرەی کە لە سەرچاوە راست و دروستەکانی مێژوونووسانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەو قزڵباشانەی کە لە بەشی ئەورووپای رۆژاوا دەژین، لە ساڵی ١٥٠٢ ی زاینی، واتە بەر لە دەسپێکی شەڕی چاڵدێران، (لە ٢٣ ی ١٥١٤ ی

زاینی)، لەنێوان دەسەڵاتەکانی شا سمایلی سەفەوی و سان سەلیمی یەکەمدا، بەتۆپزی لە نیشتمانی خۆیان، واتە کەوشەنەکانی ئێران و تورکیا، هەڵداژراون بۆ یۆنان و بولغارستان و رۆمانی و ئاڵبانی، بۆ ئەوەی کە نەبن بە هاودەستی شا سمایل و لە سوپای سەفەوی لایەنگری نەکەن. بڕوانن بۆ کلاوس مۆیلێری ئاڵمانی، ویسبادن، ١٩٦٧ لاپەڕەی ١٠ و ١١، هەر لەم سەرچاوەیەدا لاپەڕەی ١٤ کلاوس مۆیلێر بە هێنانەوی گوتەگەلێک لە تایلۆری رۆژهەڵاتناس، ئەهلی حەق (علی الهی) و بوونی قزڵباشەکان، بەڕاست دەزانێ. بەشیعە نیشاندانی خۆشیان، تەنیا هەمان دوورەپەرێزگرتنی خۆیانە و هیچی تر. کلاوس مۆیلێر، تا لاپەڕەی ٣٤، کۆپەڕەکەی بۆ قزڵباشەکان تەرخان کردووە. بۆ زانیاریی زۆرتر سەیری ئەو سەرچاوەیە بکەن.

بەشێکیی تری ئەم لێدوانانە، لقەکانی بەکتاشی، نوسەیری، درووزی، شەمسییە و... هتدن کە تێ دەکۆشم پێکەوە چاوێک بەوانەدا بگێڕین. لە زۆربەی سەرچاوە ئیسلامییەکاندا، لق یان دەستەی حاجی بەکتاشیان بە شیعە ناساندووە، لەکاتێکدا کە بێجگە لە رێز بۆ بڕێ لە ئیمامەکانی شیعەی وەکو جامەیی، کە لە پێشڕۆیانی دۆنادۆنی دەزانن، هیچ جۆرە بنەمایێکی ئۆلیی لە شیعە بەجێ ناهێنن. واتە بەکتاشییەکان لە راستیدا وەکو ئۆلەکانی تری دۆنادۆن کەباووریان هەیە، هیچ پێوەندیێکیان تەنانەت بە ئیسلامیشەوە نییە. بۆ میناک فەرهەنگنامەی دێهخودا کە تا بەر لە سەرهەڵدانی سەرچاوەی ئینتەرنێتی، گرنگترین سەرچاوە بووە بۆ جاڕدەر (مبلغین)ەکان لە هەموو جۆرێکیان، لەوێدا نووسراوە: "بەکتاشییە تاقمێکن لە سوفییە کە سەربە حاجی بەکتاشن، بەڵام بەسەرهاتیان تێکەڵە لە چیرۆک و رازان. نێوی (محەمەد)ە و خەڵکی نەیشابووری خوراسان بووە، کە لە ساڵی ٧٣٨ ی کۆچیی مانگیدا، کۆچی دوایی کردووە. دەروێشەکانی بەکتاشییە، ئۆلزایان شیعەیە و هۆگری (عەلی)ن و لە دابەستنی کۆڕی مانگی موحەڕەمدا لە جۆش و خرۆشن." سەیری بەرگی ١١، لاپەڕەی ١٩٨ هەمان سەرچاوە بکەن. دێهخودا و هاوچەشنەکانی، ئاماژەیان بەوە نەکردووە کە ئۆلی حاجی بەکتاش

دۆنادۆن بووە و بە پێچەوانەی ئۆلی ئیسلام کە ژنی بە نیوەپیاوێک داناوە، ئەو بۆ ژنان مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان داوا کردووە و ئەم گوتانەی خوارەوە لە کورتەبێژییەکانی حاجی بەکتاشن: "پەرمان بدەن ژنەکانتان وانە بخوێنن"، "لە زمـــان و دەست و کـــەمـــەری خـــۆتان پارێزگـــاری بکەن"، "لێکۆڵینەوە، تاقیکردنەوەیێکی بەرچاو و راشکاوە"، وای بەشوێن هەر شتێکەوە، لەخۆتا کرۆکاش (جستجو)ی بکە" و "لەبیری نەکەن کە دوژمنی ئێوەش هەر مرۆڤە". ئەم گوتەگەل کورتە بەگشتی لە سەردەمی خۆیدا نەتەنیا فەلسەفەی حاجی بەکتاش وەلی بوون، بگرە گشت رێبەرانی ئۆلی دۆنادۆن بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە.

لە کۆپەڕی (ئیسلام لە ئێران)دا، کاتێ کە پطرۆشفسکی لە لاپەڕەکانی ٣٢٤ و ٣٢٥ لە حرووفییە و قەڵاچۆکردنیان لە ئێراندا دەدوێ، نووسراوە: "ئەوەندەی پێ نەچوو کە حرووفییەکان لەبەر راوەدوونان و کوشتوکوشتار، لە رووپەلی ئێراندا نەمان و تێداچوون، بەڵام لە تورکیای عوسمانیدا رەگاژۆیان کـرد. ئەگـەرچی لەوێش جـارجـارە دەکـەوتنە بەر شـاڵاوی گـرتن و ئازار (بەتایبەت لە سەردەمی محەمەدی دووەم، ١٤٥١ –١٤٨١ ی زاینی بەرانبەر بە ٨٨٦ کۆچی)، بەڵام توانییان بیر و بڕواکەی خۆیان بشارنەوە و، بە رەدووکەوتن لە بنەمای کرمات (تقیە)، لە هەموو شوێنێکدا هەندێ جار خۆیان بە شیعە و برێ جار خۆیان بە سونی و جارجارەش بە سۆفی لە قەڵەم بدەن. حرووفییەکان لە تورکیا توانییان لە نێوان سەرانی تاقمی دەروێشە بەکتاشییەکاندا پێدزە بکەن و، جێی خۆیان بکەنەوە. ئەم تاقمە لەلایەن خۆجە (حاجی) بەکتاشەوە کە تاڕادەیێک بوونی چیرۆکە، دامەرزابوو. دەروێشەکانی بەکتاشییە، لە سەرانسەری تورکیا و شارەکانی قوستەنتەنییە، هەنا (نفوز)ی زۆریان هەبوو، بۆ ئەوەی کـە لەگـەڵ دەسـتـەی بەهێـزی (لەشکەری یەنی چەری)دا پێوەندییان هەبووە. تاقمی بەکتاشییە، بەوارە (رسما)، سونی و سۆفی بوونە، بەڵام لەنێوان ئەندامـانی هەڵبژاردە و پیاوانی هەڵکەوتوودا، بێجگە لە بارهێنان، – ئەویش تۆزێک ئاوەژوو– حرووفییەکان شتێکی تر

نەبوونە. جێگەی سەرنجە کە لە سەرکردایەتیی ئۆلی حرووفییەدا، دۆنادۆن و مرۆیەزدانی بنەجێ بوو. سەیری ئیحسان تەبەری هەمان سەرچاوە، لەژێر نێوی حرووفییە لاپەڕەی ٤٥٢ بکەن. بۆ شیکردنەوەی تێروتەسەلی حرووفییە، سەیری (ای. سی. براون لە مێژووی وێژەی ئێراندا)، بەشی ٣ لاپەڕەکانی ٣٦٥ تا ٤٥٢ و (ای. جی. طیب، دێریکی وێژە و هۆنراوەی عوسمانی، لەندەن ١٩٠١، بەشی ١ لاپەڕەکانی ٣٣٦ تا ٣٨٨ بکەن.

لە پێوەندی لەگەڵ شۆنگێڵی (پیروی) لە بنەمای پەنکوور (تقیە)، واتە (نهێنیپاراستن)، پترۆشفسکی لە کۆپەڕی ئیسلام لە ئێران، لە لاپەڕەی ٢٨٥ دا نووسیویە: "گشت لقەکانی ئۆلزای شیعە بێجگە لە زەیدیە، سەرلەبەریان شۆنگێڵی بنەمای کرماتن. سمایلیەش و (غلات)ی شیعە، واتە (درووزییەکان و نوسەیرییەکان و حرووفییەکان و عەلیولاییەکان و هاوێنەکانیان)، لەم بنەمایە بە چەشنێکی شیلگیرانەتر شۆنگێڵی دەکەن. لێرەدا سەرنج دەدەین کە مسئلە پرسگرێکی خۆپاراستن و نهێنی پاراستنی ئۆل و ئۆلزا، چی نەخشێکی هەیە. هەر لەم سۆنگەیەڕا هەموو تاقم و دەستەکان، یان ئۆلە بچووکەکان، بۆ پاراستنی گیانیان، ناچار بوونە خۆیان لەژێر ئالای یەکێ لە ئۆلزا دەسەڵاتدارەکانی (سونی یان شیعە)دا حەشار بدەن و، هەر لەبەر ئەم هۆیەش، زۆربەی لێکۆڵەرە بیانی و ناوخۆییەکانیش، ناشارەزا لە ئۆل و فەلسەفەی ئۆلیی ئەم خەڵکە، بەلاڕێدا کێشراون و زۆربەی ئەم ئۆلانەیان بە ئیسلامی شیعەوە بەستووەتەوە، کە بەهیچ جۆرێک راست نییە و درۆیە. تەنانەت ئەو تاقمانەش کە لە ئیسلامی شیعەی حەوت ئیمامی جوێ بوونەوە، وەکو درووزییەکان، ئیتر شیعە نەمانەوە، چونکە ئەگەر وەک موسڵمانی شیعەش بمابانەوە، ئیتر بۆ جیا دەبوونەوە. نموونەی تر، بابیگەری و بەهاییگەرین، کە ئەوانیش لە ئیسلامی شیعە جوێ بوونەوە، کەچی ئەورۆکە رێبازێکی یەکجار نوێ ترن.

نموونەی تر، ئەگەر عەلی وەکو محەمەد، (١٨٢٠ تا ١٨٥٠) لە سەرەتادا بیگوتبا: هاتووم چاکسازی لە ئیسلامدا بکەم وباوەڕی بەلەگەڕ ( دوران)دا

بوونی مێژوو هەبووایە، واتای ئەوەی دەدا کە، پەیامهێنی تازە هاتووە بڕیاری پەیامبەری پێشوو هەڵوەشێنێتەوە، کە ئەوە ریفۆرمە لە ئۆلدا و دلێری و بوێریی دەوێ و ناکرێ.

نموونەی تر، هەندێک لە سۆلانەکانی دواتر، بەتێپەڕبوونی دەمان، توانیویانە ئۆلە دۆنادۆنییەکانیان لەگەڵ دەوروبەری خۆیان یەک بخەن، بەڵام راهاتوون برێ لە رێورەسمەکانی ئیسلام بەجێ بێنن، بۆ نموونە شۆنگێڵەکانی عەلیولاّیی ئەوانە لە رووەوە خۆیان بە موسڵمانی شیعە دەزانن، کەچی لە بنەوە کرماتن و لەبنەڕەتدا بڕوایان بە دۆنادۆنە و بەشینەوە (نزر و نیاز) دەکەن.

لە کۆتاییدا، هەربەوجۆرەی کە، لە بەشی ئیزەدی و یارسان – کاکەییدا ئاماژەم پێ کرد، برێ لە نووسەرانی ئەوروپای رۆژهەلاّتیش بڕوایان وایە، عەلیولاّییەکان و نوسەیریەکان یەکێ بوونە. سەیری ئیسلام لە ئێراندا لاپەڕەی ٣٢٦ پطرۆشفسکی. منی نووسەری ئەم دێرانەش لەو باوەڕەدام کە نصیرییەکانیش وەکو ئیزەدییەکان، دەستەگەلێکن لە یارسانەکانی سەردەمی شا خۆشینی لوڕستانی، کە لەکاتی بەدەسەلاّتگەیشتنی سەلجووقییەکان لە ئێراندا و بەهێزبوونی دیسانەوەی خەلیفەکانی بەغداد و هێزگرتنی موسڵمانانی وشکەڕۆ، بەتۆپزی لە ئێران و لە ناوچەکە کۆچیان پێ کراوە و، هاوکاتیش لەگەڵ ئیزەدییەکان هاتوون بۆ نێوانرۆباران و لەوێشەوە بۆ سوریا. بۆ سەلماندنی ئەم بانگاشەیە، دەتوانین هەر لەم سەرچاوە جێگەی بڕوایە بەڵگە بێنینەوە کە نیشاندەری ئەوەیە: "لەمەڕ تاقمی نوسەیریە کە گرێ دراوە بەم (نەسیر)ەوە و لە نیوەی دووەمی سەدەی یازدەیەمی زاینی (سەدەی پێنجەمی کۆچی)، لە شیعەی ئیمامیە لقیان لێ بووەتەوە، دەبێ ئەم خاڵە دووپات بکەینەوە: "نوسەیریە، دواتر لە باکوری رۆژاوای سوریادا بوون بە زەنگین و دارا. سەیری لاپەڕەی ٣٢١ ی هەمان سەرچاوە بکەن.

جێگەی سەرنجە کە هەر لەم سوورەدا، ئیسلام لە ئێران، بەهۆی سەلجووقییەکانەوە هێزی گرت و، شا خۆشین لە رووباری جەیحووندا، هەر

بەو چەشنەی کە کۆپەڕ گوتوویەتی: "بزر بوو." ئەوسا حەوارییەکانیشی بڵاوەیان کرد و، ئیزەدییەکان لە نێوانڕووباران و، نوسەیریەکانیش لە سوریا، سەریان هەڵدا. سا دەتوانین بوێرانە بێژین: نوسەیریەکان لە شیعە جوێ نەبوونەوە، بگرە لە شۆنگێڵەکانی شا خۆشین بوون کە سەرزەوینەکەی خۆیان بەجێ هێشت و، چوون بۆ ئەو دیارە. لەهەر پاودانێکدا ئەوانە وەکو دەستەکانی تر، بە پاراستنی بنەمای دۆنادۆن و بە شۆنگێڵی لە ڕێبەرانی ئەو دەمانەی خۆیان و نەبوونی پێوەندی لەگەڵ هاوبیرەکانیان لە ئێران، گۆڕانێکی بچووکیان لە وارە و داووکرداری ئۆلیی خۆیاندا کردووە. هەر ئەو کارەی کە دواتر حروفیەکان و دەستەکانی تری دۆنادۆن لە ئێراندا کردیان. لەکۆتاییدا و لەکۆدا، ئەو دەستەگەلەی کە لە ئۆلی یارسان – کاکەیی دابڕان، (عەلیولاّیی، شا خۆشینی و سان سەهاکی)یەکان، وەکو ئیزەدییەکان، حروفیەکان، بەکتاشییەکان، نوسەیریەکان، دروزییەکان، بەشێکی گەورە لە عەلەوییەکانی تورکیا، بەتایبەت دێرسیمییەکان، بەبێ شکن لە تیرەی گۆرانەکان و سەر بە ئۆل و ئۆلی یارسان بوونە و هەن. لەم بەستێنەدا ئێمە لێکۆڵینی زۆرتر دادەنێین بۆ سۆلانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی گەنج و لاو.

## پێشەکییەک بۆ ناسینی ئۆلی یارسان

زەردەشت

زەردەشت، زەرەتاوەشتەرای، یان زەراوەشتەرای لە دوو وشەی (زەرا) بەواتای (نوور) و (وەشتەرای) بەمانای (داباری) پێک هاتووە؛ ٢– نێوی پێغەمبەری زەردەشتییەکانە خاوەنی کۆپەری ئاڤێستا؛ ٣– نێوی کۆنی شاری سەردەشت لە کوردستان کە شوێنەواری ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن و تهێتی و (گەورکان)یشی لێ ماوە؛ بڕوانە بۆ سەردەشت؛ کۆچکردوو مامۆستا زەبیحی لە پێشەکیی "قامووسی زبانی کوردی" دا نووسیویە: "زۆربەی ئەو زانا و ڕۆژهەلاّتناسانەی خەریکی ساغکردنەوەی ئاڤێستا بوونە، رایان وایە زمانی ئاڤێستایی یەکێک لە زمانەکانی باکوری ڕۆژهەلاّتی خێزانە زمانی ئێرانییە و

زەردەشت کۆپەڕەکەی خۆی لە دەوروبەری چەرخی حەوتەمی پێش عیسا لە باکتەریا "باختەر یان بەڵخ" نووسیوەتەوە؛ "بەڵام پرۆفیسۆر "پووورداوود" مامۆستای زانکۆی تاران و ئاڤێستازانی بەناوبانگی ئێرانی لە سەرەتایەکدا کە بۆ "یەسنا" ی بەشێک لە ئاڤێستا نووسیوە دەڵێ:

"لەناو دەنگوباسی مێژوونووسانی یۆنان و رۆما، خەبەری "خستانۆس" دەربارەی زەمانی زەردەشت جێگەی باوەڕە و دەتوانین دەرکەوتنی پێغەمبەری ئێران لە دەوروبەری ساڵی ۱۰۸۰ی پێش عیسا بزانین؛ هەروەها کەم زانا و مێژووزان و کۆنینەناس هەن کە باوەڕیان نەبێ "زەرِدوشت" خەڵکی رۆژاوای ماد نەبێ، بەجۆرێکی تر گەلێکیان رایان وایە کە زەردەشت لە دەوری دەریاچەی ورمێ "چەئێچەستە" لە کوردستانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی ئێران لە دایک بووە، بەڵام کاتێ باس هاتە سەر ئەو زمانەی کە ئاڤێستای پێ نووسراوە، کەمیان بۆ ئەوە دەچن کە زەردەشت ئاڤێستای بە زمانی مەوتەنی خۆی یانێ زمانی "مادی" نووسیبێ، ئەوە بابەتێکە زۆری گفتوگۆ لەسەر کراوە، زۆرتر رێی تێ دەچێ کە زمانی ئاڤێستایی زاراوەیەکی مادی بێ تا خوراسانی یا باختەریایی.

مەسەلەی مادیبوون و نەبوونی ئەو زمانەی کە ئێستا پێی دەڵێن: "ئاڤێستایی" شتێکە هەروا دەمێنێتەوە تا ئەو رۆژەی دەربارەی زمانی مادی زانیارییەکی ئەوەندە زۆر دەکەوێتە بەردەستی زانایان کە بتوانن دەگەڵ زمانی "ئاڤێستایی"، بەراوردی بکەن و هەڵی سەنگێنن و رای خۆیان لەسەری دەرببڕن.

ساڵی ۱۹۷۵ لە هەنگمتەنا یان هێگمەتانە پایتەختی "ماد"ەکان کۆشکێکی گەورە لەژێر خاک دەرکەوت، رۆژنامەکانی ئێران نووسیبوویان: "تەختی جەمشید (پیرسپۆلیس)ێکی تازە لە هەمەدان دۆزرایەوە. بێگومان دەبێ ئەوە کۆشک و تەلاری پاشاکانی ماد بێ و هیوامان ئەوەیە ئاساری نووسراوی مادی لێی دەرکەوێ و تیشکێکی تازە بخاتە سەر زمانی مادی و تا رادەیەک لەدەست کوتان لە تاریکاییی مێژوو رزگارمان بکا".

بەکورتی بەرلەوەی کە ئۆلی زەردەشت و ئاهوورامەزدا سەر هەڵبدەن، بە پێی شوێنەوارەکانی شاری بۆکان و دەوروبەری، خوای گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە (بەغ) بووە و ئەوەی کە روون بووەتەوە (مێهرپەرستی) یان دلۆڤانپەرستی ئۆلی زاڵی ئەو سەردەمە بووە و دانیشتووانی ئەو شارانە رووگە و ئاورگەیان بۆ خوای (میترا) دروست کردووە و رێز و خۆشەویستیی لە ئاگر ئێستاش لەناو کورددا زۆر باوە. نەریتێک بووە کە لە ئۆلی (میتراپەرستی)یەوە بۆ خەڵکەکە ماوەتەوە؛ خوای ئاناهیتایش لە کۆنە دێریکی ناوچەکەدا، خاوەنی ئاورگەی تایبەتی خۆی بووە و هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن: ئاگرپەرستی بە خوای ئاناهیتاوە بەسراوەتەوە؛ گردەکانی دەوروبەری بۆکان بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەم بانگاشەیە کە زۆرتر لە ٣٠ گرد یان تەپۆڵکەی مێژوویین.

ئەو کەسانەی کە شارەزای مێژووی ژیانی زەردەشتن، پێمان دەڵێن: زەردەشت لەلای گۆلی ورمێ، کە ئەوسا نێوی چەئێچەستە، یا چیچک بووە، هاتووەتە جیهان؛ پاش ئەوەی کە (هات)ی دێتە سەر و دەبێتە پەیامهێن، هۆزی (ماز) یا (ماج) کە خزمی خۆی بوون، لە کەوانەی خۆیدا کۆ دەکاتەوە و کوردەکانی زەریاچەی ورمێ کە ئەوسا بە دێو یان دێئۆسنە کە واتای خواپەرست دەدا نێو دەبران، خۆیان لە (مەزدیەسن)ەکان کە مەزدایی بوون، گەلێ بەچاتر دەزانی و بەگژ مازە زەردەشتییەکاندا هاتوونە و جێگەیان بە زەردەشت لەق کردووە و زەردەشتیش ناچار دەبێ کە هەڵبێ و بڕوا.

زەردەشت دوازدە رۆژ رێگە دەبڕێ تا دەگاتە سەر رووباری تائیتی کە لە بناری چیای گورگان هەڵکەوتووە. فریشتە (سرووش)ی وەڵامبەری خوا لە ئاسمان دابەزی و درووودی یەزدانی پێ گەیاند و پێ ڕاگەیاند کە ئامادە بێ بیباتە بارەگای پەروەردگار بۆ ئاسمان. ئەوسا بە ئاوی چەمی تائیتی دڵی زەردەشتی شوشت تا گەمرە و چەپەڵیی زەوینە پاک بووەوە، ئەوسا بردی بۆ لای خوا کە ئەوسا نێوی ئاهوورەمەزدا (هورمز) بوو. زەردەشت گەیشتە بارەگا و چاوەنۆڕ ما تا ئەهوورەمەزدا بانگی کا و بیدوێنێ. لەماوەی

چاوەڕوانیدا فریشتەکان لە چوارلاوە لە زەردەشت کۆ بوونەوە، فریشتەش هەر ڕووناکاییە، زەردەشت کاتێ لەسەر سێبەری خۆی دەڕوانێ، دەبینێ فریشتەکان ئەوەندە زۆرن کە سێبەریان بۆ کردووە، ئاهوورەمەزدا بانگی دەکا و زۆر دڵخۆشیی دەداتەوە و دەفەرموێ بچۆوە بۆ ماڵی خۆت، من ئەوەندەت هێز دەدەمێ کە بەسەر دێواندا زاڵ بی، زەردەشت ماڵئاوایی دەکا و دەگەڕێتەوە بۆ دەوری چیچک و ئەمیرێک بەنێوی مامەند، باوەڕی پێ دێنی و زەردەشتیش خوشکی خۆی کە نێوی ستی دەبێ، دەدا بە مامەند و مامەندیش خوشکی خۆی (هڤۆڤی) یان هێڤی دەدا بە زەردەشت و ئیتر لەو کاتەوە زەردەشت ناترسێ و دەتوانێ دێوەکان ڕاو بنێ.

ئەمەش یەکێکە لە درۆ شاخدارەکانی شۆڤینیستی فارس کە لە بنەڕەتدا وا نییە. جا بۆ ئەوەیکە لە بناوانی سەردەشت و زەردەشت بگەی، بڕوانە بۆ واتا و هەڵکەوتی جوغرافیاییی سەردەشت.

سەردەشت: ١- شار لە دەشت و پانتاییی کێودا؛ تەختی و پانتایی لە بەرزیدا؛ ٢- ئەو شارەی کە زەردەشتی بۆ ماوەیەک تێدا ژیاوە؛ ٣- جێگە و میلکانی زەردەشتی پەیامهێن؛ شارێکە لە نێوان کەوشەنی دەسکردی کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە چواردەوری چیا و لێڕەوارە، بەڵام ئەم نێوە لەگەڵ واتاکەی کە دەبێتە: دەشت و پانتایی لە بەرزیدا یەک ناگرێتەوە. ٤- هەروەها سەردەشت سەیرانگایەکە لەلای (دەگاگا) لە هەورامان، ئەو سەیرانگایەش پانتاییەکە لەسەر کێوێکی بەرز، کە ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ سەلماندنی بانگاشەکەمان. جیا لەوەش گۆڕی پیرشالیار لە هەورامان و ئەو ئاورگەگەلەش کە لە نێوان سنە و کرماشان و هەڵەبجەش هەڵکەوتوون و شوێنەوارەکانیان ماون، ئەوانیش هەر بەڵگەن بۆ سەلماندنی زێدی زەردەشت.

ئێستاش لە هەورامان دوای هەزاران ساڵ هێشتا نێوی گەرشاسپ و ئەفراسیاب و سیامەند و سیاکۆڵ و هیدیکە هەر ماون و هەن و ئەمەش هەر بەڵگەیەکی ترن بۆ ئەم پرسگرێکە... هتد.

داستـــانی زەردەشـت و سـەردەشت لێک دوور نین و من لێــرەدا دەمــەوێ نموونەیێکی مێژوویی بێنمـەوە کە دەیسـەلمێنێ سـەردەشت، زەردەشت بووە و نێــوەکــەی بە پێی رەوتی دەمـــان و کــاریگەریی زاراوە لـە زمــاندا، گــۆڕانی بەسـەردا هـاتووە. لـە بنەڕەتدا نێوی زەردەشت، (زەرەتا وەشـتـەرای)یە، کە لە دوو وشــەی (زەر) بە واتـای نوور و وەشـتـەرای واتـە دابـاری پێک هـاتووە، کـە پێکەوە دەبێتە: نوور داباری، یان نوور لە ئاسمانەوە داباری.

لە کـۆپەڕی شـانامـە و برێ کـۆپەڕی تریشـدا بە هەڵە لـە سـەر مـەسـەلەی زەردەشت و بەتایبـەت گەلی کورد نووسین و باسی وایان بڵاو کردووەتەوە کە لە راسـتـیـیـەوە دوورن و کـوردیان بە دێو و درنج نێـو بردووە؛ لەمـەڕ شـەڕی (ئاهوورامەزدا) لەگەڵ (ئەهریمەن)یش، دەڵێن: ئاهوورامەزدا لەگەڵ دێو شەڕی کردووە و مـەبەسـتیشـیان لە دێو کورد بووە و پاشان نێوی ئاوی (تهێتی) یان (تائیتی) و (گورگان) و زۆر شـتی تریان هـێناوە، کە فرِی بەسـەر راسـتییـەوە نییـە و نەیانتوانیـوە لە خاڵ بدەن؛ من لێرەدا باسـی زەردەشت و ئاهوورامەزدا و ئەهـریمـەنتـان بۆ دەگـێـرمــەوە کـە لە بنـەڕەتدا بە پێی ئەو نێـوانەی کـە لە گاتاکاندا هـاتوون، ئاوەهایە:

لە لای شـاری سـەردەشـت دەشـتـێک بوونی نییـە کـە نێـوی سـەردەشـتی بەســـەردا برابـێ، بە واتـای: شــاری لای دەشت، یان شـــاری بان دەشت! لە بنەڕەتدا نێـوی شـاری سـەردەشت، (زەردەشت) بـووە کـە گـۆڕدراوە و بووە بە ســـەردەشت! لـەلای ســـەردەشت گـونـدێک هـەیە بە نێـوی (هورمــزئـاوا)، لە باشـووری کوردسـتانیش لەلای قەڵاچوالان گوندێک هـەیە کە نێوی (هۆرمن)ە، راسـتییـەکەی ئەوەیە کە لەو سـەردەمـەدا خێڵی هۆرمن لەگەڵ خێڵی هۆرمز بەشـــەڕ هـاتووە و، هـۆرمن هـۆرمــزی راو ناوە بـەرەو ســـەردەشت بـۆ لای ئەو گوندەی کە ئێسـتا نێوی هۆرمزئاوایە، لەوێ زەردەشت شکستی خـواردووە و بە بریـنداری خـۆی گـەیاندووەتە لای (ئاوی تهـێتی)، کە رووبارێکە لە ناوچەی سـەردەشـت و گوندی (تیـێت) وەبیرخـەرەوەی ئەو نێوەیە و، لەوێشـەوە هـەڵاتووە بۆ (گەورکان)ی نێوان سـەقز و سـەردەشت و مـەهاباد کە ئێسـتـا بە ناوچەی

(گەورک) یا گەورکان بەنێوبانگە، لەوێ زەردەشت دیسان تووشی شەڕێکی تر هاتووە، بەڵام ئیتر چارەنووسی لەوێدا دیار نییە و روون نەبووەتەوە کە بە کوێ گەیشتووە و چیی بەسەر هاتووە!

هەر کەسێ ناوچەی گەورک چووبێ و ئەو ناوەقەیەی دیبێ، دەزانێ کە هەندێ گۆڕستان لەو ناوچەیە هەن کە خەڵک دەڵێن: ئەو گۆڕستانانە گۆڕستانی کافرەکانە و من بۆ خۆم لە پێشمەرگایەتی دیومن، ئیتر بۆ دەبێ زەردەشت لەوێ نەبووبێ و لە قەڵاچوالانەوە بەناو ئەو هەموو شاخ و داخەدا خۆی گەیاندبێتە (گورگان)ی لای خوراسان و لەوێ مردبێ! من لەو باوەڕەدام کە گۆڕی زەردەشت و هاوڕێکانی دەبێ لە گوندی سەلامەت بن، چونکە ئەو گۆڕستانانەی کە لە کوردستان بەر بە قیبلە (رووگە) نین و بە هی کافرەکانیان دەزانن، لە راستیدا هی ئەو یارسانگەلەن کە لەگەڵ عەرەبی تازە موسڵماندا شەڕیان کردووە و پەرچەیان لەو ئۆلە نەتەوەییەی خۆیان کردووە. لە گوندەکانی کوردستان گۆڕی وامان زۆرن و ئێستاش هەر پاشماوەکانی ماون.

نووسەرانی فارس، بە داخەوە (گەورکان)یان بە (گورگان) زانیوە و هیچی تریان بۆ ساغ نەبووەتەوە! لەکاتێکدا ئەو نێوانەی کە فردۆسی باسی دەکا، وەکو: هورمز و هۆرمن و تهێتی و زۆری تر، هەر هەموویان لە کوردستانن و ئەمانەش باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە، کە زەردەشت لە کوردستان بووە؛ لەوانە گرنگتر، ئەوەتا ئەو شانامەیەی کە فردۆسی بانگەشەی نووسینی دەکا، لە بنەڕەتدا لە شانامەی کوردی وەریگرتووە کە بە زاراوەی پالەوی یان کەڵوڕی نووسراوە و ئەو شار و لادێیانەی کە فردۆسی لە شانامەکەیدا باسی دەکا هەر هەموویان لە کوردستانن و لە شوێنێکی تری ئێران بوونیان نییە. دیسان بۆ سەلماندنی بانگەشەکەمان دەتوانین چاو لە کۆپەڕەکەی عیمادەدین دەوڵەتشاهی بکەین، کە نێوی زیاتر لە ٥٠٠ گوند و چەم و دەشت و ناوچەی تێدا نووسیوە کە هەموویان لە کوردستانن، وەکو: پاڵنگان، گرێزە، پاوە، شاهۆ، ئەسپەرێز، زرێبار، چەمچەماڵ، بێساران، هوویە، هەرارە و... هتد.

هەروەها سەردەشت سەیرانگایەکە لەلای دەگاگا لە هەورامان، چونکە گۆڕی پیرشالیاریش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەلماندنی بانگەشەکەمان. لەوێ ئاورگە زۆرە و ئەو سەردەشتەش پانتاییکە لەسەر کێو. دیسان سەردەشت شوێنێکە لە لای کانیزان لەلای سەیرانبەن لە ناوچەی بانە.

ئێستاش لە هەورامان دوای هەزاران ساڵ هێشتا نێوی گەرشاسپ و ئەفراسیاو و سیامەند و سیاکۆڵ و... هتد هەرماون و هەن.

نوێژ و نیایشەکانی زەردەشت کە هەموویان بە (گاتاکان) نێودێر کراون، گشتیان پاڕانەوە و ودم و نزایە لە یەزدانی مەزن. بۆ نموونە: لە بەندێکی گاتاکاندا دەڵێ: "ئاهوورامەزدای مەزن، تۆ مازەکانی مەزدیسنا لە دێوەکانی دەوروبەری دەریاچەی وان بپارێزە! بڕوانە بۆ گەورک، یان گاورک!

گاورک

گاورک، جێگەی ئاورپەرستەکان، جێگەی زەردەشتییەکان، چونکە گاورک لە وشەی (گاور) واتە ئاورپەرست و واتی (ک)، کە پاشگرە بۆ جێگە، وەکو دەرک، خوناوک، لووساوک، پێک هاتووە؛ ٢- نێوی جۆرێک پەزی دووگقووڵە؛ ٣- نێوی مەڵبەندێکی پان و بەرینە کە لە دۆژ شارەکانی مەهاباد، سەقز، سەردەشت و بۆکان هەڵکەوتووە و بە هۆی پان و بەرینییەوە، بە سێ بەشی گەورکی مەهاباد، گەورکی سەقز و گەورکی سەردەشت نێو دەبرێن و بە هەمووی دەڵێن: گەورکان. بڕوانە سەردەشت.

لە گوندی (سلامەت)ی ناوچەی گەورکایەتی کە من کاتی خۆی لەوێ پێشمەرگە بووم، دوو گۆڕستانی لێ بوو، یەکێکیان بە قسەی خەڵکی گوندەکە هی گاورەکان بوو، ئەوی تریشیان هی موسڵمانن کە ئەمە نیشانەی ئەو بانگەشەیەی ئێمەیە. جگە لەو گۆڕستانانەش سەردەمی شای دەرکراو، شوێنەواری گرنگ و بەرچاوی تێدا دۆزرابووەوە کە هەموویان گواستبووەوە بۆ تاران. سەیری کارمات، یان کڕمات!

كارمات (كرمات)

كارماد، كارمات، كرمات، كرماج، كوردمانج، كورد، گوندى؛ ٢- جووتيار، چاندەكار؛ ٣- شوان و گاوان، بەخێوكەرى ئاژەڵ؛ ٤- تيرەيەک لە تيرەكانى ئەلحەق بوونە كە دواى ئەبوو موسليمى خوراسانى، لە ٢٥٤ هەتا ٢٧٠ ى كۆچيدا، بە شەڕى چەكدارى دژى خەليفەكانى سەرەتاى ئيسلام بەرگرييان لە بزووتنەوەى سۆفيگەريى يارسان (حەقە) كردووە لە كوردستان و ئێران و زۆر شوێنێ تر و رەواجيان بە ئۆلى يارسان داوە. عەرەبى موسڵمان ئەم وشەيانە كردووە بە قرمەت (قرمط)، واتە: ناموسڵمان و بێ دين و كافر، يان ئەو كەسانەى كە لە نووسيندا خەتيان وردە!! ئەم ناژيربێژييە و ئەم بێ مەنتقييە زۆر ناچێتە مێشكەوە، چونكە ئەوانەى كە موسڵمانن، هەر گەل و نەتەوەيێكى ناموسڵمان بە بێ دين و كافر دەزانن، ئەم تيرەيەشيان لە تيرەى ئەلحەق (يارسان) زانيوە، بۆيە بە قرمط يان قرمگى نێويان بردوون، كرماتەكان ئۆلى تايبەتى خۆيانيان هەبووە و نەچوونەتە ژێر درۆ و دەلەسەى خەليفەكانى ئيسلامى ئەو سەردەمە كە سەرانسەرى كوردستانيان لەناو خوێندا شەلاڵ كرد. (قرمط) لە راستيدا (كرمات) بووە كە عەرەب كردوويەتى بە (قرمط)!.

(قرمط) لە راستيدا (كرمات)ە و يانێ: خۆت كڕ كە و هيچ مەڵێ، تا هەل دەست دەكەوێ، خۆت كڕ كە و نهێنييەكەت مەدركێنە، ئەمەش رەمزى ئەو كاتەى يارسانەكان بووە، بۆيە بە (قرمط)، واتە: بێ دينيان نێودێر كردوون! لە فارسيشدا پێى دەگوترێ: (سر مگو) واتە: نهێنى نەگوتن، نهێنى نەدركاندن!

گۆڕينى ئەم نێوانەش لە لايەن عەرەبى موسڵمانەوە، وەكو گۆڕينى نێوى (كرماجان، يا كرماشان)ە بە (قرماسين يا قرمسين) و دەيان نموونەى ترى لەمانە. سەيرى بۆ گۆران بكەن.

گاوران (گۆران)

گۆران، نێوى تيرەيەكى دێرينە لە كورد كە لە ناوچەى سەحنە و كرند و كرماشان و كەنگاوەر و دالاهۆ و رێژاو و خانەقين و كەركووک و زۆر شوێنى

تری کــوردســـتـــان دەژین و رەدووی ئۆلی یارســـان، یان ئەهلی هەقن و (کاکەیی)یشیان پێ دەڵێن. گۆرانەکان یەکەمین یان دەتوانم بڵێم یەکێ لەو تیرەگەلەی کوردن کە زووتر لە هەموو تیرەکانی کورد دەستیان کردووە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پاشان شارنشینی؛ وشەی گۆرانی بە نێوی ئەوانەوە هاتووەتە ناو زمان و ئەدەبیاتی کوردی؛ لەبەر ئەوەش کە موسڵمان نین، بەداخەوە پێیان گوتوون: گەور یان گاور، واتە: ناموسڵمان!؛ لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەتیشدا هەر سروود و ستران و ئاوازێکیش کە پێداهەڵگوتنی (ئیسلام)ی تێدا نەبووبێ، بە نالەبار و ناشایستیان لە قەڵەم داوە و پێیان گوتوون: گەورانی یان گاورانی! و لەلایەن موسڵمانانەوە بەرگریی لێ کراوە و وردە وردە ئەو ستران و سروودانە وشەی گەورانی بەسەردا براوە و دوایی بووەتە: گۆرانی! هۆزی (گۆران) هۆزێکی کۆن و گەورەن؛ بەداخەوە کوردی وشکەڕۆی موسڵمانیش پێیان گوتوون: دز، چەتە، ڕێگر، کە من پێم وایە لەبەر ئەوەی کە موسوڵمان نەبوونە و پەیڕەوی ئۆلی کۆنی یارسانن وایان پێ گوتوون، چونکە ئەوانە سەریان بۆ عەرەب و تەنانەت کوردی موسڵمانیش دانەنەواندووە؛ لەبەر ئەوەش کە کوردی موسڵمان پەیتاپەیتا هێرشیان کردوونەتە سەر و ئازاریان داون، ناچار کاردانەوەیان نیشان داوە و خۆیانیان پاراستووە؛ کوردە موسوڵمانەکەش لە داخی ئەوە کە ئەم یارسانانە پەرچەیان لەو دینە نەتەوەییەی خۆیان کردووە و ئامادە نەبوونە ببن بە موسڵمان، ناونیتکەیان لێ ناون و بە دز و چەتە و ڕێگریان لەقەڵەم داون، لە کاتێکدا وا نییە و بۆ هەموو کوردێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، جێگەی سەربەرزین، چونکە یارسان یان گۆرانەکان، زمان و کولتووری کوردییان لە چوارچێوەی ئەو دینە کۆن و نەتەوەییەی خۆیاندا بۆ پاراستووین! نێوی گۆران لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا و شوێنانی تردا، بە یۆران دەخونرێتەوە و ئەمیش وەکو ئالان نێوێکی جیهاندا گر ئینتەرناشیۆناڵە.

**سەیر یارسان بکە**

واژەی یار، بەواتای دۆست، هاوڕێ، پشتیوان و داژدارە، بێجگە لەوەی کە واتای یەزدانیش دەدا. یارسان، لە دوو وشەی ئاوێتەی (یار و سان) پێک هاتووە کە یار واتە: دۆست، هاوڕێ، هاواڵ، سانیش واتە: پەروەردگار، هەتاو، بەرد، سوڵتان، نواندن و نیشاندان، کە بە سەر یەکەوە، یارسان واتە: هۆگری پەروەردگار، دۆستی خۆرەتاو، هاوڕێی سوڵتان.

سان: ١- وشەیەکی کۆنی کوردیی کەڵوڕیی پاڵەیی (پالەوی)یە بە واتای: جێگە و شوێن دێت کە لە ریشەی وشەی ئاس وەرگیراوە بەمانای مەڵبەندی ژیان، وەکو بانەوسان: جێگەی دانیشتن و خەوتنی هاوینان لە سەربان، دیسان وەکو زەیسان: ئەو شوێنەی کە ژنی دووگیانی تازەزاوی تێدا راکشاوە؛ ٢- لە زمانی کوردیدا ئەم پاشگرە بە زۆر نێوی ترەوە بەسراوەتەوە، وەکو: نەلاس کە لە بنەڕەتدا نێڵئاس بووە بە واتای مەڵبەندی ئاگر و سوێناس کە لە بنەڕەتدا سوێئاس بووە بە واتای مەڵبەندی نوور و بەیتاس کە لە بنەڕەتدا بەتئاس بووە بە واتای مەڵبەندی خواوەندی بەر لە زەردەشت و ... هتد؛ ٣- لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکانیشدا بە شارستێن و شەروستان هاتووە؛ ٤- رێژە، نمایش، خۆنیشاندان؛ ٥- نازنێوی (سوڵتان)ە، کە بە کۆ دەبێتە سانان: سوڵتانان، وەکو: کانی سانان واتە: کانی سوڵتانان.

یارسان، نێوی دین (ئۆل)ی کوردانی (ئەلحەق)ە لە کوردستان، کە بە تیرەی (گۆران)یش بەنێوبانگن. ئۆلی یارسان، ئۆلی پانتاییزم (یەکێتی هەبوون)ە (وحدت وجود)، کە بڕوایان بەدۆنادۆن (تناسخ ارواح)ە و یارسانەکان هەرچەند لەلایەن موسڵمانانی شیعە و سوننییەوە، کەوتوونەتە بەر زوڵم و زۆری فراوان و بەگشتی پەیڕەوانی ئۆلی ئیسلام لە درێژەی مێژوودا دەستدرێژ زۆریان کردووەتە سەریان، بەڵام کۆنترین ئۆلی کوردە کە لە کوردستان دوای زەردەشت ماوەتەوە. یارسانەکان هەتا ئێستا لە دووتوێی ئۆلەکەیاندا زمانی کوردییان پاراستووە. وەک چۆن یەکێ لە پایەکانی مۆسیقای ئێرانی مۆسیقای کوردییە، لە راستیشدا یەکێ لە بناغەکانی

مۆسیقای کوردی وا بەسەر مۆسیقای کوردیی یارسانەکانەوە، چونکە ئەو قەتار و گۆشە و قامگەلەی کە مامۆستایان عەلی مەردان و حوسێن عەلی و شوکر خەیات و سەلاح داوودە گوتوویانن و تەنانەت هەندێ لە قۆریاتی تورکمانی کە بە بنەڕەت کوردین و عیزەدین نیعمەت و رەشەی کولە رەزا و هابە چڕوویانن، لە سایەی بوونی تیرەی گۆران و ئۆلی یارسانەوە بۆمان ماونەتەوە. بۆ وەبیرهێنانەوە، بە هەڵە بە یارسانەکان دەڵێن: کاکەیی، لە کاتێکدا بەشێک لە یارسانەکان لەبەر ئەوەی کە سەر بە تەریقەتی سەید کاکەن، پێیان دەگوترێ: کاکەیی، کە لە ناوچەکانی کەرکووک و خانەقین دەژین و بە خێڵی ماچۆ بەنێوبانگن.

ناوچەی یارسانەکان هەتا سەردەمی ساسانییەکان، واتە ئەو کاتەی کە عەرەب هێرش دەکاتە سەر ئەو پاشایەتییە، (هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، هەڵەبجە، هەورامان، سنە، دینەوەر، ئیلام، لوڕستان، بەختیاری و شیراز) بووە، واتە بەرلەوەی کە عەرەب هێرش بێننە سەر ئێران و کوردستان بەگشتی، نەتەوەی کورد رەدووی ئەو ئۆلە کەوتووە و ئۆلی هەموو خەڵکی کوردستان، یارسان و ئیزەدی بووە، بەڵام لەبەر هێرشی عەرەب و داسەپاندنی ئۆلی ئیسلام، ئەم نەتەوەیە کەوتووەتە بەر هێرشی کوشت و کوشتار و لەناوچوون، بە دەستی عەرەب. ئەم تیرە گەورەیەی کورد کە دوای کەوتنی ساسانییەکان نێوی (گۆران)یان بەسەردا بڕا و لەلایەن کوردی موسڵمان بە (گاور، گاوران، گۆران)، واتە: کافر نێودێر کراون و، لە کۆندا و بەر لە ساسانییەکانیش، یەکەم تیرەی کوردن کە شارنشینییان دەس پێ کردووە.

ئەم تیرە گەورەیەی کورد، دوای ئەوەی کە، زۆربەی خەڵکی کوردستانیان کرد بە موسڵمان، چوار شۆڕشی گەورەیان دژ بە عەرەب و ئۆلی ئیسلام هەڵگیرساندووە، کە یەکەمیان: شۆڕشی گەورەی یارسانە کە لە شیرازەوە هەڵگیرساوە و ئەبوو موسلیمی خوراسانی تێدا بەشدار بووە و لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکاندا ئاماژەی پێ کراوە، هەروەها شۆڕشی شا خۆشین، شۆڕشی سوڵتان ئیسحاق، شۆڕشی سەی براکە، کە بۆ پەرچە لەو ئۆلە

هەڵگیرساوە، ئەم تیرەیە هەتا ئێستا، سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام لەژێر گوشار و زەبر و زۆری موسڵمانانی سونی و شیعەدا بوونە، بەڵام خۆیان ڕاگرتووە و نەیانهێشتووە ئەو ئۆلە دێرینەی کورد لەناو بچێ.

ئەگەر تۆزێ ورد سەرنجی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە و هاتنی عەرەب بۆ سەر خاکی کوردستان بدەین و لێی بکۆڵینەوە، وا دەردەکەوێ لە کۆندا دوو ئۆل لە کوردستان هەبووبێ، (ئیزەدی و یارسان)، کە ئیزەدیی ئۆلی کوردی زاراوە کرمانج بووە و یارسان ئۆلی کوردی زاراوەپاڵەیی و هەورامی و موکری، بێجگە لە بوونی جوولەکە لە کوردستان و دواتریش مەسیحییەکان. ئەو ئاورگەگەلەش کە لە ئێراندا دۆزراونەتەوە و ماون، ١٨– ئاورگەیە کە نزیک بە ١٦– ئاورگەی لەناو خاکی کوردستاندا هەڵکەوتوون.

یارسانەکان، کە لە تورکیا و سوریا بە عەلەوی و لە ئازەربایجان بە قزڵباش و گوورانلەر و، لە ئێراق بە یەزیدی و کاکەیی و لە ئێران بە ئەهلی حەق و... هید نێویان دێن، هەر هەموویان پاشماوەی ئۆلی زەردەشتن و دەگەڕێنەوە بۆ ئۆلی میتراپەرستی، زمانەکەشیان لە کۆندا پاڵەیی و هەورامی بووە، کە عەرەب بە فەهلەوی نێوی دێن و فارسیش بە (پهلوی)، کە لە بنەڕەتدا هەر ئەم (کەڵوڕی)یەی ئەمڕۆیە. لە کارنامەی ئەردەشێری پاپەکانیشدا ئاماژە بە مووزیکەکەیان کە هۆرەیە کراوە، بەڵام بە نێوی (لەحن اورامن)، کە ئەمڕۆ بەداخەوە ئەم لەحن ئەورامەنە هێشتا ساغ نەکراوەتەوە کە هۆرەیە یان سیاچەمانە؟! ساسانییەکان خۆیان یارسان بوونە و لە بارەگای خۆیاندا بە هەورامی قسەیان کردووە، بەڵام کەڵوڕی زمانی ئۆلەکەیان بووە لە کۆندا. یارسانەکان هەر موغەکانی سەردەمی ماد بوونە کە دوای بەزین و کەوتنی مادەکان بە دەستی هەخامەنشییەکان، دژی هەخامەنشییەکان شۆڕشیان هەڵگیرساندووە و شۆڕشەکەیان بە دەستی ئەوان تێدا چووە. دوور نییە وشەی یارسان بە واتای (یاری ساسان) یان (یاری ساسانییەکان)، یان یاری (سان) بەواتای (سوڵتان)، بووبێ، کە دەبێتە سوڵتانی ساسانییەکان. چونکە ئەوەی لە مێژوو بزانێ ساسانییەکان دواین تیرەی یارسانن کە پەرچەیان لە

ئۆلی یارسـان کـردووە و لە سـەردەمی ئەوانیشـدا بوو کە ئەم ئۆلە کـەوتووەتە بەر هێرشی گەورەی لەناوچوون، بە دەستی عەرەب.

سـرِ حـەق زانۆ، سـرِ حـەق زانۆ
داخم پەی کـەسێ سرِ حـەق زانۆ
بەڵام ئـەو سـرِە پەی کـەس نـەوانۆ
تا رۆژ ئـەلەست ئەو سـرِە مـانۆ!

هۆنراوەی دەفتەری (کەلام)ی یارسانەکان.

لە کـۆپـەڕی (المسـالک و الممـالک)دا، کـە سـاڵی ٨٤٦ ی زاینی نووسـراوە، هـاتووە: لـە ناوچـەی شــووانکارەدا چوار هـۆزی گــەورەی کــورد ژیاون، بـە نێوەکانی: هۆزی بازرگان، هۆزی ئـەردامی، هۆزی گۆریا، هـۆزی سواران. کە زۆر کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ پێش لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح. من پێم وایە ئەم نێوی گۆریا (گۆران)ە و ئەردامی کوڕی جووانا، (هەورامی)یە و بازرگان (بەرزنجی)یە و هۆزی سوارانیش کەڵوڕن. سەیر مینا لە بەشی کچان بکەن.

پاڵە:

پاڵە: ١- رەنجبـەر، پاڵە، سـەپان؛ ٢- پـەڵە دەخـڵی نەدووراو؛ ٣- مـرۆڤی زۆردار و بەهێز؛ ٤- داری کە دەخرێتە بن کاریتەوە؛ ٥- فـەرمـانبـەری شـار؛ ٦- پاڵە: شاری ئەو کوردانەی کە لە کۆندا سەر بە ئۆلی زەردەشتی بوونە؛ ٧- شاری گاوران؛ ٨- دەربار و دیوەخانی گەورەپیاوان؛ ٩ نێوی کۆنی دیالێکتی کەڵوڕی کە لە ئێراندا فارسەکان بە هەڵە پێی دەبێژن: زبان پهلوی (فارسی میانە) لە راستیدا زوانی کوردەکانی باشووری ئێرانە، هەرچەند ئەم زاراوەیە ئەشکانییـەکـان و سـاسـانییـەکان بەکـاریان هێناوە و قـسـەیان پـێ کـردووە؛ وشەی (پالەوی)، زاراوەی ئەو کوردانەن کە بـە زاراوەی (کەلهوڕی) و (فـەیلی) و (لەکی) قـسـە دەکـەن و لە وشـەی (پاڵە) وەرگیـراوە؛ (فـەیلی)ش لـە بنەڕەتدا (پالەوی) بووە و عـەرەب ئەم وشەیەی گۆڕیوە بۆ (فەهەلەوی) و دواتر بووە بە فەیلی!؛ دوکتۆر موعین لە وشەدانەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە.

بڕوانە ئەو هۆنراوەیەی فردۆسی لە بنەوە کە فارسییە! لە فەرهەنگی فارسیی عەمیددا هاتووە کە: پاڵە یان پەهلە، واتە: پارت و قەومی فارس و پاڵەوان و دلێر و جەنگاوەر و زۆری تر و لەوێش هۆنراوەیەکی فردۆسی بە نموونە هێناوەتەوە کە دەڵێ:

گزین کرد ازان نامداران سوار
دلیـــــران جنگی ده و دوهزار
هم از پهلوی، پارس، کوچ و بلوچ
ز گیلان جنگی و دشت و سروچ

واتە: لەو سوارە نێودارانەیان هەڵبژارد،
لەو دلێرە شەڕکارانە، دوازدە هەزار،
هەم پالەوی و هەم پارت و کۆچەر و بەلووچ،
لە گێلانی شەڕکەر و دەشتییەکان و سرووچ!

مەبەستی فردۆسی لە پەهلەوی (پالەوی) لێرەدا فارس نییە و بەڵکو کوردە چونکە بە کوردی کەڵوڕی ئەو سەردەمەیان گوتووە پاڵە و پاڵەوان، پالەویش ئەو کوردانە دەگرێتەوە وا بە زاراوەی کەڵوڕی قسەیان کردووە و داگری شارەکانی ئیلام و بەدرە و جەسان و کووت و عەمارە و تەنانەت کرماشانیشە! ڕەنگە هەموو کوردیش بێ، چونکە زمانی سەردەمی ساسانی و تەنانەت ئەشکانی و... هتدیش پالەوی بووە. بۆ نموونە چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی هەر بەو زاراوەیە دانراوە و دواتر لەلایەن عەرەبەوە کراوە بە: فەهلەویات! بەڕاستی خەڵکی فارس دەبێ ئەوە بزانن کە (زبان پهلوی) کە فارس بانگەشەی بۆ دەکا و بە فارسی دادەنێ، فارسی نییە و یەکێ لە زاراوە کۆنەکانی زمانی کوردییە و بە زاراوەی کەڵوڕی ناسراوە. بڕوانە بۆ فەیلی.

بەیتاس

بەیتاس، گوندێکە لە ٥٠ کیلۆمیتری شاری مەهاباد، کە ڕێگەی مەهاباد بۆ سەردەشت بەبەر ئەم گوندەدا تێ دەپەڕێ.

١- (بەت) لە زمـانـی مـادیدا واتە گـەورە و مـەزن، کـە هـەمـان وشـەی (بەد)ی پاشگری وشـەی (مـووبـەد)ە، کـە لە مـوو یان مـوغ و بەت پێک هـاتووە؛ ٢- مـوغ واتە بەرپرسـی ئۆلیی زەردەشـتـیـیـەکـان و بەد و بـەت و پەت و باد و پات، واتە گەورە و مەزن کـە بەسـەر یەکەوە، دەبێتە گەورەی زەردەشـتییان؛ (بەت) لەگەڵ وشـەی (بەیت)ی کوردی کە ریشـەکەی لە (پاد)ی ئاڤێسـتایی و (پۆیێت)ی لاتینی کـە هـەردووکیـان واتای شیعـریش دەدەن نزیکە و دوور نییە یەک ریشە بن. سەیری هۆنیا لە بەشی کچان بکەن.

ئاس لە زمـانی مـادیدا بە مانای مـەڵبـەندە، کە ستێن و سـتـان و ئوسـتـان و ئاسـتـان، هـەر لەو ریشـەیەن. لە زمانی پەهلـەویدا، ئەو وشـەیە بووەتە وستان. لە کـارنامـەی ئەردەشـێری پاپەکانیـشدا، شـارسـتێن، شـتـەروسـتـان نووسـراوە. بەیتاس کە لە بنچینەدا بەتئاس بووە، واتە مەڵبەندی گاوران.

لە کـوردسـتـان ئـاوایی دیکەشـمـان هـەنە کـە پاشـگرەکـەی (ئاس)ە وەکـو: سوێناس لە مـەڵبەندی گەورکی مەهاباد، کە سوێئاس بووە بەمانای مـەڵبـەندی نوور؛ هـەروەهـا نەلاس لەلای سـەردەشت کە وێ دەچێ نێڵئاس بووبێ کە واتای مەڵبەندی ئاور دەدا. بڕوانە بۆ گۆران.

دهی است در ٥٠ کیلومـتری شـهر مـهاباد کە راه مـهاباد بە سـردشت از آنجا می گزرد.

سـەیری ماژ بکەن.

ماژ:

مـاژ، وا دەردەکـەوێ وشـەی مـاژ و مـاد و مـاج پێکەوە یـەک ریشـە بن، یان ئەوەی کە گۆڕانیان بەسـەردا هـاتبێ، چونکە لە کوردیدا وشە جێگۆڕکێ دەکا و جێگەی سـەرسـووڕمـانیش نییـە. لـە سـەرەتای ئیسـلامـەوە عـەرەب رژاونەتە وڵاتمان و بوونەتە ئاغـا لە سـەرمـان و زمانیـان وەبرەو کەوتووە. عـەرەب نازانێ (ژ) بڵێ و دەیکاتە (زێ)، یان دەیگۆڕێتـەوە بە (جیم). ماجیان لێ کردووین بە مــاز و (ژن و مــاژ و مــاژەندەران و مــاژیار)یان کــردووە بە (زن و مــاز و

مازەندەران و مازیار). بۆ نموونە: چیای (مازێ)ش هەر ماژێ بووە. بە بڕوای مەلا جەمیلیش کە لەم وشەیەی بە وردی تۆژیوەتەوە، کورمانج و کورماد هەر یەکن کە ئەم قسەش بەڕاستی جێی سەرنجدانە. بە شایەتی مێژوونووسانی رابردوو ماد کورد بوونە و پایتەختیان هەمەدان بووە. کەوابوو کوردماج یا ماژ یان ماد، لە مانادا دەبێتە ماژەئازاکە؛ جا ئەگەر لە هەندێک شوێنی کوردستاندا لە جێی کوردمانج دەڵێن: کرمانج و نوونێکی سووک لە سەر زمانان کەوتووەتە ناو ما و جیمەکە، کار هەڵناوەشێتەوە. زۆرجار لە زۆر هاتوچۆکردنی وشە بە سەر زمانی گەلەوە، کەمبوون و زیادبوون روو ئەدات و هەندێک جار دوو لەتە وشەش پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن. چەند هۆزێک بە نێوی مەنگوڕ لە دەوری چیای هەکاری لە کوردستانی بەردەستی تورکان و لەلای رووگەی مەڵبەندی شاری مەهابادی کوردستانی سەر بە ئێران هەر ئێستێ هەن کە (مانگ کوڕن). (ماج گوڕ)یش زوو دەبێتە مانگ گوڕ، چونکە هەر کورمانجەکەی پێشووە، لەتە وشە جێگۆڕکێیان کردووە. ئەگەر ئەم بیروڕایەم لێ وەربگرن، دەبێ بیریش لە کرماشان و کرمانیش بکەینەوە، بەئاشکرا (کورمانجان) و (کورما) یان (کورمانج) خۆ دەنوێنن. خۆ ئەگەر کورد؛ کورتەکەی ئاشوورییش نەبێ، دەکرێ (کوڕ) بێ و دەبێتە (کوڕی ماج) یا (ماج) کە (مانج) و (مانج)ەکەش (ماژە) و (ماژ)یش قەویلەی زەردەشتە.

بەسەر زێوارەی ئەستێودان (دخمە)ی ئەو ئەشکەوتەی کە لە چەمی رەزان هەڵکەوتووە، وێنەی هەتاوێک وا بەسەربەرانی ئەشکەوتەکەوە کە نیشانەی ئەو دەبانانەن کە وان بە دەوری هەتاوی سەر ئەشکەوتەکەوە، چونکە زەردەشت دیاریکردنی تەمەنی جیهانی بە ١٢ هەزار ساڵ زانیوە و هەرکام لەو دەبانگەلەش نیشانەی ئەو ١٠٠٠ ساڵەیە.

***

ئەم پەراوێزانە هی بەشی یەهوودییەکانە:

بنلاپەڕی:


١- توضیح الملل، ج ١، ص ٢٩٧.

٢- عهد عتیق، سفر خروج، فصل ٢٠.

٣- معرفی کتب آسمانی، ص ٨٠؛ تاریخ ادیان و مذاهب جهان، مبلغی، ج ٢، ص ٥٩٠ و ,٥٨٩

٤- جان . بی . زاس، تاریخ جامع ادیان، ص ٤٩٦ و ,٤٩٧

٥- گنجینه ای از تلمود، ص ,٩٨

٦- همان، ص ١٠٢ و ,١٠٣

٧- همان، ص ,١١٥

٨- همان، ص ,١٨٥

٩- همان، ص ,١٨٥

١٠- همان ، ص ,١٨٢

١١- همان، ص ,١٨٤

١٢- همان، ص ,١٨٦

١٣- همان، ص ,٢٠٠

ناوی ئەو کۆپەڕ و سەرچاوەگەلەی کە کەڵکم لێ وەرگرتوون:
١- دکتر محمد جواد مشکور، مێژووی ئێران لە چاخی دێریندا، زێدی زەردەشت، چاپی چوارەم، تاران سالی ١٣٦٣ هەتاوی.
٢- دکتر عبدالحسین زرین کوب، مێژووی ئێران لە دوای ئیسلام، تاران ساڵی ١٣٤٣
٣- دکتر گلمراد مرادی، روانینێکی خێرا لە مێژوو و فەلسەفەی یارسان، سوید، ١٩٩٩ زاینی.
٤- ابوریحان بیرونی، مااللهند، وەرگێڕانی بەشێک لە کۆپەڕەکە، فەلسەفەی هیندی دێرین، لەلایەن اکبر دانا سرشت، چاپی سێهەم امیر کبیر، تاران ساڵی ١٣٦٣
٥- دکتر بهرام فرەوشی، یەسنا بەشی یەکەم و دووەم، گزارش پورداود، زانکۆی تاران، چاپی دووەم، تاران ٢٥٣٦ بەرانبەر بە ١٣٥٦ هەتاوی.
٦- بهمن آرمیتی، ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا سوید ستۆکۆڵم، ١٩٩٧
٧- ع. پاشائی، بوودا، ئۆل، ئەنجومەن، چاپی پێنجەم، تاران ساڵی ١٣٧٤
٨- داریوش شایگان، ئۆل و رێبازە فەلسەفییەکانی هند، بەرگی یەکەم و دووەم، امیر کبیر، تاران ١٣٦٢
٩- ئینجیلی چاخی کۆن و چاخی نوێ بە زمانی فارسی، وەرگێڕاو لە زمانە بنەڕەتییەکانی عیبرانی و کلدانی و یۆنانی ١٩٧٣ زاینی
١٠- قورعانی مەجید، وەرگێڕاو لە فارسییەوە، الهی قومشەیی هاوڕێ لەگەڵ دەقە عەرەبییەکەی، انتشارات کتابخانە سنائی و دارالقرآن الکریم (نزیک لە پەنجا ساڵ لە چاپی تێپەڕ دەبێ)
١١- مێژووی رێبازی زەردەشت، بەرگی یەکەم، ماری بۆیس خانم، وەرگێڕان همایون صنعتی زادە، تاران ١٣٧٤ هەتاوی بەرانبەر ١٩٩٥ زاینی
١٢- فرهنگ دهخدا، بەرگەکانی ٣٧، ٤٥، ٤٦ ... هتد.
١٣- فەرهەنگ الهیات لە ئینتەرنێتدا
١٤- دکتر اسدالله مبشری، وەرگێڕی بنەماکانی مەسیحییەت، کتابسرای بابل چاپی دووەم، مشهد ١٣٦٦
١٥- اریک فروم، وەرگێڕ منصور گودرزی، دەمارگرژیی مەسیحی و تۆژینەوە لە

ئۆلدا، دەروونناسی و فەرهەنگ، انتشارات مروارید، چاپی یەکەم، تاران ١٣٧٨

Brockhaus Deutsche, Bände 3, 8, 9, 10 u.s.w.16

17.Klaus Müller, Studien zu kultur Kunde Islamischer" Sek tengebilde in Vorderasien, Wiesbaden 1967

18. Mirza Bashir-Din Mahmud Ahmad, Ahmadiyyat or the True Islam, Second Published 1937, Qadian (Punjab) India

19. Helmuth von Glasenapp, Die nichtchristlichen Religionen, Fischer 17 Bücherei, Frankfurt am Main 1957

٢٠- ج. مفرد، راپۆرتی زێدی زەردەشت و مێژووی چیرۆکەکانی ئێران، چاپی یەکەم ١٣٦٩ (١٩٩٠) زاینی، سوید، ستۆکهۆڵم

٢١- ایلیا پاولویچ پطروشفسکی، ئیسلام لە ئێراندا، وەرگێڕانی (کریم کشاورز) ١٣٥٠ و چاپی حەوتەم ١٣٦٣ هەتاوی، (انتشارات پیام تاران)، ئێران

٢٢- رودیگر اشمیت، "نێوی زەردەشت". زانستنامەی ئێرانیکا (ئینگلیزی) و "دەرکەوتنی ئێران" - گوتاری دووەم.

٢٣- Schlerath , pp. -. وەرگیراو لە ویکی پیدیای ئینتەرنێت.

٢٤- احسان طبری، برێ لێکدانەوە، لێکۆڵینەوە لەمەڕ جیهانبینییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا، لاپەڕەی ١١٧ چاپی ئاوا ١٣٥٨ هەتاوی.

٢٥- مهدیزادە کابلی، درۆی گەورە، چاپی دووەم - ، گێڕانەوە لە: گاتاکان، هۆنراوەی سیام، بەندەکانی دووەم و سێیەم

٢٦- دکتر فرهنگ مهر، دیتنێکی نوێ لە ئۆلی دێرین (فەلسەفەی زەردەشت)

٢٧- جلیل دوستخواه، اوستا، نامە مینوی آیین زرتشت، انتشارات مروارید، تاران چاپ ششم، ١٣٦٦

٢٨- ر. گیرشمن، ئێران لە دەسپێکەوە تائیسلام، وەرگێڕانی محمد معین، انتشارات زانستی و فەرهەنگی، چاپی پێنجەم، ساڵی ١٣٦٤

٢٩- مرتضی راوندی، مێژووی کۆمەڵایەتیی ئێران بەرگی سێیەم، مؤسسە انتشارات امیرکبیر، تاران ١٣٥٧

٣٠- دکتر عبدالحسین زرین کوب، بایەخی کەلەپووری صوفییە

رۆژژمێری سەرهەڵدانی فەرهەنگ و ئۆل لە تێپەڕبوونی دەماندا

٣٠٠٠ سال پیش از میلاد: دەسپێکی شارستانییەتی، میسری، سۆمەری و چینییەکان.

٢٥٠٠ ساڵ بەرلە زاین: شارستانییەتی هندییەکان، بەر لە هاتنی ئارییەکان بۆ هندستان

١٥٠٠ ساڵ بەر لە زاین: کۆچی ئارییەکان بۆ هندستان

١٢٥٠ ساڵ بەر لە زاین: ئیسراییلییەکان میسر و مووسا پەیامبەری یەهوود

٨٠٠ ساڵ بەر لە زاین: کۆنترین فەلسەفەی ئۆلی لە هندستان (ئوپانیشادن)

٧٦٠ ساڵ بەر لە زاین سەرەتای کاریگەریی پەیامبەرە ئیسرایلییەکان

٦٥٠ ساڵ بەر لە زاین: زەردەشت و زەردەشتییەکان (مێژووی وردی سەرهەڵدانی زەردەشتییان لە نێوان ١٢٠٠ ساڵ تا ٦٠٠ ساڵ پێش لە زاین داناوە کە جێگەی لێدوانی زانستوەرەکانە.

٥٤٥–٦٢٥ی بەر لە زاین: تالس فۆن میلت، یەکەمین فەیلەسووفی سروشتزانی یۆنانی کە تاوگیرانی ساڵی ٥٨٥ بەر لە زاینی پێشبێژی کردووە.

٤٨٠–٥٦٠ی بەر لە زاین: گاوتاما بودا

٤٧٩–٥٥١ی بەر لە زاین: کۆنفۆسیووس تۆزێ بەر لەو یان دوای ئەو لائۆتسە

٤٦٧–٥٣٩ی بەر لە زاین: مەهاویرا، تیرتانکارای جایناس (نێوی هندین)

٣٤٧–٤٢٧ی بەر لە زاین: ئەفلاتوون (پلاتوون) فەیلەسووفی یۆنانی

٢٣١–٢٧٣ی بەر لە زاین: ئاشۆکا قەیسەر (هند) پشتیوان و پاڵپشتی بوودا.

٠ ساڵ زاینی عیسای مەسیح

٦٧ میلادی: لەوانەیە سەرەتای کاریگەریی ئۆلی بوودا لە چین

١٥٠ زاینی: ناگارجونا، پێشەنگی خەباتگێڕانی ماهایانای بوودایی لە هندستان

٥٥٢ زاینی: سەرەتای هاتنی ئۆلی بوودا بۆ ژاپۆن

٦٢٢ میلادی: چوونی محەمەد (د. خ) پەیامبەری ئیسلام لە مەکەوە بۆ مەدینە

له ٦٣٦ زاینی: هێرش و سەرکەوتنی هێزەکانی ئیسلام بەسەر ئێران و سوریا و میسردا

له ٦٤٢ زاینی: دەسپێکی هاتنی ئۆلی بوودایی بۆ تەبەت له ساڵی ٨٠٠ زاینی: شانکارا، فەیلەسووف له ویدانتا و چاکسازیخوازی ئۆلی هندووئیزم

١٢٠٠-١١٣٠ زاینی: جو چی، چاکسازیکاری فەلسەف کۆنفۆسیۆیئیزم

١١٩٣ زاینی: سەرکەوتنی هێزەکانی ئیسلام بەسەر بیهار (هندوستان) و کۆتاییی دەسەڵاتی بوودایی لەو وڵاتەدا

١٥٣٩-١٤٦٩ زاینی ناناک، دامەزرێنەری ئۆلی سیک

١٤٩٢- زاینی سەرەتای هاتنی جارڕدەرەکانی مەسیحییەت بۆ کیشوەری ئەمریکا

١٦٠٥-١٥٤٢ زاینی: اکبر، رابەرێک و قەیسەرێکی (نەرمی نوێنی) مەغۆل له هندستان

١٧٨٨ زاینی: سەرەتای بانگەوازی ئۆلی مەسیحییەت له ئوستراليا

١٨٢٨ زاینی: راموهان روی باوکی شارستانیەت و نوێکردنەوه له هندستان و دامەزرێنەری یەکسانکردنی گرووپی شیاوی چاکسازیی ئۆلی ساماج بەرەهمایی

١٨٥٠ زاینی: لەداردانی عەلی محەمەد باب، دامەرزێنەری ئۆلی بابیخوازی کە سەرەتای بەهاییخوازی بوو له ئێران

١٩٢٤ زاینی: دامەزرێنەری کائۆدیسزم له هند و چین

ئەم رۆژمێری ئۆلگەلە، له کۆپەڕی ئۆله نامەسیحییەکان، بە زمانی ئاڵمانی، نووسینی پرۆفیسۆر دوکتۆر هێلموت فون گلاسناپ، ل ٣٠١، ساڵی بڵاوبوونەتەوە، ١٩٥٧، وەرگیراوە و لەوان نووسەری ئەم کۆپەڕەوە بە زیادکردنی چەند دێرێک، کە لێرەدا تاپۆ کراوە.